

**عەمید دلێر نەجات نەجارِ بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر:**

## ٩١٪ی تاوانبارانی بکوژ ئاشکرا کراون و دراونەتە دادگا و سزای خۆیان وەرگرتووە

# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٥٢)- (٦)ی شوباتی ٢٠٢٣

## سزادانی هەرێمی کوردستان لەلایەن دادگای بەناو فیدراڵییەوە

# پووچەڵکردنەوەی فیدراڵی و جێبەجێکردنی ئەجیندەی دەرەکییە

**دکتۆر بەشیر حەداد:**

دەبێت بە هەماهەنگی لە نێوان بەغدا و هەولێر یاسای نەوت و گازی فیدراڵی لە پەرلەمانی عێراق پەسەند بکرێت

**دڵشاد میران:**

سەرۆك بارزانی وەکو مەرجەعی کوردستان لە پێشێلکردنی مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان بێدەنگ نابێت






# دیدار لەگەڵ سلێمان دیمیرێل سەرۆک کۆماری تورکیا

## ٥٣


ڕۆژی ١٥ی حوزەیرانی ١٩٩٣، لەگەڵ کاک موحسین دزەیی گەیشتینە ئیستانبوڵ، بۆ سەرەخۆشیکردن لە سەمرەخانی هاوسەری خوالێخۆشبوو تۆرگوت ئۆزاڵ سەردانی ماڵەکەیمان کرد و پرسە و سەرەخۆشیی خۆم پێ ڕاگەیاند. دواتر لە ئیستانبوڵ چاومان بە سلێمان دیمیرێل، سەرۆکی تورکیا کەوت، لە کۆبوونەوەکەدا دیمیرێل ئەم خاڵانەی خستە بەرباس و گفتوگۆوە:

- ئومێدێکی زۆر و گەورەمان بە مەسعود بارزانی هەیە کە پێکەوە هەوڵ بدرێت بۆ ئەوەی شەڕی حکوومەت و پەکەکە نەبێتە شەڕی کورد و تورک.
- مومکین نییە تورکیا ڕێگا بدات جارێکی تر هەڵەبجەیەکی تر دووبارە بێتەوە.
- تورکیا ئامادەیە هاوکاریی هەرێمی کوردستان بکات لە ڕووی ئابوورییەوە و ڕاپۆرتی ئەو لێژنە ئابوورییەی ڕەوانەی هەرێم کرابوو لەسەر مێزە و دەست بە جێبەجێکردنی دەکرێت.
- لە ئەگەری وازهێنانی هاوپەیمانان لە پاراستنی کورد، تورکیا ئەرکەکە دەگرێتە ئەستۆ.

دواتر چاومان بە حیکمەت چەتین، وەزیری دەرەوەی تورکیا کەوت. لە دیدارەکەدا ناوبراو گرنگیی بەرەو پێشەوەبردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی دووپات کردەوە. هەروەها گوتیشی کە بەتەنیا لەگەڵ وارن کریستۆفەر[1] وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا باسی بارودۆخەکەی کردووە و پێی ڕاگەیاندووە پێویستە کارێک دژی سەددام بکرێت، چونکە نابێت و ناکرێت ئەم بارودۆخە بەم شێوەیە بەردەوام بێت.

---

(١) وارن کریستوفەر، دیپلۆمات و سیاسەتمەداری دیموکراتی ئەمەریکی. لەسەردەمی سەرۆک کلینتون لە ١٩٩٣ هەتا ١٩٩٧ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بوو.



## ماستەرنامەیەک لەبارەی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان (١٩٧٦-١٩٩١)

ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان (١٩٧٦-١٩٩١) توێژینەوەیەکی مێژووییە و ماستەرنامەی توێژەر (هۆگر بەهادین)ـە، یەکەمین توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمییە لەبارەی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٦-١٩٩١). ئەم ماوەیە، بە ماوەیەکی گرنگ لە مێژووی «پارتی دیموکراتی کوردستان» دادەنرێت، دەیان گۆڤار و ڕۆژنامە لەو ماوەیەدا دەرچووە. ئەمە سەرەڕای بوونی ڕادیۆی دەنگی کوردستان، کە لەو زەمەنەدا بە گرنگترین و خێراترین هۆکاری ڕاگەیاندن دادەنرا. توێژەر وردەکاری لەسەر بایەخدانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ڕاگەیاندن کردووە، بەتایبەت لە قۆناغی خەباتی شۆڕشگێڕیدا، کە ڕاگەیاندنی بە ئامرازێکی گرنگی سەرخستنی شۆڕش بینیوە.

دەتوانین بڵێین ئەمە یەکەمین توێژینەوەی ئەکادیمی مێژووییە لەسەر ڕاگەیاندنی پارتی کرابێت، لەبارەی ساڵانی ١٩٧٦-١٩٩١. ڕاگەیاندنی پارتی ڕەنگدانەوەی بیر و بۆچوونی پارتەکەیەتی، بۆیە دەکرێت سەرەڕای تێگەیشتن لە بارودۆخی سیاسیی و سەربازی کوردستان، لە بیر و بۆچوونەکانی پارتی تێبگەین دەربارەی ئەو دۆخە تازەیەی کە پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە کوردستان هاتبووە ئاراوە.

توێژینەوەکە لە پێشەکی و دەروازە و سێ بەشی سەرەکی و دەرئەنجام پێکدێت، ئەمە سەرەڕای بوونی ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆ، دەروازەی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ پاشخانی مێژووی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ماوەی ساڵانی (١٩٤٦-١٩٧٥).

ناونیشانی بەشی یەکەمی توێژینەوەکە بریتییە لە (بەشی ڕاگەیاندن لە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان) و کە سێ تەوەری گرنگ لەخۆ دەگرێت. بەشی دووەمی توێژینەوەکە بە ناونیشانی (ڕۆژنامەگەریی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٧٦-١٩٩١)یش سێ تەوەر لەخۆ دەگرێت. ناونیشانی بەشی سێیەمی توێژینەوەکەش بریتییە لە (ڕەنگدانەوەی ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکان لە ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان)، ئەم بەشە هاوشێوەی دوو بەشەکەی دیکە دابەشی سەر سێ تەوەری سەرەکی کراوە، لە کۆتاییشدا بە چەندین خاڵ، کۆمەڵێك ئەنجامی گرنگی توێژینەوەکەی خستووەتەڕوو.



# چاپکراوی نوێ




(بیست و چوار کاتژمێر لە ژیانی ژنێکدا) ناونیشانی ڕۆمانێکە لە نووسینی (ستیڤان زڤایغ) و (بەهزاد حەوێزی) لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، لە دووتوێی کتێبێکی (١٥٢) لاپەڕەدا چاپکراوە.

ئەو ڕۆمانە باس لە پەیوەندیی نێوان ئافرەتێکی بەساڵاچوو و گەنجێک دەکات، پاڵەوانی ڕۆمانەکە خاتوو (س) بێوەژنێکی ئینگلیزی بەساڵاچوو، قەشەنگ و بە ئەزموونە، جا چیرۆکەکە لە دەمی بێوەژنەکەوە دەگێڕدرێتەوە، کە لە یانەیەکی قومارخانەدایە و دیمەنی خەڵکەکە و یاریکەرەکان و یاریی ڕۆڵێت و جووڵەی دەستەکانیان دەخاتە ڕوو، ئافرەتەکە لەوێدا گەنجێکی پۆڵۆنیایی دەبینێت، کە لەڕادبەدەر بە کەسایەتی و بزاوتی دەستەکانی و چۆنیەتی یاریکردنی تاد.. سەرسام دەبێت.

بەڵام گەنجەکە دووچاری داڕمان و دۆڕان دەبێت، بۆیە ئافرەتەکە گرێی دڵی خۆی بۆ دەکاتەوە و دوای چەند دیدارێک، ئینجا بەیەکەوە ڕوو لە هۆتێلێک دەکەن و ژوورێک دەگرن.

ئەو پەیوەندییە سەرکێشانە و لە دووڕیانی خۆشەویستی و لایەنی مرۆڤایەتی و بەزەییدایە، بیرۆکەی پەیوەندییەکە ڕێکەوت و سەرمەستی و سۆزداریی و شێتایەتیی شەیتانیی دوو بوونەوەری گومناوە، ئافرەتێکی مەیلداری پێگەیشتوو و گەنجێکی قومارچیی دۆڕاو.

دواجار ئافرەتەکە داوا لە گەنجەکە دەکات واز لە قومارکردن بهێنێت، بەڵام بێسوود دەبێت، ئینجا ئافرەتەکە دەگەڕێتەوە وڵاتی خۆی و لە دەرفەتێکدا بە هەواڵی خۆکوشتنی گەنجەکە دەزانێت، بەڵام بێ ئەوەی نیگەران بێت!.

نووسەر ئەو ڕۆمانەی لە ساڵی (١٩١٩) لە سالزبۆرگ نووسیوە، گۆرکی لەبارەیەوە دەڵێت: (پێم وا نییە پێشتر چ کتێبێکم بەو فۆرمە قووڵە خوێندبێتەوە).

نەخشەسازیی ناوەڕۆك و بەرگی ئەم کتێبە لەلایەن هاوکارمان (شاخەوان جەعفەر) ئەنجامدراوە. دەستخۆشی لە (بەهزاد حەوێزی)ی وەرگێڕی ئەم ڕۆمانە دەکەین و لە چاوەڕوانیی بەرهەمی زیاتر.

# چاپکراوی نوێ




لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی کوردستان دیالۆگ کتێبی (ئێما کۆمولکوژییەکەی دێرسیمم بینی) لە نووسینی (حسێن یلدرم) و وەرگێڕانی (کاوە ئەمین) بە بەرگێکی قەشەنگ و لە دووتوێی (١٨٠) لاپەڕە کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە و کتێبخانەی کوردیی پێ دەوڵەمەند بوو.

بەسەرهاتەکانی نێو ئەم کتێبە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەیە کە لە کۆمەڵکوژیی دێرسم(١٩٣٧-١٩٣٨) لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە ئەنجامدراوە. ئیما وەکو شایەتحاڵێکی زیندووە ئەوەی بە چاوی خۆی بینیویەتی و بیستوویەتی بۆ پارێزەر حسێن یلدرم دەگێڕێتەوە، ئەگەر چی گێڕانەوەکە شێوەی ڕۆمانێکی وەرگرتووە، بەڵام نووسەر بە ئەمانەتەوە ڕووداوەکانی نووسیوەتەوە و هێندە وردە لە گێڕانەوەکاندا ناو و پاشناوی کەسایەتییەکان و تەنانەت ناوی سەگەکەی ئیماشی وەکو خۆی تۆمارکردووە، بەڵێ ئەمە گێڕانەوەیەکی تراژیدییە، تێیدا باسی هەرێمێك دەکات کە بە (دەرگای زیوینی) باکووری کوردستان ناو دەبرێت، دێرسیم.

وەرگێڕی کتێبەکە(کاوە ئەمین) ئاماژە بەوە دەکات کە نووسەری ئەم کتێبە خۆی پارێزەرێکی ناوداری تورکیا و باکووری کوردستانە، بە شێوەیەکی وا جوان بەسەرهاتە ڕاستەقینەکەی دارشتۆتەوە، کە بە گوتەی ئەو، تەنیا دەرهێنەرێکی سینەمایی بەتوانا دەرەقەتی ئەوە دێت، شاکارێکی وا بێنێتە بەرهەم، دەشڵێت: خۆزگە دەرهێنەرێکی کارامەی سینەمایی لەناو کورددا هەبێت، ئەم بەسەرهاتە تراژیدییە بکاتە فیلمێکی سینەمایی و پیشانی هەموو جیهانی بدات، ڕوونی بکاتەوە کە لە وڵاتی ئێمەدا چی ڕوویداوە، کە هەر خوا بۆ خۆی دەزانێت چۆن بەرگەی ئەو هەموو نادادی و کارە نامرۆڤایەتییەکانی داگیرکارانی کوردستانمان گرتووە.

دەستخۆشی لە وەرگێڕ و نووسەر(کاوە ئەمین) دەکەین کە توانیویەتی ئەم شاکارە بەم زمانە کوردییە سادەو پاراوە بۆ خوێنەران وەربگێڕێت و لەم کتێبەدا ڕووداوەکان بەرجەستە بکات.





■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**
**کارزان کانەبی**
**رێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان رەشیدی**

■ وێنەگر:
**کەمال ئاکرەیی**


**بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***


## رۆمیۆ هەکاری :




**جەنابی سەرۆک بارزانی ڕۆڵێکی سەرەکی و گرنگی دیت بۆ ئەوەی پێکهاتەکان مافەکانیان لە چوارچێوەی دەستووری عێراق دابین بکرێت**

## د. فازڵ نەبی :




**عێراق لە دۆخێکی پشێوی دارایی و ئاودیوکردنی دۆلاردایە و چاوەڕوان ناکرێت بەم نزیکانە بەهای دینار جێگیر ببێتەوە**

## د. عەبدوڵلا شێرکاوەیی




**ئەوەی دادگای فیدراڵی عێراق دەرهەق بە گەلی کورد دەیکات، تاوانە نەک بڕیاری یاسایی و دەستوری**

## پ. د.کامەران ساڵحی



**بۆ حزبە کوردستانییەکان.. بەڕێزان وریا بن!**
**بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی ساغڵەم تەنیا بە هیوا و دروشم نایەتە دی**

## پرۆفیسۆربرانتلی وۆماک :



**پوتین لە دۆخێکدایە نە دەتوانێت پێشڕەوی بکات و نە پاشەکشە**

مەلا مەحموودی تاوەگۆزی :



پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوان ئایین و ئایینزاکان نموونەیەکی جوانی میانڕۆیی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە لە کوردستاندا

خەیاڵ حەمە :

چەندین تیپ دەبینین هەڵدەوەشێنەوە زۆری هۆکارەکەی یەکێتیی باڵەیە



دلیڤان خان:

زۆربەی خانمان حەز بە نەشتەرگەریی جوانکاری دەکەن




ئایا ڤاکسینی کۆڤید دەبێتە ساڵانە؟




کامێرای دەشبۆرد سەرپێچییەکان تۆمار دەکات




لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ تا ئێستا بە بڕیاری دادگا ٣٥٦ هەزار دۆنم زەویی کورد لە کەرکووک بە عەرەبی هاوردە دراوە



پاڵێوراوانی خولی (٩٥)ەمینی خەڵاتەکانی ئۆسکار





ئابڵۆقەدان و سزادانی کورد لەلایەن دادگای فیدراڵییەوە

# پووچەڵکردنەوەی ناوەرۆکی سیستمی فیدراڵی و جێبەجێکردنی ئەجیندەی دەرەکییە





## دڵشاد میران

سیاسەتمەدار و دیپلۆماتکار
بۆ گوڵانی نووسیوە

دادگای بەناو فیدراڵی کە دادگایەکی نادەستووری و نایاساییە و بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق دانەمەزراوە، ئەم دادگا بەناو فیدراڵییە لەوەتەی هەیە لە دژی کورد زۆرترین بڕیاری دەر کردووە، لە کاتێکدا گەلی کورد لە ناو عێراقی نوێدا زۆرترین پێشێلکاری بەرانبەر کراوە و مافی لێ زەوت کراوە، دیارترینیان قەرەبوونەکردنەوەی ئەنفالەکان و جێبەجێنەکردنی ماددەی دەستووری ١٤٠ی ناوچە جێناکۆکەکان و پێدانی تەواوی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان و جووڵاندنی سوپا لە دژی خەڵکی مەدەنی و نەدانی پشکی هەرێم لە قەرزە نێودەوڵەتییەکان و سەدان کاری دیکەی دژ بە کوردە، ئەمە وێڕای ئەو هەموو پێشێلکارییە دەستووری و یاسایی و گەندەڵییەی کە لە خەرجیی سیادی و حاکیمە دەکرێت و پشکی هەرێمی کوردستانیشی تێدایە.

**سەرۆک مسعود بارزانی وەکو مەرجەعی کورد و کوردستان لە پێشێلکردنی مافە دەستووری و یاساییەکانی گەلی کوردستان بێدەنگ نابێت و، ئەزموونێکی دوور و درێژ و دەوڵەمەند و شەرەفمەندانەی هەیە لە بەرگریکردن لە مافی گەلی کورد**

ئەم بڕیارەی دواییشی بۆ ڕێگرتن لە ناردنی شایستە داراییەکانی هەردوو مانگی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ساڵی ڕابردووی ٢٠٢٢ کە بڕی ٤٠٠ ملیار دینار بوو، پێشێلکارییەکی دەستووریی دیکەی دادگاکە بوو، دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان و میللەتی کورد، ئەمەش هەمووی لە ژێر پاساوی بەناو جێبەجێکردنی دەستوور و یاسا و دادپەروەریدا ئەنجام دەدرێت، لە کاتێکدا دەستی دەرەکی و ئەجیندەی دژ بە کورد لە

**ئەم پرسە و چەندین دژایەتیکردنی دیکەی گەلی کورد لە ناوخۆی عێراق و وڵاتانی دەوروبەردا، تەنیا تەواوکردنی ئەو زنجیرە شەڕەی دژ بە کوردە کە وەکو ستراتیژیەتێکی درێژخایەنە لای دوژمنانی کورد و هەر سەردەمەو بە شێواز و پاساوێکی جیاجیا جێبەجێی دەکەن**



**هەر لەگەڵ بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی دژی یاسای نەوت و غاز و لەم دواییەش دژی ناردنی پشکی مانگانەی هەرێم، ڕاستەوخۆ مەسەلەی هێرشەکانی ئێران و هەڕەشەکانی سوپای پاسدارانیشی هاتووەتە سەر**

**لەم قۆناغەدا کە بە سەرۆکایەتیی سەرۆک بارزانی حکومەتێکی سەقامگیرمان هەیە، تەنیا چەکێک بە دەست بەغداوە ماوە، چەکی ئابووری و دژایەتیکردنی قووتی خەڵکی کوردستانە**

**زۆریشن ئەڵقە لە گوێی نەیارانی کورد کە ئامادەن بە پارە و دەستکەوتێکی کەم و تەنیا بە قین و ڕقێکی کۆن، گەورەترین ئازار و زیان بە گەلی کورد بگەیەنن**

**عێراق تا بینەقاقای لە گەندەڵیی سیاسی و مەزهەبی و فەرامۆشکردنی خزمەتگوزارییەکان و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری و هەژاریدا نوقمە**

ناو خودی عێراقی بەناو نوێ و ناوچەکەدا درێژەی هەیە و، بەداخیشەوە زۆر لە حزبە سیاسییەکانی ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق و چەندین کەسایەتیی ناو حکومەتی و پەرلەمانی عێراق بۆ پەردەپۆشکردنی کەموکورتی و گەندەڵییەکان، یان بۆ کڕینەوەی دەنگ و موزایەدەکردن ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پاڵپشتی بڕیارەکانی دادگای بەناو فیدراڵی دەکەن، ئەمەش دووبارەکردنەوەی سیناریۆکانی لێدانی کوردە بە ناپاڵم و بۆردومان و خاپوورکردنی خاکەکەی و کۆمەڵکوژیی ڕۆڵەکانی، بەڵام ئەم جارە لە بەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕاستەوخۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە قورسە، تەنیا بە ناچاری پەنا دەبەنە بەر دامەزراوە بە ناو تەشریعی و جێبەجێکارەکانی عێراق.

سەرۆك مسعود بارزانی وەکو مەرجەعی کورد و کوردستان لە پێشێلکردنی مافە دەستووری و یاساییەکانی گەلی کوردستان بێدەنگ نابێت و، ئەزموونێکی دوور و درێژ و دەوڵەمەند و شەرەفمەندانەی هەیە لە بەرگریکردن لە مافی گەلی کورد و کوردستان، ڕاستەوخۆش لە دوای دەرکردنی بڕیارە نادەستووری و نایاساییەکەی دادگای فیدراڵی فەرمووی مەسەلەکە تەنیا ٤٠٠ ملیار دینار نییە، بەڵکو نکۆڵیکردنە لەو ڕێککەوتنە سیاسییانەی کراون بۆ پێکهێنانی حکومەتەکەی سوودانی، بەڵێ، ئەم پرسە و چەندین دژایەتیکردنی دیکەی گەلی کورد لە ناوخۆی عێراق و وڵاتانی دەوروبەردا، تەنیا تەواوکردنی ئەو زنجیرە شەڕەی دژ بە کوردە کە وەکو ستراتیژیەتێکی درێژخایەنە لای دوژمنانی کورد و هەر سەردەمەو بە شێواز و پاساوێکی جیاجیا جێبەجێی دەکەن. ئەوەتا بۆ لێدانی ژێرخانی ئابووری و بژێویی تاکی کورد هەموو ڕێگەیەك دەگرنە بەر، هەر لە مووشەکبارانی ژێرخانەکەی تاوەکو گەمارۆ و ئابلۆقەدانی فرۆشتنی نەوت و گاز و تەنانەت ڕێگرتن لە بردنە دەرەوەی بەرهەمەکانی وەکو هێلکە و مریشك بۆ ناوچەکانی دیکەی عێراق...

لێرەدا بوار نییە باسی ئەو کۆمەڵکوژی و کوشتن و قاتوبڕییەی گەلی کورد بکەم، کە بە درێژایی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق بەرانبەر کورد کراوە، کە دواهەمینی کۆمەڵکوژی کوردانی ئێزیدی بوو، ڕووداوەکان یەکە و تەنیا کات و شوێن و شێوازەکەیی و پاساوەکەی لەگەڵ گۆڕانکاری و واقیعە نوێیەکەی ناوخۆ و ناوچەکە و جیهاندا دەگۆڕێت، ئەوەتا هەر لەگەڵ بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی دژی یاسای نەوت و غاز و لەم دواییەش دژی ناردنی پشکی مانگانەی هەرێم، ڕاستەوخۆ مەسەلەی هێرشەکانی ئێران و هەڕەشەکانی سوپای پاسدارانیشی هاتووەتە سەر، پیلان و مەرامی چەندین هێز و گرووپ و دەزگای ئەمنی و سیخوڕی دژ بە قەوارەی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت، کە جۆراوجۆرە و هەمووشی لە ژێر یەك ئەجێندەدایە کە سەرکوتکردنی کورد و وێرانکردنی خاکەکەی و دەربەدەرکردنی خەڵکەکەیەتی. لە ساڵی ٢٠١٤وە ئەم هێرشانە قووڵتر بوونەتەوە و ئەو دەمە بەشە بوودجەی میللەتێکیان لە ناو بەناو عێراقێکی نوێدا بڕی و چەندین ساڵ تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ساڵ لە دوای ساڵ هێرشەکان زیاتر دەبن و برینەکان زۆرتر و داواکارییەکانیشمان کەمتر دەکەنەوە، تا لە سووچی قوشبنێکدا دەمان هێڵنەوە، ئەو کات فیتنە و ئاشووبی ناوخۆشی دێتە سەر، لەم قۆناغەدا کە بە سەرۆکایەتیی سەرۆك بارزانی حکومەتێکی سەقامگیرمان هەیە، تەنیا چەکێك بە دەست بەغداوە ماوە، چەکی ئابووری و دژایەتیکردنی قووتی خەڵکی کوردستانە، زۆریشن ئەڵقە لە گوێی نەیارانی کورد کە ئامادەن بە پارە و دەستکەوتێکی کەم و تەنیا بە قین و ڕقێکی کۆن، گەورەترین ئازار و زیان بە گەلی کورد بگەیەنن، حکومەتی عێراق و زۆر لە پیاوچاك و کەسانی نیشتمانپەروەر و عێراقییەکان هەرگیز بەم کارە قێزەوەنانە ڕازی نین، بینیمان لە کەناڵە عەرەبییەکانەوە چۆن ڕووبەڕووی بوونەوە، ئەوان هەرگیز گەلی کوردی برایان بە دوژمنی سەرسەختی خۆیان نازانن، کە جێگای ملیۆنێك زیاتر لە عەرەب و ئاوارە و پەناهەندەیان کردووەتەوە و ڕێز و خۆشەویستیی زۆریان بۆیان هەیە. ئێمە نموونەی پێکەوە ژیان و لێبووردەیین، باش دەزانن دروشمی دژایەتیکردنی کورد دروشمێکی سوواوە و بۆ

شاردنەوەی گەندەڵی و بەرژەوەندییەکانی وڵاتان و ئەجیندەی دەرەکی و پاراستنی کورسییەکانیانە و، بۆ پەردەپۆشکردنی کەموکورتییەکان و شکستهێنانیانە لە دامەزراندنی دەوڵەتی هاووڵاتی و خۆشگوزەرانی، دوژمنانی کوردیش ئەو ڕاستییەیان لە بیر کردووە، ئابلۆقەدان و سزادانی کورد پووچەڵکردنەوەی ناوەرۆکی سیستمی فیدراڵییە کە تیایدا سەرکەوتوو نەبوون و ئازاریان بە میللەتی کورد و بگرە عێراقییەکانیش گەیاند.

حکومەتی عێراق نەك هەر نەیتوانی لە ئاست خواست و ویستەکانی گەلی عەرەب بێت، بەڵکو عێراق تا بینەقاقای لە گەندەڵیی سیاسی و مەزهەبی و فەرامۆشکردنی خزمەتگوزارییەکان و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری و هەژاریدا نوقمە، کەچی چاوی بەو ئارامی و سەقامگیری و ڕێژەشدا هەڵنایەت کە لە کوردستانی عێراق بەرانبەر پێکهاتە جیاوازەکانی نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزادا هەیە، لە پێشەوەیان لە عەرەبەکان، عێراق بەداخستنی ئۆردوگاکان و ناردنەوەی زۆرە ملێ و دروستکردنی گرفتی خوێندن و دامەزراندنی گەنجەکانیشیان فشارێك دروست دەکات، بۆ ئەوەی بیانخاتە ژێر چنگی خۆیەوە و وەکو سووتەمەنی بەکاریان بهێنێت و لێرە بە ئارامی و سەقامگیری ژیان بەسەر نەبەن.

چەندین ساڵە ڕێککەوتنی شنگال بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخەکە و گەڕانەوەی سەدان هەزار ئاوارەی کوردی ئێزدی واژوو کراوە و وەکو مەرەکەبی سەر کاغەز ماوەتەوە، دادگای فیدراڵی نووقەی لێوە نایەت، ڕۆژانە سەروەریی خاکی عێراق بە بۆردومان و گرتنەوەی ئاو و ناردنی تلیکاك و تیرۆریست پێشێل دەکرێت، هەر نووقەی لێوە نایەت، لە بەندەرەکانی بەسرە پارە و نەوتەکەی ئاودیو دەکرێت و، هەموو عالەم پێی زانیوە، ئەم دادگایە هەر نووقەی لێوە نایەت، دەیان ماددەی دەستووری و یاسای تایبەت بە مافی کورد نەك هەر جێبەجێ ناکرێن، بەڵکو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتری لێ دەکرێت، هەر نووقەی لێوە نایەت، کاتی ئەوە هاتووە کورد چیتر پەیوەندی لەگەڵ ئەو دادگایە ببڕێت و دادگای کوردستان و دامەزراوە تەشریعییەکەی جورئەتێك بدەنە خۆیان و هێرشی پێچەوانە دەست پێ بکەن.

لەم دوو ساڵەی دواییدا دەسەڵاتدارانی دژ بە کورد لە بەغدا و زۆر لە بەکرێگیراوانی کورد دەستیان داوەتە بەکارهێنانی چەکی بەناو یاسایی، لەمەشدا دادگای فیدراڵی بووەتە ناوەندی جێبەجێکردنی ئەو مەرامە گڵاوانە، ئەمە ڕەنگە مەترسیدارترین چەك بێت، بە هۆی زۆرینەوە لە دەسەڵاتە تەشریعی و یاساییەکان و گوایە ئەمە بەرزترین دەسەڵاتی دادگایە و بڕیارەکانی یەکلاکەرەوەیە و تانەلێدانی بۆ نییە، بەمەش دەستوور و ڕێککەوتن و مافەکان بە ئارەزووی خۆیان پێوانەی بۆ دەکەن و بەپێی ویست و خواست و ئەجیندەی خۆیان شێواندوویانە، هەمووشی بە ناوی ڕێزگرتن لە دەستوور و دەسەڵاتی تەشریعی و دادوەرین، ئەمە شانۆگەرییەکی ناشیرین و پیلان بۆ داڕێژراوە و گەمەی نەیارانی کوردە لە ناوچەکەدا، گەوجاندنی خۆیان و لەخشتەبردنی هاووڵاتیانی عێراقە و هەر کەس و لایەنێك ڕۆڵێکی لەم دراما قێزەونەدا پێ دراوە و تەمسیلییەکە، بەداخەوە خەریکە دەیکەنە کەلتوورێکی سیاسی، خۆ ئەگەر کورد و سەرکردایەتییەکەی و پاڵپشت بە هاووڵاتیانی کوردستان، سنوورێکی بۆ دانەنێن، چارەنووسی ئەم هەرێمە و خەڵکە بەشەمینەتییەکەی تەسلیمی قەدەرێکی ناخۆش دەکەن، ئەم سیناریۆ ڕەش و مەرامە گڵاوانە بە گۆڕینی سەرۆك وەزیران و حزبێك ناگۆڕدرێت، با چیتر چاومان لە خێری بەغدا نەبێت و کورد بە دوای بەدیلدا بگەڕێت لە ناوچەکە و لەگەڵ هاوپەیمانەکانماندا، چونکە حکومەت و دادگا و پەرلەمان و ڕاگەیاندن و حزب و سوپا و میلیشیات هەمووی ئاخنراوە بە مەزهەبییەت و جێبەجێکردنی ئەجندەی دژ بە کورد، ئیتر چاوەڕێی چی بکەین؟ داخی گرانم بۆ نەبوونی یەکگرتوویی و تەبایی نێوان حزبە کوردستانییەکان کە ئیرادەی کوردی بێ هێز کردووە لە بەغدا، سەرکەوتن و شکستەکان بەرانبەر نەیاران و دوژمنانی دوێنێ و ئەمڕۆ لە ناو ماڵی کوردەوە دەست پێ دەکان، ئەمەش چیرۆکێکی دیکەیە لە زنجیرەکانی دامایی کورد.

**عێراق بەداخستنی ئۆردوگاکان و ناردنەوەی زۆرە ملێ و دروستکردنی گرفتی خوێندن و دامەزراندنی گەنجەکانیشیان فشارێک دروست دەکات، بۆ ئەوەی بیانخاتە ژێر چنگی خۆیەوە و وەکو سووتەمەنی بەکاریان بهێنێت**

**کاتی ئەوە هاتووە کورد چیتر پەیوەندی لەگەڵ ئەو دادگایە ببڕێت و دادگای کوردستان و دامەزراوە تەشریعییەکەی جورئەتێک بدەنە خۆیان و هێرشی پێچەوانە دەست پێ بکەن**

**دەسەڵاتدارانی دژ بە کورد لە بەغدا و زۆر لە بەکرێگیراوانی کورد دەستیان داوەتە بەکارهێنانی چەکی بەناو یاسایی، لەمەشدا دادگای فیدراڵی بووەتە ناوەندی جێبەجێکردنی ئەو مەرامە گڵاوانە**

**حکومەت و دادگا و پەرلەمان و ڕاگەیاندن و حزب و سوپا و میلیشیات هەمووی ئاخنراوە بە مەزهەبییەت و جێبەجێکردنی ئەجندەی دژ بە کورد**

محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی عێراق لە کاتی متمانەوەرگرتنی لە پەرلەمان، بەڵێنی ئەوەی دا، کە لە ماوەی ١٠٠ ڕۆژدا نەخشە ڕێگەی جێبەجێکردنی بەرنامە وەزارییەکەی دیاری دەکات و هەنگاوی گرنگ هەڵدەگرێت بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکەی، دوای تێپەڕبوونی ئەو ١٠٠ ڕۆژە و بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای کابینەی سوودانی، ئەم دیدارەمان لەگەڵ د.بەشیر حەداد جێگری پێشووی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ئەنجام دا و، بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

### دکتۆر بەشیر حەداد بۆ گوڵان:

# ئەگەر حکومەتەکەی سوودانی پابەندی بەڵێنەکانی خۆی بێت، پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی ٢٠٢٣ چارەسەر دەکرێت



# پێویستە بە هەماهەنگی لە نێوان بەغدا و هەولێر یاسای نەوت و گازی فیدراڵی لە پەرلەمانی عێراق پەسەند بکرێت

*** بەرنامە وەزارییەکەی حکومەتی محەمەد شیاع سوودانی دوو بەشە، بەشێکیان پەیوەستە بە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی حکومەت، بەشەکەی دیکەی پەیوەستە بە دەرچوواندنی یاسا لە پەرلەمان، ئایا تا ئێستا چەند لەو بەرنامە وەزارییانە جێبەجێ کراون؟**

- پاش هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢١ و ڕێکنەکەوتنی لایەنەکان و کشانەوەی ڕەوتی سەدر و مەترسیی کەوتنەوەی توندوتیژی، چوارچێوەی هەماهەنگی توانی بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی کورد و سوننە لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی «بەڕێوەبردنی دەوڵەت» حکومەتەکەی سوودانی پێك بهێنێت، ئەمەش لە بارودۆخێکی نائاسایی و زەحمەت و لە دوای نزیکەی ساڵێك لە چەقبەستوویی سیاسی هاتە دی، هەر بۆیە ئەم حکومەتە لە بەردەم کۆمەڵێك ئاڵنگاری و بەربەستی گەورەدا لەدایك بوو، هەروەها لەبەر ئەوەی ڕەوتی سەدر لە پرۆسەکە کشایەوە، ئەمە حکومەتی براوەی لایەنە شیعەکان نییە و بەپێی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دانەمەزراوە.

سەبارەت بە بەرنامە وەزارییەکەشی بە هەردوو بەشی «جێبەجێکردن و یاسادانان»یشەوە، کە گەورەترین تەحەددا و بارقورساییە و تا ئێستا شتێکی وای لێ جێبەجێ نەکردووە، ئەمەش واتە نە چاکسازییەکی ئەوتۆ کراوە لەسەر ئاستی حکومەت و نە ئەو یاسانەشی کە پێویستە دەربکرێن، یان هەموار بکرێنەوە، وەك یاساکانی «نەوت و گاز، ئەنجوومەنی فیدراڵی، دادگای فیدراڵی، هەڵبژاردن و کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن» کاری بۆ کراوە، نە زەمینەسازییش بۆ هەڵبژاردنێکی پێشوەختە کراوە، ئەمە وێڕای بەڵێنەکانی بۆ ئاشکراکردنی ئەو کەس و لایەنانەی توندوتیژی و کوشتاریان دەرهەق بە خۆپیشاندەران ئەنجام دا، هەروەها بەڵێنی گێڕانەوەی ئاوارەکانی شەڕی تیرۆریستانی داعشی دابوو بۆ شوێنی خۆیان، بەڵێنی بەهێزکردنی ئابووریی دابوو، بەڵام تا ئێستا ئەمانە هیچیان دیار نین، لە بەرانبەریشدا سوودانی پێش ئەوەی ببێتە سەرۆك وەزیران، هەڕەشەی لە حکومەتەکەی مستەفا کازمی دەکرد و داوای دەکرد، نرخی دۆلار دابەزێنێت بۆ نرخە ئەسڵییەکەی خۆی کە ١٢٠ هەزار دینار بوو، هۆشداریشی دا، ئەگەر ئەم کارە

**سوودانی پێش ئەوەی ببێتە سەرۆک وەزیران، هەڕەشەی لە حکومەتەکەی مستەفا کازمی دەکرد و داوای دەکرد، نرخی دۆلار دابەزێنێت بۆ نرخە ئەسڵییەکەی خۆی کە ١٢٠ هەزار دینار بوو، هۆشداریشی دا، ئەگەر ئەم کارە نەکرێت، لە عێراقدا شۆڕشی برسییەکان دەست پێ دەکات**

**ئەگەر ئەو لایەن و هێزانەی دەرەوەی حکومەت ڕێگری لە بەرنامە و کارەکانی حکومەت نەکەن، ئەوا حکومەتەکەی سوودانی بەڵێنەکەی جێبەجێ دەکات**

**ئومێدم وایە ئەو کێشەیەی دادگای فیدراڵی دروستی کردووە، لە ناو بودجەدا چارەسەر بکرێت و هەرچی ئەو سولفە و بەشەی تایبەتە بە هەرێمی کوردستانیش بنێردرێت**

**من لەم قۆناغەدا زۆر بە زەحمەتی دەبینم بە بێ ڕێککەوتنێکی سیاسیی تۆکمە ڕێژەی ١٢،٦٧٪ بۆ لە ١٤٪ بەرز بکرێتەوە، لەمەش زیاتر بە بێ ئەم ڕێککەوتنە سیاسییە زەحمەتە بتوانرێت پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەکە لە ناو پەرلەمان تێپەڕێندرێت**

**هەژموونی هەندێک لایەنی باڵادەست لە عێراقدا کە پشتبەستوون بە لایەنی دەرەکی، ناهێڵن حکومەت بە کارەکانی خۆی هەڵسێت و بەردەوام گێچەڵی بۆ دروست دەکەن**

نەکرێت، لە عێراقدا شۆڕشی برسییەکان دەست پێ دەکات، بەڵام وەك ئێستا دەبینین لە ماوەی ئەو ١٠٠ ڕۆژەی سوودانی دەستبەکار بووە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نرخی دینار لە بەرانبەر دۆلاری ئەمریکی دەشکێت و، هەتا ئێستا نەتوانراوە بەر بەو ناجێگیرییەی نرخی دۆلار لە بەرانبەر دیناری عێراقیدا بگیرێت و چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە.

*** کێشەی نەوت و گازی هەرێم لەگەڵ بەغدا لە چوارچێوەی دەرکردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵیدا چارەسەر دەبێت، بەڵام هەتا ئەم یاسایە دەردەچێت، باس لەوە دەکرێت کە گەڵاڵەی ڕێککەوتنێك دەکرێت بۆ قۆناغی ئینتیقالی لەسەر ئەم پرسە، ئایا هەتا یاسای نەوت و گازی فیدراڵی دەردەچێت، بوار هەیە ئەو ڕێککەوتنە ئەنجام بدرێت؟**

- کێشەی نەوت و گازی هەرێم لەگەڵ بەغدا بە دەرچوواندنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی و هەماهەنگیی هەولێر و بەغدا تا ڕاددەیەکی باش چارەسەر دەبێت، نەك دەرکردنی یاسایەکی نەوت و گاز بە ویست و بەرژەوەندیی خۆیان و بە زیانگەیاندن بە هەرێمی کوردستان، هەروەکو لەو ڕێککەوتنە سیاسییەی لە نێوان ئەو لایەنانە واژوو کراوە، کە هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتیان پێك هێناوە و حکومەتەکەی سوودانیی لەسەر دروست بووە، تا دەرچوواندنی ئەم یاسایە ڕێککەوتنێکی نێوان هەر دوو حکومەت هەیە، بۆ ئەوەی بابەتی بودجە جێبەجێ بکرێت، من پێم وایە ئەگەر ئەو لایەن و هێزانەی دەرەوەی حکومەت ڕێگری لە بەرنامە و کارەکانی حکومەت نەکەن، ئەوا حکومەتەکەی سوودانی بەڵێنەکەی جێبەجێ دەکات، بە پێچەوانەوە هەژموونی کۆمەڵێك هێزی سیاسی کە بەردەوام ئاستەنگ و بەربەست لە بەردەم جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی سیاسی دروست دەکەن، هەروەکو چۆن بینیمان فشاریان بۆ دادگای فیدراڵی هێنا، تاوەکو بڕیار لە دژی خەڵکی کوردستان و هەرێمی کوردستان دەربکات، خۆ دەکرێت لە یاسای بودجەشدا ئەم بابەتە چارەسەر بکرێت، ئەگەر بە شێوەیەك باس بکرێت کە پشت بە ڕێککەوتنە سیاسییەکە ببەسترێت.

*** پرسی داڕشتنی بودجەی ساڵی ٢٠٢٣ی حکومەتی فیدراڵی پرسێکی دیکەی زۆر گرنگە و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەشدارە لەو پرۆسەیەدا، هەروەها وەك باستان کرد، دەکرێت گرفتی ئەو پارەیەی بەغدا دەینرێت بۆ هەرێم، بە پەسەندکردنی بودجەی ساڵی ٢٠٢٣ چارەسەر ببێت، ئایا تا چەند داڕشتنی ئەم بودجەیە کێشەی ناردنی پارە لەگەڵ هەرێم چارەسەر دەکات؟**

- لەگەڵ ئەوەی تێبینیی زۆرمان لەسەر دادگای فیدراڵی و دەستووریبوونی ئەو دادگایە و یاسا و بڕیارەکانی هەیە، بەڵام خۆ دەکرێت لە ناو بودجەدا چارەسەری زۆر پرس بکرێت، بەتایبەتی کە بۆ یەکەمجارە هەرێم بەشدار دەبێت لە داڕشتنی بودجەی گشتیی عێراقدا، ئەمەش نیازپاکیی نێوان هەردوو حکومەت نیشان دەدات، ئومێدم وایە ئەو کێشەیەی دادگای فیدراڵی دروستی کردووە، لە ناو بودجەدا چارەسەر بکرێت و هەرچی ئەو سولفە و بەشەی تایبەتە بە هەرێمی کوردستانیش بنێردرێت، تا یاسای نەوت و گازی حکومەتی عێراقی فیدراڵ دەردەچێت، سەبارەت بە پشکی هەرێمی کوردستانیش لە ناو بودجەدا من لەم قۆناغەدا زۆر بە زەحمەتی دەبینم بە بێ ڕێککەوتنێکی سیاسیی تۆکمە ڕێژەی ١٢،٦٧٪ بۆ لە ١٤٪ بەرز بکرێتەوە، لەمەش زیاتر بە بێ ئەم ڕێککەوتنە سیاسییە زەحمەتە بتوانرێت پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەکە لە ناو پەرلەمان تێپەڕێندرێت. هەرچەندە ئەم ڕێژەیەی لە ١٢،٦٧٪ بۆ پشکی هەرێمی کوردستان هیچ واقیعی نییە و پشتی بە هیچ بنەمایەکی یاسایی و لۆژیکی نەبەستووە، ئەمە لە کاتێکدا وەزارەتی پلاندانان لە ساڵی ٢٠٢٠ـەوە بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت بە خۆیان ڕێژەی هەرێمی کوردستانیان بە ١٣،٩٪ دیاری کردووە، بەداخەوە هەژموونی هەندێك لایەنی باڵادەست لە عێراقدا کە پشتبەستوون بە لایەنی دەرەکی، ناهێڵن حکومەت بە کارەکانی خۆی هەڵسێت و بەردەوام گێچەڵی بۆ دروست دەکەن.

*** لە دوایین سەردانی شاندی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا شاندەکە بە سەرۆکایەتی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بوو، ئەو سەردانە بە ئەرێنی هەڵسەنگێندرا،**

**ئایا ئەو سەردان و گفتوگۆیانە تا چەند چارەسەری کێشەکان دەکات؟**

- منیش لەگەڵ ئێوەدا هاوڕام بەوەی سەردانەکەی بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا ئەرێنی بوو، ئەم سەردانانە پێویستن و زۆر لە شوێنەوارەکانی کێشەکان سووك دەکات، ئومێدێکیشە بۆ ئاساییبوونەوەی دۆخەکە لە بەرژەوەندیی هەموو گەلانی عێراق و کوردستان، هەردەم گفتوگۆکان لە دوورەپەرێزی و بارگرژی باشترە، ساڵانێك لە گفتوگۆ بەردەوام بین، باشترە لە ڕۆژێك توندوتیژی و شەڕ و ناخۆشی، بمانەوێت و نەمانەوێت، دەبێت لەگەڵ بەغدا بە سەبر و تەحەمول بین، چونکە بارودۆخی ناوخۆیی هەرێم و عێراق و دۆخە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکە لەبار نییە بۆ ئەوەی ئێمە منەتمان بە بەغدا نەبێت و خۆمان لە رووی سیاسی و ئابووری و ئەمنییەوە بەڕێوە ببەین، حکومەتی هەرێم لە هەموو کابینەکان بەتایبەتی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەرانبەر بەغدا نیازپاکی و ئامادەیی خۆی نیشان داوە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی کۆنکرێتی، لەم پێناوەشدا هەرچی زانیاری و داتای پێویست هەیە، پێشکەشی لایەنی عێراقیی کردووە، ئێستە تۆپەکە لە گۆڕەپانی بەغدایە و پێویستە ئەمجارە حکومەت خاوەنی بڕیاری خۆی بێت و، بۆ چارەسەری هەموو ئەم کێشانە و ڕێککەوتنە سیاسییەکان و ڕێککەوتنی حکوومی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ڕێزی لێ بگیرێت، دواجاریش ڕێککەوتن و لێکنزیکبوونەوەکان لە بەرژەوەندیی هەموو گەلانی عێراق و کوردستانە و ئەو سەقامگیرییە سیاسی و ئابوورییەی لێ دەکەوێتەوە کە هەمووان پێویستمانە.

*** سەبارەت بە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی کە ناردنی پارەی بۆ هەرێم بە نادەستووری لە قەڵەم داوە، باس لەوە دەکەن کە ئەمە پەیوەندی بە حکومەتەکەی کازمییەوە هەیە و پەیوەندی بە حکومەتی سوودانییەوە نییە و، سەرکردەکانی ئیتاری تەنسیقیش ئاماژە بەوە دەکەن ئەم پرسە بە ڕێککەوتنی سیاسی چارەسەر دەکرێت، ئایا ئەو ڕێککەوتنە سیاسییە دەکرێت، یان نا؟**

- لە هەموو وڵاتە فیدراڵییەکاندا دادگای فیدراڵی دامەزراوەیەکە بۆ لێکنزیکبوونەوەی لایەنەکان و کەمکردنەوەی کێشەکان و خاوکردنەوەی بارگرژییەکانی نێوان لایەنەکان و پێکهاتەکان، ڕاستە دواجار هەموو چارەسەرەکان بەپێی دەستوورە، بەڵام خۆ دەستوور لە خزمەتی سەقامگیری و بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان لایەنەکانە، بە هیچ شێوەیەك نابێت دادگای فیدراڵ ببێتە هۆکارێك بۆ تێکدانی پەیوەندیی نێوان لایەنە سیاسییەکان و ئەو ڕێککەوتنە سیاسییانەی کە لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دراون، بۆ ئەوەی کارەکان بە ئاراستەیەکی یاسایی و ئاساییدا بڕوات، دەبوایە دادگای فیدراڵی ددانی بەخۆدا بگرتایە، هەروەکو چۆن ئەو بابەتە ساڵانێکە لە ٢٠١٠ و ٢٠١١وە هەیە و لە خولەکانی پێشووی پەرلەمانیشدا نە وروژێندرا، چونکە دادگاکە ویستوویەتی نەبێتە بەشێك لە کێشەکان و کێشەکان ڕوو لە چارەسەر بکات، بەڵام ئەمجارە دیارە هەندێك لایەنی دەرەکی بەرژەوەندییان لەوەدا بووە، ئەو بڕیارە بەم شێوەیە دەربچێت، دەبێت دادگای فیدراڵی بە شێوەیەك بڕیار بدات، ئاشتیی کۆمەڵایەتی و سەقامگیریی سیاسی و ڕێککەوتنە سیاسییەکان تێك نەدات، بە ئاراستەی ئەوەی لایەنەکان و پێکهاتەکان بگەنە یەك و پەیوەندیی نێوانیان باش بێت، بە هەرحاڵ خۆ ئەم بڕیارەش کە دراوە، کۆتایی نییە و بەردەوام بوار بۆ چارەسەر ماوە بەوەی لە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٢٣ی حکومەتی عێراقی فیدراڵدا بە شێوازێك لە شێوازەکان ئەم بابەتە چارەسەر بکرێت و بە هەماهەنگی لە نێوان هەردوو حکومەتی عێراقی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو کات ئەمە دەبێتە شتێکی یاسایی و دادگای فیدراڵیی عێراق ناتوانێت تانە لە یاسایەك بدات کە لەپەرلەمان دەرچووبێت. دواجار دەرکردنی یاسایەکی نوێی دادگای فیدراڵی و پەیکەرێکی نوێ کە لە بەڵێنەکانی سوودانیدا هاتووە، بە یەکێك لەو پێداویستییانە دادەنرێت و زەمانەتی ئەوە دەکات تووشی دووبارە بوونەوەی ئەم کێشانە نەبین.

**سەردانەکەی بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا ئەرێنی بوو، ئەم سەردانانە پێویستن و زۆر لە شوێنەوارەکانی کێشەکان سووک دەکات**

**بمانەوێت و نەمانەوێت، دەبێت لەگەڵ بەغدا بە سەبر و تەحەمول بین، چونکە بارودۆخی ناوخۆیی هەرێم و عێراق و دۆخە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکە لەبار نییە بۆ ئەوەی ئێمە منەتمان بە بەغدا نەبێت و خۆمان لە رووی سیاسی و ئابووری و ئەمنییەوە بەڕێوە ببەین**

**بە هیچ شێوەیەک نابێت دادگای فیدراڵ ببێتە هۆکارێک بۆ تێکدانی پەیوەندیی نێوان لایەنە سیاسییەکان و ئەو ڕێککەوتنە سیاسییانەی کە لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دراون**

**دواجار دەرکردنی یاسایەکی نوێی دادگای فیدراڵی و پەیکەرێکی نوێ کە لە بەڵێنەکانی سوودانیدا هاتووە، بە یەکێک لەو پێداویستییانە دادەنرێت و زەمانەتی ئەوە دەکات تووشی دووبارە بوونەوەی ئەم کێشانە نەبین**

# ئەوەی دادگای فیدراڵی عێراق دەرهەق بە گەلی کورد دەیکات، تاوانە نەک بڕیاری یاسایی و دەستوری

بڕیاری دادگای فیدراڵیی عێراق لە کۆتاییەکانی مانگی یەکی ئەمساڵ سەبارەت بە نەناردنی ئەو بڕە پارەیەی قەرار بوو بەغدا بۆ هەرێمی بنێرێت، هەنگاوێکی پێچەوانەی دەستوور و یاسایە و، لەگەڵ دۆخی پەیوەندیی نێوان کوردستان و حکومەتی ناوەند یەك ناگرێتەوە، ئەوەی مەبەستمە لەم نووسینەدا، زیاتر هەڵوەستەکردنە لە دیدگەی ئایینییەوە، هەرچەند بەپێی قسەی شارەزایانی بواری یاساش بێت، هەر ڕاستە، هێندەی لێی تێگەیشتبم، زیاتر بۆ لێدانی پێگەی هەرێم و لاوازکردنی سەرچاوەی داهات و درز خستنە نێو ماڵی کورد و سەرقاڵکردنی کاراکتەرە کوردەکانە لە بەغدا، بە هەڵوێست و مفاوەزات، ڕێگریکردنە لە گەشەی پێگەی کورد لە بەغدا و دروستکردنی کۆسپ و بریندارکردنی هەستی تاکی کوردە، بە دڵنیاییەوە ئەم هەنگاوە هەڕەشەیە و زۆر مەترسیی لە پشتە و دواجار وەك کارتێك لە قازانجی ئەجێندا و سیاسەتی ئەم و ئەو بەکار دێت و بەسیاسیکردنی بڕیاری دادگایە نەك شتی دیکە.

ڕێگرتن لە ماف و شایستە داراییەکانی هەرێم پێچەوانەی پرەنسیپی شەراکەت و بانگەشەی دادگەریی نێوان گەلانی عێراقە، کە زۆر جار ئاماژە بەوە دەکرێت، کە هاووڵاتیانی عێراق بێ جیاوازی خاوەن ماف و ژیان و کەرامەتن، ئەمە لە کاتێکدا کورد لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە ڕۆڵێکی گەورەی لە بونیادنانەوەی ئەم وڵاتە و نووسینەوەی دەستوور و سەقامگیری و پێکهێنانی کابینە یەك لە دوای یەکەکانی حکومەتدا هەبووە، تێناگەم دادگای فیدراڵی پاڵپشت بە چ یاسایەك لەمپەر لە بەردەم ماف و شایستە داراییەکانی هاووڵاتیانی هەرێم دروست دەکات، بۆ دەبێت وەك پاشکۆی ئەم و ئەو لە ژێر پەردەی یاسادا نیشانەی پرسیار بخاتە سەر دەسەڵاتی دادوەری و کاری پیشەیی خۆی؟

ئەمە دەمانگەڕێنێتەوە سەر ئەو خاڵەی کە جارێکی دیکە زامی قووڵی قوربانیدانمان واڵا ببێتەوە و ڕووی ڕاستەقینەی ئەو تێگەیشتنەشمان بۆ دەرکەوێت، کە فەرهەنگ و عەقڵییەتی سڕینەوە و دژایەتیکردن و قووتبڕین و ستەمکردن لە گەلی کورد، لای بەشێکی سەرانی عەرەب و عێراق ماوە و دەیانەوێ بە هەر شێوەیەکە بێت لە سومعەی هەرێم بدەن و زیانی پێ بگەیەنن و دۆخی پێشکەوتن و گەشەی ئاوەدانی ڕابگرن.

لە لایەکی دیکەوە بێدەنگیی ناوەندە ئایینی و مەرجەعە باڵاکانی شیعە و سوننە، کە هیچ هەڵوێست و نقە و کاردانەوە و دەنگیان لێوە نایەت، لانی کەم بڵێن ئەمە غەدرە لە گەلێکی بەشمەینەت و ستەملێکراو دەکرێت، خۆی لە خۆیدا مایەی هەڵوەستەکردنە، چونکە دوو ڕۆژ پێش ئەم بڕیارە شاندێکی باڵای یەکێتیی زانایان لە بەغدا بوون، کە یەکێك لە ئامانجەکانی سەردانەکەیان بۆ لای مەرجەعییاتی شیعە و سوننە و دەزگا و ناوەندە ئایینیەکان، بیرخستنەوەی پەیامی برایەتی و ڕێزگرتن و دداننان بە مافە یاسایی و دەستوورییەکانی نەتەوەکانی عێراق بوو، لانی کەم کە دەگەنە لای سیاسییەکان، یان ڕاوێژ و بڕیاریان وەردەگیرێت، ڕەچاوی بنەمای شەراکەت و برایەتیی ئیسلامی و ئینسانی و نیشتمانی بکەن و، ددان بە ماف و شایستەکانی گەلی کورددا بنێن، چونکە ئەمە زادەی ڕاسپاردەکانی پێغەمبەری ئیسلامە (دروودی خوای لەسەر بێت) کە دەفەرموێ: چیت بۆ خۆت دەوێ و پێت خۆشە، پێویستە بە هەمان شێوە بۆ براکەشت بە ڕەوای ببینی و پێت باش و خۆش بێت.

**ڕێگرتن لە ماف و شایستە داراییەکانی هەرێم پێچەوانەی پرەنسیپی شەراکەت و بانگەشەی دادگەریی نێوان گەلانی عێراقە، کە زۆر جار ئاماژە بەوە دەکرێت، کە هاووڵاتیانی عێراق بێ جیاوازی خاوەن ماف و ژیان و کەرامەتن**

**فەرهەنگ و عەقڵییەتی سڕینەوە و دژایەتیکردن و قووتبڕین و ستەمکردن لە گەلی کورد، لای بەشێکی سەرانی عەرەب و عێراق ماوە و دەیانەوێ بە هەر شێوەیەکە بێت لە سومعەی هەرێم بدەن**



**د. عەبدوڵڵا شێرکاوەیی**

بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان

بۆ گوڵانی نووسیوە

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر بە دیدگەیەکی ئایینی سەیری بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی عێراق بکەین، سەبارەت بە بڕین و نەناردنی شایستە داراییەکانی هاووڵاتیانی هەرێم، ئەوە تاوانێکی گەورەیە و پێچەوانەی بنەماکانی شەریعەتە، لەگەڵ ڕۆح و کرۆکیی پەیوەندیی برایانە و مافی دراوسێیەتی و هاوبەشی لە حوکمڕانی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەدا ناگونجێت، بگرە دەچێتە چوارچێوەی هەڵسوکەوتی دوژمنکارانە و ستەمەوە، چونکە ئەم مافە داراییە بە پێی دەستوور و یاسا ئەمانەتێکە لە ئەستۆی حکومەتی عێراقدایە و لەسەریەتی بۆ جێبەجێکردنی دەستوور و ڕەچاوکردنی بنەمای دادپەروەری، نابێت بەم جۆرە هەنگاوە نادروستانە میللەتی کورد سزا نەدات.

لە لایەکی دیکەوە ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵی لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم ئایەتە یەك ناگرێتەوە، کە خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّ اللَّـهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَي أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ إِنَّ اللَّـهَ نِعِمَّا يَعِظُكُمْ بِهِ إِنَّ اللَّـهَ كَانَ سَمِيعاً بَصِيراً) النساء:٥٨. واتە: بێگومان خودا فەرمانتان پێ دەدات کە هەموو ئەمانەتەکان (سپاردەکان) بگەڕێننەوە دەست خاوەنەکانیان و، هەر کاتێکیش داوەریتان کرد لە نێوان خەڵکیدا، دادپەروەرانە فەرمانڕەوایی بکەن، چونکە بە ڕاستی خودا بە جوانی و چاکی و تەواوی ئامۆژگاری و فەرمانتان پێ دەدات، بە ڕاستی خودا هەمیشە و بەردەوام بیسەر و بینایە.

تەنانەت خودای گەورە باس لەوەش دەکات کە نابێت ڕق و کینە و پاڵنەری نادروست ببێتە هۆکاری ئەوەی دادگەری نەکرێت و پێچەوانەی واقع و هەقیقەت بڕیار بدرێت، وەك دەفەرموێ: (وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَـَٔانُ قَوْمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعْدِلُوا۟ ۚ ٱعْدِلُوا۟ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ) المائدە:٨. واتە: ڕق و دوژمنایەتی هیچ کەس و هیچ لایەك هەڵتان نەنێت کە لە دادپەروەری لا بدەن، دادپەروەر بن و بە یەك چاو سەیری هەمووان بکەن، ئەوە نزیکترە لە تەقوا و خواناسییەوە.

**فەرهەنگ و عەقڵییەتی سڕینەوە و دژایەتیکردن و قووتبڕین و ستەمکردن لە گەلی کورد، لای بەشێکی سەرانی عەرەب و عێراق ماوە و دەیانەوێ بە هەر شێوەیەکە بێت لە سومعەی هەرێم بدەن**

پرسیار ئەوەیە، ئەمە کەی دادوەرییەکی عادیلانەیە کە مافی میللەتێك بە ڕەوا نەبینی و شایستە داراییەکانی لێ قەدەغە بکەیت؟ چ فەرهەنگ و یاساو عەقڵییەتێکە کە دەسەڵاتی باڵای دادوەری بکەیتە پاشکۆی چەند کەسێك کە قەراری سیاسییان دوژمنایەتیکردنی گەلی کورد بێت؟ بە کام دەقی شەرعی دروستە مافی هاووڵاتیان زەوت بکرێت، یان بە فێڵ و دووفاقیی سیاسی بڕیاری شەراکەت بدەیت؟

ئەمە هەمووی بەهانەو لەمپەر دروستکردنە بۆ کپکردنی قەزیەی کورد، ئەگەرنا ئەمەیان بە قەولی ئەوان پێچەوانەی یاسایە، ئەی بۆ ماددەی ١٤٠ چی؟ بۆ قەرەبووی کەسوکاری ئەنفالکراوان چی؟ بۆ نەناردنی پشکی پێشمەرگە کە تێکشکێنەری داعش و پارسەنگی سەقامگیریی ناوچەکە بوو لە عێراق چی؟ ئەی .. ئەی...؟

**خودای گەورە باس لەوەش دەکات کە نابێت ڕق و کینە و پاڵنەری نادروست ببێتە هۆکاری ئەوەی دادگەری نەکرێت و پێچەوانەی واقع و هەقیقەت بڕیار بدرێت**

ئیدی پێویستە کورد زیاتر هۆشیار و یەکڕیز و چاوکراوە بێت و بزانێت ئەمە شتی دیکەی لە دوایە، هەلومەرجی ئێستای کوردستان پێویستی بە یەکهەڵوێستی و چارەسەرێکی هەمەلایەنە و ستراتیژیی نیشتمانی هەیە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بڕیاری لەم شێوەیەی دادگای فیدراڵی و مەترسیی پشت هەنگاوەکانی پەیوەست بە پرسی کورد، نەك سەرقاڵی شتی لاوەکی و کاتکوشتن بە پەرتەوازەیی و دووبەرەکی و ململانێ و یەکتر تۆمەتبارکردن بین.



ڕۆمیۆ هەکاری

ئەندامی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# جەنابی سەرۆک بارزانی ڕۆڵێکی سەرەکی و گرنگی دیت بۆ ئەوەی پێکهاتەکان مافەکانیان لە چوارچێوەی دەستووری عێراق دابین بکرێت

**ئەو حزبانەی دەیانەوێت کۆتای پێکهاتەکان دابەش بکەن، وادەزانن پێکهاتەکان کاڵان و کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرێت**

# سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە ئەکادیمیای کلد و سریان و ئاشووری و تورکمانی دابمەزرێت

**سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی فرەیی بووە لە ڕووی ئایین و نەتەوە و پێکهاتە جیاوازەکانەوە، بەڵام هەموو ئاشتەواییەکی کۆمەڵایەتی تێدا بەرقەرار بووە، هاوکات توانراوە مافی پێکهاتەکان جێگیر بکرێت و بچەسپێندرێن و ڕۆڵیان پێ بدرێت لە حوکمڕانیدا، ئەمانە و چەند پرسێکی دیکە لە میانەی دیمانەیەکی گوڵان لەگەڵ ڕۆمیۆ هەکاری ئەندامی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان تاوتوێ کران.**

*** یەکێك لە جوانییەکانی هەرێمی کوردستان ئەو پێکەوە ژیانەیە کە ئێستا لە کوردستان بوونی هەیە، هەروەها هەموو خەڵکی جیهانیش بە چاوی ڕێزەوە سەیری ئەم لێبووردەیی و یێکەوە ژیانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان دەکەن. ئایا ئێوە وەك نەتەوەی کلدو ئاشوور و سریانی چۆن سەیری ئەم پێکەوە ژیانە لە هەرێمی کوردستان دەدەن؟**

-بە تەئکید یەکێك لە سیفاتە هەرە جوان و بەرزەکانی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە چەندین نەتەوە و ئایینی جیاواز بە ئاشتییانە پێکەوە دەژین، ئەمە وای کردووە کە هەرێمی کوردستان ببێتە نموونەیەکی پێکەوە ژیان، نەك تەنیا لەسەر ئاستی عێراق، بەڵکو لەسەر ئاستی ناوچەکە و زۆرێك لە شوێن و وڵاتانی دونیادا، بەڵام ئەمەش پێویستی بە بەردەوامبوون و بەهێزکردن و پاراستنی ئەو پێکەوە ژیانە هەیە و دەبێت ڕۆڵەی هەموو نەتەوە و ئایینزاکان هەست بکەن کە مافەکانیان پارێزراوە و، هەست بەوە بکەن کە ماف و ئەرك و ژیانیان پارێزراوە و داهاتوویەکی پڕشنگداریان لەو وڵاتەدا هەیە و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە کوردستاندا کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکرێت و داخوازیەکانیان بۆ دابین بکرێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی پێکەوە ژیانی زیاتر و بە شێوەیەکی باش لە هەرێمی کوردستان بەردەوام بێت.

***ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان درێژەپێدان و پشتگیریکردنی تەواوی ئەو پێکەوە ژیانەیە و هەر لە ماوەی کابینەی نۆیەم پاپای ڤاتیکان سەردانی هەولێری کرد، ئەمەش ڕووداوێکی گەورە بوو لەسەر ئاستی جیهان، ئایا ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەم بۆ زیاتر قووڵکردنەوەی گیانی برایەتی و پێکەوە ژیان لە کوردستان چییە؟**

-لەو کاتەی کە پەرلەمان دەنگی بەو کابینەیەدا و ڕێزدار مسرور بارزانی بەرنامەی کابینەی نۆیەمی خوێندەوە و لە زۆرێك لە خاڵە گرنگەکاندا تەئکیدکردنەوە بوو لە پێکەوە ژیان و لە مافەکانی پێکهاتەکانی کوردستان وەك کلد و ئاشوور و سریانی و تورکمانەکان و ئایین و ئایینزاکانی دیکە کە لە هەرێمی کوردستاندا هەن، لە هەمووی گرنگتر هەموو کەمە نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان شوێنیان بۆ کراوەتەوە و جوانترین نموونەش ئەوەیە کە هەموو ئایین و ئایینزاکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەڕێوەبەرایەتیی تایبەت بە خۆیان بۆ کراوەتەوە، لێرە و لەوێش کە کێشەیەك دەبێت، یان قسەیەك لەلایەن مامۆستایەکی ئایینی لە دژی

**هەموو کەمە نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان شوێنیان بۆ کراوەتەوە و جوانترین نموونەش ئەوەیە کە هەموو ئایین و ئایینزاکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەڕێوەبەرایەتیی تایبەت بە خۆیان بۆ کراوەتەوە**

**بەشداریکردنی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکان لە دامودەزگاکانی حکومەت و لە شوێنی زۆر هەستیاریش، یەکێکی دیکەیە لەو کار و مەرامە گرنگ و باشانەی کە لەلایەن ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی کابینەی نۆیەم بایەخی پێ دراوە**

ئایینەکانی دیکە بە شێوەیەکی کتوپڕ دەکرێت، ئەم مەسەلەیە بە شێوەیەکی ئاسایی و بە بێ گرفت و بە بێ نانەوەی کێشە چارەسەر دەکرێت، ئەمە نموونەیەکی باشە و هیوادارم کابینەی نۆیەم بەردەوام بێت لەو بەرنامەیە کە تەئکیدم بەردەوامیش دەبێت و باشتریش بەردەوام دەبێت لەپێناو خزمەتکردنی باشتر و زۆرتری پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکانی هەرێمی کوردستان و لەو کابینەیە دامەزراندنی وەزارەتێکی تازە بۆ یەکەم جار لە هەرێمی کوردستان دامەزراوە، کە لەسەر ئاستی هەموو عێراق تایبەت بە کاروباری پێکهاتەکان بێت و بەشداریکردنی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکان لە دامودەزگاکانی حکومەت و لە شوێنی زۆر هەستیاریش، یەکێکی دیکەیە لەو کار و مەرامە گرنگ و باشانەی کە لەلایەن ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی کابینەی نۆیەم بایەخی پێ دراوە، لە چەند هەفتەی ڕابردووش لەسەر داوا و پێشنیاری خۆمان جەنابی سەرۆکی حکومەت ڕەزامەندی داوە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەکادیمیەی کلد و ئاشووری و سریانی و ئەکادیمیای تورکمان دابمەزرێت، کە ئەمەش زۆر گرنگە بۆ گرنگیدان بە کەلتوور و زمانی نەتەوە جیاوازەکان کە بەشی گرنگ و سەرەکین لە پێکهاتەی هەرێمی کوردستاندا.

*** لە پرۆسەی نووسینەوەی دەستووری کوردستان، سەرۆك بارزانی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە نوێنەری نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان خۆیان مافەکانی خۆیان لە دەستووری کوردستاندا بنووسنەوە و بە ئاستێك بێت کە خۆیان پێی ڕازی بن، ئایا ئێوە وەك پێکهاتەی کریستیانەکان دەتانەوێت مافەکانتان لە دەستووری کوردستاندا دیاری بکرێت؟**

- دەستوور یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی مانەوەی هەر نەتەوەیەك و پارێزگاریکردن لە مافی ئەو نەتەوانە کە داهاتوویەکی باشیان لە وڵاتەکەیان هەبێت. من لە بیرمە لە کاتی نووسینەوەی دەستووری عێراق کە هەموو لایەك هەوڵیان دەدا کە خۆی چۆن دەیەوێت ئەوە دەستوورە بەو شێوەیە بنووسرێت و هەموو ئەو بیرۆکە و داوا و مافانەی هەیانبووە، بچێتە ناو چوارچێوەی مادده و بڕگەکانی دەستوورەکە، جەنابی مسعود بارزانی ڕۆڵێکی سەرەکی و گرنگی دیت، بۆ ئەوەی پێکهاتەکان مافەکانیان لە چوارچێوەی ئەو دەستوورەی عێراق هەبێت، ئەمە مێژوویەکە ناکرێت هیچ کەیێك ئەو مێژووە لەبیر بکات، بەڵکو لە بیری بێت و بیگێڕێتەوە و شانازیشی پێوە بکات. لە ساڵی ٢٠٠٥ کە لەبەغدا بووین، دیتم ڕۆڵی جەنابی سەرۆك بارزانی ڕۆڵێکی سەرەکی بوو، بەو پاڵپشتییەی جەنابیان ئێمە نوێنەری پێکهاتەکان توانیمان مافەکانمان بنووسرێت لە دەستوورەکەدا، سەرەڕای ئەوەش تەواوی مافەکانمان وەك ئەوەی پێویستە و خۆمان دەمانەوێت، نەچووەتە چوارچێوەی دەستوورەکەی عێراق، بەڵکو بەشێك لە داواکاری و مافەکانی ئێمە بە هەوڵ و توانای جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی وەك نوێنەری پێکهاتەکان تێدا جێگیر و پارێزراوە، بیریشم نەچێت، ڕەحمەتی مام جەلال ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەریی هەبوو لە پشتگیریکردنی مافی پێکهاتەکان، لە ئامادەکردن و نووسینەوەی دەستووری کوردستانیشدا جەنابی سەرۆك بارزانی هەموو کات جەخت لەوە دەکاتەوە، کە دەبێت ئێمە وەك پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی لە هەرێمی کوردستان خۆمان لە نووسینەوەی دەستوورەکە بەشدار بین و بەپێی ڕەزامەندی و مافەکانمان لە دەستوورەکە بنووسرێت و پارێزراو بێت.

*** بۆچی کە باس دێتە سەر باسی دووبارە ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردن لە کوردستان، لایەنە کوردییەکان دێنە سەر کورسیی کۆتاکان و ئەم پرسەیان کردووە بە کێشە؟ ئایا چارەنووسی خۆتان وەك پێکهاتە جیاوازەکان و بەشێکی سەرەکیی گەلی کوردستان سەبارەت بە گوشاری ئەو حزبە سیاسییانە بۆ لەبەریەك هەڵوەشانی کورسیی پێکهاتە جیاوازەکان هەڵوێستتان چۆنە؟**

-من پێموایە تێڕوانین و تەماشاکردنی هەندێك لە لایەن و حزبە کوردستانییەکان بۆ کۆتاکان بەو شێوەیە هەڵەیەکی گەورەیە، بۆیە دەبێت ئێمە بزانین، بۆچی سیستەمی کۆتا ئێستا لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت؟ دیارە سیستەمی کۆتا سیستەمێکی جیهانییە و بۆ ئەو نەتەوانەیە کە بە ژمارە کەمن و ناتوانن وەك نەتەوە گەورەکان بگەنە ناو دامودەزگا فەرمییەکانی دەوڵەت، وەك حکومەت و پەرلەمان و دادوەری، ئەو سیستەمە لە هەموو

**سیستەمی کۆتا سیستەمێکی جیهانییە و بۆ ئەو نەتەوانەیە کە بە ژمارە کەمن و ناتوانن وەک نەتەوە گەورەکان بگەنە ناو دامودەزگا فەرمییەکانی دەوڵەت، وەک حکومەت و پەرلەمان و دادوەری**

**کورسیی کۆتاکان نابێت بە منەتێک لەسەر نەتەوە و پێکهاتەکانی بچووک حیساب بکرێت**

**بۆ کورد باشە ئەگەر بیر لەوە بکاتەوە کە کورسیی کۆتاکان زیاد بکرێت و ئەو ١١ کورسییەی کۆتا بکرێتە دوو بەرانبەر**

**هیچ کاتێک بەشێک لە کێشە و گرفتەکان نەبووین، بەڵکو هەموو هەوڵ و کارمان بۆ نەهێشتنی گرفت و چارەسەری کێشەکانی نێوان حزب و لایەنە کوردستانییەکان بووە**

دونیادا پەیڕەو کراوە، بەڵام لەلای ئێمە لە بەر ئەوەی سیستەمێکی تازەیە، بۆیە بە چاوی کەمینە و زۆرینە سەیر دەکرێت، هۆکارێکی دیکە لە بێ ئەزمونی ئێمەیە کە بەو شێوەیە سەیری کۆتاکان دەکەین، کورسیی کۆتاکان نابێت بە مننەتێك لەسەر نەتەوە و پێکهاتەکانی بچووك حیساب بکرێت. ئەوانەی بەو جۆرە سەیری کۆتاکان دەکەن، بۆچی ناچن هۆکاری کەمبوونەوەی ئەو نەتەوە و پێکهاتانە بزانن چییە کە وای کردووە ژمارەیان کەم ببێتەوە؟ لەو کارەساتانەی بەسەرماندا هاتووە کە دیتمان لەساڵی ٢٠١٤ خوێناوترین ڕێکخراوی تیرۆریستی لە مێژووی نوێدا کە داعش بوو، هات بەگشتی کلد و ئاشوورییەکانی کردە ئامانج، کە ئەمەش یەکێکە لە دەیان و سەدان کۆمەڵکوژییەی کە دەرهەق بە کریستیان و ئێزدییەکان کراوە لە مێژوودا، بۆیە دەڵێین ئەوەیە هۆکاری کەمبوونی ژمارەی ئێمە، بۆیە نابێت کورسیی کۆتا بکرێت بە مننەت لە سەرمان، لە کاتێکدا ئەوە مننەت بێت، ئەوە ئێمە ڕەفزی دەکەینەوە. بۆ کورد باشە ئەگەر بیر لەوە بکاتەوە کە کورسیی کۆتاکان زیاد بکرێت و ئەو ١١ کورسییەی کۆتا بکرێتە دوو بەرانبەر. هەموو ئەو حزبانەی باسی ئەوە دەکەن کە کورسیی کۆتاکان لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن، خۆ ئەمە کاڵا و شتێك نییە لە بازاڕ بیکرێت و بیفرۆشێت، بەڵکو ئەوە مافە و دەبێت بە چاوێکی دیکە و بە ڕێزەوە سەیری کورسیی کۆتاکان بکەن. ئەوەی ئێستا ئێمە وەك کلد و ئاشوور و سریان داوای دەکەین، ئەوەیە کە کورسییەکانمان ببێتە ١٠ کورسی و تورکمانیش داوا دەکات کورسیی کۆتاکانیان ببێتە ١٠ کورسی، ئەمەش لە حەقیقەتدا بۆ لایەن و حزبە کوردییەکان باشە، چونکە پێکهاتەکان و کورسییەکانی کۆتاش هەموو کات هۆکارێکی چارەسەری کێشەکان بوون و هیچ کاتێك بەشێك لە کێشە و گرفتەکان نەبووین، بەڵکو هەموو هەوڵ و کارمان بۆ نەهێشتنی گرفت و چارەسەری کێشەکانی نێوان حزب و لایەنە کوردستانییەکان بووە.

***کورسیی کۆتای نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، زۆر جار لەناو پەرلەمان لەگەڵ فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی هاوهەڵوێستن، ئایا بۆچی لەگەڵ فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان هاوهەڵوێستن؟**

-ئێمە وەك حزبی دیموکراتی بەیت نەهرین هاوپەیمانی هەموو لایەن و حزبە عیلمانی و ئیسلامی و شیوعی و هەموو ڕەوتەکانین، بەڵام لەگەڵ پارتی هاوپەیمانین و هەردوو لا پابەندین بەو هاوپەیمانییەی لە نێوانمان هەیە، بۆ بەدیهاتنی هەموو کار و بەرنامە و بەدەستهێنانی مافەکان و جێبەجێکردنی داواکارییەکانمان، سەرەڕای ئەو هاوپەیمانییەش، ئێمە زۆرجار لە هەندێ کار و پڕۆژە یاسا لە ناو هۆڵی پەرلەمانی کوردستان، سەرنج و تێبینیمان جیاواز بووە لە پارتی و جاری وا بووە لە ئەدای فراکسیۆنی پارتی ڕازی نەبووین و کەوتووینەتە گفتوگۆ تا ئەو کاتەی گەیشتووینەتە حەقیقەت، هەمیشە پاراستنی بەرژەوەندیی باڵای کوردستان لەلای ئێمە لە هەموو ماف و ئیمتیازێك گەورەتر و پیرۆزتر بووە، لەلایەکی دیکەوە لە کاتێکدا ئێمە هاوپەیمانی ئەو حزبانە بووینایە کە ئێستا قسە دژی کورسی کۆتا دەکەن، ئەو کات ئەو قسانەیان نەدەکرد، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوانیش لەگەڵ ڕای ئێمە دەبوون و نابێت پێکهاتەکان تەنیا لە نێو ئەو ١١ کورسییە بەرجەستە بکرێن.

*** هەتا ئێستاش پارتی دیموکراتی کوردستان پشتگیریی ئەوە دەکات کە کورسیی کۆتاکان یەك بازنە بێت و دابەش نەکرێت، ئایا بۆچی گرنگە کورسیی کۆتاکان لە یەك بازنەدا دەنگی پێ بدرێت؟**

-ئەمەی پارتی دیموکراتی کوردستان پێداگری لەسەر دەکات، زۆر ڕاستە و داخوازی پێکهاتەکانیشە کە هەڵبژاردن بە یەك بازنەبێت، لە عێراقیش لەو هەڵبژاردنەی دواییدا زیاتر لە ٨٠ بازنەی هەڵبژاردنی هەبوو، بەڵام بۆ کورسیی کۆتاکان یەك بازنەیی بوو، دابەشبوونی کلدو ئاشووری و سریانی و تورکمان وەك کورد نییە لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو ئێمە و تورکمانەکانیش لە هەندێ شار و شوێنی کوردستان نین، بۆیە ناکرێت بە یەك سیستەم ئێمە وەك حزبە کورد و کوردستانیەکانی دیکە بەشداری هەڵبژاردن بکەین، دەبێت لە هەڵبژاردنەکاندا ئێمە وەك پێکهاتەکان و کۆتاکان یەك بازنە بین، تاوەکو دەنگەکانمان نەفەوتێت.

**ئێمە وەک حزبی دیموکراتی بەیت نەهرین هاوپەیمانی هەموو لایەن و حزبە عیلمانی و ئیسلامی و شیوعی و هەموو ڕەوتەکانین، بەڵام لەگەڵ پارتی هاوپەیمانین و هەردوو لا پابەندین بەو هاوپەیمانییەی لە نێوانمان هەیە**

**ئێمە زۆرجار لە هەندێ کار و پڕۆژە یاسا لە ناو هۆڵی پەرلەمانی کوردستان، سەرنج و تێبینیمان جیاواز بووە لە پارتی**

**هەمیشە پاراستنی بەرژەوەندیی باڵای کوردستان لەلای ئێمە لە هەموو ماف و ئیمتیازێک گەورەتر و پیرۆزتر بووە**

**دەبێت لە هەڵبژاردنەکاندا ئێمە وەک پێکهاتەکان و کۆتاکان یەک بازنە بین، تاوەکو دەنگەکانمان نەفەوتێت**

مەلا مەحموودی تاوەگۆزی بۆ گوڵان:

# پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوان ئایین و ئایینزاکان نموونەیەکی جوانی میانڕۆیی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە لە کوردستاندا

## کورد کێشەی ئایینی و نەتەوەیی نەبووە، ئەوەی هەیە کێشەو ناکۆکی نێوان حزبەکانە

مەلای کورد توانیویەتی ڕەسەنایەتیی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا بپارێزێت، ئەوان شارەزاییەکی باشیان لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر بێت) هەیە، هزری توندوتیژی و نامۆ و حزبایەتی بە ناوی ئیسلامەوە لە ناو کورددا جێگای نەبووەتەوە.

مەلا مەحموود مەلا محەمەدی تاوەگۆزی پێشنوێژ و وتارخوێن و شارەزا لە شەریعەت و فقهی ئیسلامی لە هەردوو دیوی کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات وانەی ئایینی وتووەتەوە، لەم دیدارەشیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان جەختی لەسەر ئەو پەیامە پیرۆزی ئیسلام کردەوە کە خوای گەورە و میهرەبان بە پێغەمبەر (د.خ) و موسڵمانانی فەرمووە و، هانی داون بۆ کاری چاکە و خێری بەشەرییەت و پێکەوە ژیان، لێرەدا دەقی وتەکانی بڵاو دەکەینەوە.



*** بەو پێیەی تەمەنێکی درێژتان لە خوداپەرستی و وانەوتنەوەدا بەسەر بردووە و زانیارییەکی باشتان لە شەریعەتی ئیسلامیدا هەیە، دەکرێت باسێکی ئەو ڕەسەنایەتییەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامان بۆ بکەیت کە مەلای کوردمان پێی بەناوبانگە؟**

- مەلای ئایینی کورد خاوەنی مێژوویەکی پڕ شانازییە و خزمەتێکی زۆری ئایینی پیرۆزی ئیسلام و موسڵمانانیان کردووە، بوونی ئەو ژمارە زۆرەی مزگەوت و تەکیە و خانەقا و حوجرەکان و پەروەردەکردنی ئەو ژمارە زۆرەی سەرکردە و کەسایەتی و شاعیر و ڕۆشنبیر و پیاوچاکی کورد، بەڵگەی جوانیی پەروەردەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە، خۆ ئەگەر کۆشش و جوهدی ئەوان نەبووایە، نەك تەنیا کوردستان، بەڵکو زۆر مەملەکەت و وڵاتی دیکەی ئیسلامی ئەو ئاییندارێتییەی تێدا نامۆ دەبووەوە، ئەوە مەلای کورد بوو ئایینی ئیسلامی گەیاندە شوێنەکانی دیکە و لە ئێستاشدا مەلای کورد لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەوروپا و ئەمریکا ڕۆڵێکی جوان بۆ خزمەتکردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و موسڵمانان دەگێڕن. لە ناو کورددا زانای گەورەی بەرهەم هێناوە، وەکو شێخ ئیبن سەلاحی شارەزووری، هەر خۆی لە خۆیدا ئیمامی نەوەوی زانایەکی دیار و گەورەی موسوڵمانانە، فەقێی ئیبن سەلاحی شارەزووری بووە، کە موسڵمانان تا ئەمڕۆش سەرقاڵن بە خوێندنەوەی نووسینەکانیەوە، مەلای کورد لە ڕووی فقهی و تەفسیر و هەموو زانستەکانی دیکەی ئایین و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەرمان(د.خ) خاوەنی چەندین کتێبی گەورەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامن، لەمەش گرنگتر مەلای کورد ڕێگەی نەداوە بیری هەڵە و نامۆ بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بهێنرێتە ناو کۆمەڵگەی کوردستانییەوە و ڕەسەنایەتیی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیان پاراستووە، هەر بۆیە لە ناو کورددا توندوتیژی و زیانگەیاندن بە موسڵمانان و پێکهاتەکانی دیکەی ئایینی و ئایینزاکانەوە نەکراوە و ناکرێت.

**ئەوە مەلای کورد بوو ئایینی ئیسلامی گەیاندە شوێنەکانی دیکە و لە ئێستاشدا مەلای کورد لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەوروپا و ئەمریکا ڕۆڵێکی جوان بۆ خزمەتکردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و موسڵمانان دەگێڕن**

**مەلای کورد ڕێگەی نەداوە بیری هەڵە و نامۆ بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بهێنرێتە ناو کۆمەڵگەی کوردستانییەوە و ڕەسەنایەتیی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیان پاراستووە**

**مەلای کورد پیاوی دینی و پیاوی دونیایی بوون و ئەرکی کوردایەتیشیان لەسەر شان بووە و خزمەتی نەتەوەو ئایین و خاکیان کردووە**

*** مەلای کورد جگە لە ئەرکی خوداپەرستی و پێگەیاندنی موسڵمانان ئەرکی نەتەوەیی و پاراستنی خاك و نیشتمانەکەشیان لە ئەستۆ بووە، لە هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا پاڵپشتیی پێشمەرگە و شۆڕشیان کردووە، ئایا ئەمەش هەر بۆ ئەو شارەزایی و ڕەسەنایەتییە گەڕاوەتەوە؟**

- ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ هەموو بەشەرییەت هاتووە و ڕێزی لە هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانیش گرتووە، خودای گەورە و میهرەبان لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمویٚ: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ)، واتە: هەروەکو چۆن ئێوەم خەڵق کردووە بە نێر و مێ و بەسەر نەتەوە و هۆز و تیرەدا دابەشم کردوون بۆ پێکەوە ژیان، دیوێکی دیکەی ئەم ئایەتە پیرۆزە بوونی نەتەوە و هۆزە، پێغەمبەرمان (د.خ) کە مەککەی بە هۆی زوڵمی کافرەکان بەجێ هێشت، فەرمووی: «تۆ خۆشەویسترین وڵاتی بۆ من»، لێرەدا مەبەستی شاری مەککە بوو.

مەلای کورد پیاوی دینی و پیاوی دونیایی بوون و ئەرکی کوردایەتیشیان لەسەر شان بووە و خزمەتی نەتەوەو ئایین و خاکیان کردووە، خۆ لە سەردەمی شۆڕشەکانی کورد وەکو ئێستا نەبووە کە کەس پرسیان پێ نەکات و ئەو هەموو هزر و بۆچوونە نامۆ و دوور لە کوردایەتی و ئایینە دەرخواردی ئەم میللەتە مەزڵوومە دراوە و، هەر یەکەو بیروڕا و بۆچوونێکی دوور لە کورد و کوردایەتیی هەیە، سەرکردەکانی کورد هەر لە پێشەوا و شێخ مەحموود و شێخانی بارزان و مەلا مستەفا بارزانی و شێخ سەعیدی پیران و زۆربەی سەرکردە و پیاوچاکانی کورد، جگە لەوەی ئەهلی مزگەوت و پەروەردەی خانەقا و حوجرە و تەکییە بوون و، لە بنەماڵەی ئایینیدا پەروەردە کرابوون، پاڵپشتیی مەلای کوردیشیان دەکرد، بۆ پەروەردەکردن و ئاراستەکردنی نەتەوەکەیان بۆ کاری چاکە و بەرگریکردن لە مەزڵووم و دژایەتیکردنی داگیرکەر، لە سەردەمی شۆڕشدا ئەگەر گرفتێکی کۆمەڵایەتییش هەبووایە، لە ڕێگەی مەلاکانەوە چارەسەر کراوە، خەڵکیش گوێڕایەڵی مەلا بوون، لەو سەردەمەدا مەلای کورد پاڵپشتیی شۆڕش و پێشمەرگەیان کردووە و تاکی کوردیان بە ئاراستەی خۆشەویستیی خاك و نیشتمان و نەتەوە پەروەردە کردووە.

*** تا چەند ئەرکی مەلای ئایینی پیرۆزی ئیسلامە کە کۆمەڵگە و نەتەوەی کورد لە دووبەرەکی و فیتنە و ئاشووب بپارێزێت، بەتایبەتی لەم قۆناغە هەستیارەدا کە ئەجێندە و دەستی دەرەکی گرفت و کێشە دەنێتەوە؟**

- دوورکەوتنەوە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و دروستبوونی ئەو هەموو حزب و فکرەی نامۆ بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و بێسەروبەریی ڕاگەیاندن و سۆشیالمیدیا و لەخشتەبردنی گەنجەکانمان، هۆکاری سەرەکیی دووبەرەکی و فیتنەیە لە ناو ڕیزەکانی گەلی کوردستاندا، کورد کێشەی ئاینی و نەتەوەیی نەبووە، ئەوەی هەیە کێشە و ناکۆکیی نێوان حزبەکانە، لەم نێوەندەدا مەلای کورد ئەرکی ئیسڵاح و ئاشتەوایی و خێر و بەزەیی بۆ تاکەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردستانی جێبەجێ کردووە، ئەوەتا لە ئایەتێکی قورئانی پیرۆزدا هاتووە و پەروەردگار بە پێغەمبەرەکەی دەڵێت: (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلا رِحْمَةً لِلْعَالَمِينَ)، لە فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: (المسلم أخو المسلم، لا يظلمه، ولا يخذله، ولا يكذبه، ولا يحقره..) هەر بۆچوونێکی نامۆ بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و کەلتووری کوردەواری کە لێرە دروست بووبێت، بە هۆی حزبەکانەوە بووە، تەنانەت حزبە علمانییەکان علمانییەکانی دیکەیان قبووڵ نییە و بە پێچەوانەشەوە حزبێکی ئیسلامی حزبێکی دیکەی ئیسلامی قبووڵ نییە و خۆیان پێ ڕاستترە، بوونی ئەو هەموو حزبە و دژایەتیکردنی یەکتر هۆکاری نانەوەی دووبەرەکی و پشێوی و ناکۆییە، بە پێچەوانەوە گەلی کورد کێشەی نێوان نەتەوە و ئایین و ئاینزاکانی نییە، ئەوەی هەیە ناکۆکی و ناتەبایی و گرفتی نێوان حزبەکانە، حزبە علمانییەکان بەرنامەی ڕۆژئاوایی و دوور لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامیان هێناوە و

حزبە ئیسلامییەکانیش هزری نامۆ بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام و کەلتووری کوردەوارییان بۆ هێناوین و توندوتیژیان خستۆتە ناو ئایینەکەمانەوە، لە کاتێکدا ئایینی پیرۆزی ئیسلام دوورە لەو هەڵسوکەوت و قسانە. من داوا لە چین و توێژەکان و مامۆستایان و مامۆستا و مەلای ئایینی دەکەم کە ڕووبکەنە کاری ئیسڵاح و باشە و لە حزبایەتی و دووبەرەکی و نیفاق دوور بکەونەوە، لە ناو هەموو نەتەوەیەکدا سەرکردەیەك، یان پیاوچاکێك هەبووە و هەمووان بە جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینەوە گوێڕایەڵی بوون و لەکاتی ناخۆش و دووبەرەکی و ناکۆکیدا گەڕاونەتەوە و پرس و ڕایان پێ کردووە بە هاوشێوەی باوك بۆ خێزان، ئەم سەرکردە و پیاوچاکانە ڕێگرییان لە کەسانی گێرەشێوەن و فیتنەگێڕ کردووە، بەداخەوە لەم چەرخەدا بەتایبەتی لە ناو کورد وای لێ هاتووە خەڵکان هان دەدرێن بە قسەی سەرکردە و پیاوچاکەکانیش نەکرێت و دژی هەموو ئامۆژگاری و ڕێنیشاندەرێکی باش بن. لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا هەر سەرۆك و سەرکردەیەك کاری چاکەی کرد و میللەتەکەی هان دا بۆ ڕێگەی ڕاست، نابێت موسڵمانان دژی بوەستنەوە. کورد دەبێت جیاوازی بکات لە نێوان پرسی نەتەوە و خاك و نیشتمان لەگەڵ بیروبۆچوون و هزر و ئایدیۆلۆژییەت، ئەگەر کورد ڕابەرایەتییەکی باش نەکرێت، ئازار و مەینەتییەکانمان هەر بەردەوام دەبێت.

*** ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام چییە لە دژایەتیکردنی توندوتیژی و چاندنی تۆوی پێکەوە ژیان و لێبووردەیی؟**

- ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نییە بە زۆر خەڵکی بکرێتە موسڵمان، تەنانەت خودای گەورە و میهرەبان بە پێغەمبەرەکەی (د.خ) دەفەرموێت: کەس بە زۆر نەکرێتە ئیسلام. ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ بەشەرییەت هاتووە (بە موسڵمان و ناموسڵمانیشەوە)، لەبەر ئەوەی مامۆستا و مەلای ئایینی ئیسلام لە ناو کورددا هەڵگری زانست و زانیاری بوون، بۆیە ڕێگەیان نەداوە بە هزری توندوتیژ و نامۆ زیان بە ئایینەکە و کۆمەڵگە و وڵات بگەیەندرێت. بوونی ئەو هەموو ئایین و ئایینزا و مزگەوت و کەنیسە و پەرستگەیە، نموونەیەکی جوانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە، تەنانەت چەندین ئایینزای دیکە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە و، لێرە هەرگیز ئازار نادرێن، بەڵام بەداخەوە سیفات و هەڵسوکەوتی مونافقی زیاد بووە و بڵاو بووەتەوە، لە سەردەمی پێغەمبەریشدا دووبەرەکی و نیفاق هەبووە و لە زۆربەی جیهادەکاندا کەسانێك هەبوون موسڵمانانیان لە غەزا و هەڵمەتەکان سارد دەکردەوە، لەم سەردەمەشدا لە چەندین شۆڕش و ڕاپەرینی گەلەکەماندا کەسان و گرووپێك هەبوون کە زیانیان بە دۆزی ڕەوای کورد گەیاندبێت.

من هەموو ئەم گرفت و کێشە و دەردەسەرییەی تووشی بووین، بۆ خراپیی پەروەردەی منداڵ و خێزان دەگەڕێنمەوە، منداڵ لە ناو خێزانەوە تاوەکو خوێندنی قۆناغی سەرەتایی و دواتر قۆناغەکانی دیکەی خوێندن تاوەکو قۆناغی زانکۆ هەمووی لایەنی پەروەردەیی تێدا فەرامۆش کراوە، هەمووان سەرقاڵی بەدەستهێنانی نمرەی باشن، کەس گوێ بە لایەنی پەروەردە و هوشیاری نادات، هەندێك لە مامۆستایان بە ئەرکی دینی و دونیایینی خۆیان هەڵناسن و منداڵەکانمان فێری کار و ڕەفتاری باش ناکەن، منداڵ وەکو نەمامێك ئەگەر بە خواری بیچێنیت، لە گەورەییدا ڕاست ناکرێتەوە، مامۆستایانی قوتابخانە دەبێت لە پۆلدا دوور بکەونەوە لە حزبایەتی و چاندنی هزر و بۆچوونی خۆیان، ئەرکی ئەوان پەروەردە و خوێندنە نەك حزبایەتی و ئاراستەکردنی قوتابییەکان بەو ڕێگەیەی خۆیان پێیان خۆشە، لایەنێکی دیکەی تێکچوونی شیرازەی خێزان و پەروەردەیی، بۆ ئەو بێسەروبەرییەی ڕاگەیاندن دەگەڕێتەوە کە بێ سانسور سەدان بابەتی سەقەت و دوور لە کەلتووری کورد و ئایینی پیرۆزی ئیسلام پەخش دەکەن، هەر کەسێك خۆی نەناسێت، ناتوانێت خودای گەورە و میهرەبانیش بناسێت، فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) هەیە دەفەرموێت: (المسلم من سلم المسلمون من لسانه ویده).

**لە سەردەمی شۆڕشدا ئەگەر گرفتێکی کۆمەڵایەتییش هەبووایە، لە ڕێگەی مەلاکانەوە چارەسەر کراوە، خەڵکیش گوێڕایەڵی مەلا بوون، لەو سەردەمەدا مەلای کورد پاڵپشتی شۆڕش و پێشمەرگەیان کردووە**

**دروستبوونی ئەو هەموو حزب و فکرەی نامۆ بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و بێسەروبەریی ڕاگەیاندن و سۆشیالمیدیا و لەخشتەبردنی گەنجەکانمان، هۆکاری سەرەکیی دووبەرەکی و فیتنەیە لە ناو ڕیزەکانی گەلی کوردستاندا**

**حزبە علمانییەکان بەرنامەی ڕۆژئاوایی و دوور لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامیان هێناوە و حزبە ئیسلامییەکانیش هزری نامۆ بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام و کەلتووری کوردەوارییان بۆ هێناوین**

## بۆ حزبە کوردستانییەکان.. بەڕێزان وریا بن!

# بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی ساغڵەم تەنیا بە هیوا و دروشم نایەتە دی

**ئەوەی ئێستا کاری جددی دەوێت، لە پێناو دڵنیابوون لە ئایندەی خۆی تاکو بتوانێت خێزان پێکەوە بنێت و منداڵەکانی پەروەردە بکات، وێڕای دەستپێشخەریی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە هەنگاوی گرنگی ناوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و کەمکردنەوەی خەرجییەکانی حکومەت، کە ئەمە کارێکی ئەرێنییە، بەڵام کارەکە پێویستی بەوەیە کە سەرچاوەکانی گەندەڵی نەهێڵدرێت، هاوکات کار بکرێت بۆ چاککردنی ئەدای دامەزراوە کارگێڕی و داراییەکان و پشتبەستن بە کادیری نیشتمانپەروەری دڵسۆز، وەك ڕابەر و خەباتگێڕ ژەنراڵ مستەفا بارزانی فەرموویەتی: «خزمەتی ڕاستەقینە ئەوەیە کە بە دڵسۆزییەوە بکرێت، هەروەها ئەوە لەبەرچاو بێت کە ئەم خزمەتە بۆ گەلە».**

هیچ قەوارەیەکی سیاسیی پەسەند ناتوانێت بێ کۆمەڵگەیەکی شارستانی دروست ببێت، چونکە کۆمەڵگە تاکە باوەشە کە حوکمڕانیی هۆشمەند و چاك دێنێتە ئاراوە، بۆیە کاتێك کۆمەڵگە هۆشیار و شارستانی دەبێت، کادیری بەتوانا و سەرکردەی لێهاتوو بەرهەم دێنێت، کە سیستەمێکی سیاسیی شارستانی پەیڕەو دەکات، پشت بە فرەیی سیاسی و فیکری دەبەستێت و، ڕێز لە ماف و ئازادییەکانی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە دەگرێت، ئەم کادیرە هۆشیارانە کار دەکەن بۆ چەسپاندنی وەلا و قوربانیدان لە پێناو کۆمەڵگەدا، هەروەها هەمیشە کار دەکەن لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا، پابەندیشن بە بەها و پرەنسیپە مرۆییەکان، لێرەدا پێویستە چینی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لە جیاتی خەریکبوون بە زیادکردنی هەژموونی سیاسی و حزبییان و فراوانکردنی ناوچەی دەسەڵاتیان و زیادکردنی داهاتەکانیان و هێزی سەربازییان، پەرژێتە سەر بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی هۆشیار کە ئینتیمای بۆ گەل و نیشتمان. هەبێت

سەرباری بڕیاردان بەوەی کە بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی ڕۆشنبیر و هۆشمەندی کوردستانی ئەرکێکی سەختە و پشتبەستووە بە گیانی دڵسۆزی و دەستپاکی و ئینتیما و قوربانی، هەر



**پ. د.کامەران ساڵحی**

شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ

بۆ گوڵانی نووسیوە

وەك لە ساڵانی شەستەکان کە سەرکردایەتیی سیاسی قوربانیی بە خۆی دەدا، لە پێناو گەل و وەدیهێنانی مافەکانی، بەڵام ئەوەی دوای ڕاپەڕین لە کوردستان ڕووی دا، بە پێچەوانەی ئەمە بووە، هەر چەندە ئەمە ڕێگر نییە لەوەی کە جارێکی دیکە دەستپێشخەری بکرێت بۆ یەکگرتنەوە و هاریکاری و قوربانی و ئینتیما بۆ کۆمەڵگەی کوردستانی، لە جیاتی ئەو پاشاگەردانی و بێ سەروبەرییە فیکرییە و فەرامۆشی و بێ ئومێدی و نەمانی ئینتیما بۆ گەل، کە کۆمەڵگە ئێستا پێوەی دەناڵێنێت، هاوکات هەڵکشانی حاڵەتی نائومێدی و حەزکردن بە کۆچ، ئەمانە هەموو بە هۆی ڕەفتاری خراپی هەندێ لە سەرکردایەتییە سیاسییەکانە، کە هەڵپەی کۆکردنەوەی سامانیانە و، بە فیزەوە مامەڵە لەگەڵ جەماوەردا دەکەن و، داواکارییەکانیان پشتگوێ دەخەن و بەڵێنی درۆیان پێ دەدەن.

چینی سیاسی، بەتایبەتی ئەوانەی لە کوردستان حوکمڕانن، لە جیاتی ئەوەی بەردەوام بە خەبات و قوربانی خۆیاندا هەڵبڵێن، پێویستە هەڵسەنگاندن بۆ کردەوەکانی ساڵانی ڕابردوویان بکەن و، دیدگەیەکی ڕوونیان هەبێت سەبارەت بە ئایندەی نەوەی ئێستا و داهاتوو، چونکە ئەم بابەتە هیچ گرنگییەکی لای نەوەی تازە نییە، بەتایبەتی نەوەی دوای ڕاپەڕین لە سەرەتای نەوەدەکان، ئەم نەوەیە تەنیا ئەوەی دەوێت کە ئایندەیەکی هەبێت و ژیانێکی ئاسوودەی بۆ دابین بکرێت.

لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە، ئایا ئەو حزبە کوردستانییانەی کە حوکمڕانیی کوردستانیان کردووە، یان ئۆپۆزسیۆنەکان، ڕۆڵی خۆیان بینیوە لە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی شارستانیدا؟ دواجار ئایا دەستپێشخەرییان کردووە لە دانانی بناغەیەك بۆ حوکمڕانییەکی هۆشمەند و باش؟ لە ڕاستیدا زۆربەی ئەو حزبانە خەریکی پەیوەندیی تەسکی حزبایەتی و بەرژەوەندیی خۆیانن، کە کار گەیشتووەتە ئەوەی کادیرە کۆنەکانی خۆیان فەرامۆش کردووە کە لە ڕیزەکانیاندا خەباتی بەردەوامیان کردووە، جگە لەوەی کە جەماوەر پاڵپشتیی ئەو حزبانەیان کردووە، بەتایبەتیش جووتیارانی کوردستان، ئەمەش وتەیەکی بارزانیی نەمرمان دێنێتەوە یاد کە گوتبووی: «دڵنیام لە سەرکەوتنی گەلی کورد، بەڵام ئەوەی لێی دەترسێم، ئەوەیە کە حزب کادیرە خەباتگێڕەکانی خۆی پشتگوێ بخات، کە لە شۆڕشەکانی کورددا بەشدار بوون»، هەر وەك ئێستا ئەمە ڕوون و بەرچاوە.

ئەوەی گرنگە بیلێین، ئەوەیە کە بەردەوامبوونی

**لە ساڵانی شەستەکان کە سەرکردایەتیی سیاسی قوربانیی بە خۆی دەدا، لە پێناو گەل و وەدیهێنانی مافەکانی، بەڵام ئەوەی دوای ڕاپەڕین لە کوردستان ڕووی دا، بە پێچەوانەی ئەمە بووە**

**هەڵکشانی حاڵەتی نائومێدی و حەزکردن بە کۆچ، ئەمانە هەموو بە هۆی ڕەفتاری خراپی هەندێ لە سەرکردایەتییە سیاسییەکانە، کە هەڵپەی کۆکردنەوەی سامانیانە و، بە فیزەوە مامەڵە لەگەڵ جەماوەردا دەکەن و، داواکارییەکانیان پشتگوێ دەخەن و بەڵێنی درۆیان پێ دەدەن**



چینی سیاسی، بەتایبەتی ئەوانەی لە کوردستان حوکمڕانن، لە جیاتی ئەوەی بەردەوام بە خەبات و قوربانی خۆیاندا هەڵبڵێن، پێویستە هەڵسەنگاندن بۆ کردەوەکانی ساڵانی ڕابردوویان بکەن

زۆربەی ئەو حزبانە خەریکی پەیوەندیی تەسکی حزبایەتی و بەرژەوەندیی خۆیانن، کە کار گەیشتووەتە ئەوەی کادیرە کۆنەکانی خۆیان فەرامۆش کردووە کە لە ڕیزەکانیاندا خەباتی بەردەوامیان کردووە

ئەو چینە سیاسییانەی کوردستان لە فەرامۆشکردنی جەماوەر و خۆبەزلزانین، هەروەها تەنیا خەمی وەلائی حزبی و شەخسییان هەبێت، هاوکات بەردەوام هەوڵی دەستکەوتی ماددیی تاکەکەسییان بدەن، لەجیاتی ئەوەی کار بۆ بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی شارستانی و دیموکراسی بکەن، کە دادپەروەری و یەکسانی و ڕێزگرتنی یاسای تێدا بچەسپێت، ئەوا ئەنجامی خراپ و کارەساتباری لێ دەکەوێتەوە، کە دواجار ئینتیما بۆ گەل و نیشتمان لاواز دەکات، سەرەنجام نەوەیەك دێتە کایەوە کە ئینتیمای بۆ پرەنسیپ و بەها نیشتمانی و کۆمەڵایەتییەکان نامێنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوە و لەباربردنی ژێرخانی کۆمەڵایەتی، کە لە دۆخی وادا ئەستەمە کۆمەڵگەیەکی شارستانی و سیستەمێکی ساغڵەمی سیاسی بنیاد بنرێت.

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە حزبە حوکمڕان و ئۆپۆزسیۆنەکان لە کوردستان دەستبەرداری پێداهەڵدان بە دروشمگەلی نیشتمانی و قوربانییەکانیان ببن، لەو دۆخەی کە ئێستا لە کوردستان هاتووەتە ئاراوە؟ نیشتمان بە دیدی نەوەی ئێستا ئەویە کە ئەو نیشتمانە ببێتە برایەتی و خۆشەویستی و یەکسانی و دادپەروەری و ڕێزگرتن لە یاسا و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و فەراهەمکردنی ژیانێکی ئاسوودە و ئایندەیەکی گەشاوەی تێدا بچەسپێت.

پێویستە ئەو حزبانە دەرك بەوە بکەن کە دوێنێ ئەمڕۆ نییە، ئەگەر بیانەوێت نەوەی ئێستا و ئایندە بە گیانی نیشتمانپەروەری و قوربانی گۆش بکەن، نابێت تەنیا باس لە سەروەرییەکانی ڕابردوویان بکرێت، یان بەڵێنیان پێ بدرێت، چونکە بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی ساغڵەم بە هیوا و درووشم نایەتە دی، بۆیە بنیادنانی حوکمڕانیی باش و هۆشمەند پێویستی بە ئیرادەیەکی نیشتمانیی هۆشیار و کارا هەیە، کە بتوانێت سیستمێکی سیاسیی فرەیی و سەقامگیر بنیاد بنێت، کە ڕێز لە سەروەریی یاسا و بەها مرۆییەکان بگرێت و بڕوای بە ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەبێت، کە بەشداری لە دەرکردنی بڕیار و یاساکان بکەن لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگەی کوردستانیدا.

ئەوەی ئێستا لە کوردستان دەگوزەرێت، هەر لە کێشمەکێشی نێوان حزبەکان، دۆخێکی نائومێدی هێناوەتە ئاراوە، بەتایبەتی لای نەوەی گەنج، کە تەنیا گوێی لە هەندێ بەڵێن دەبێت، کە گوایە باروگوزەرانیان باش دەبێت، یان هەندێ هەواڵ دەبیستێت لەمەڕ دیدار و کۆبوونەوە حزبییەکان، کە هیچ ئەنجامێکیان لێ ناکەوێتەوە، ئەوەی بۆ گەلی کوردستان گرنگە، ئەوەیە کە ئەم حزبانە دیدگەیەکی ڕوونیان هەبێت لە بارەی چۆنێتیی بنیادنانی سیستمێکی ساغڵەمی سیاسی و ئابوورییەکی بەرهەمهێن بۆ وەدیهێنانی گەشەپێدانی سامانی مرۆیی، ئەوەی لای گەلی کوردستان گرنگە پێکەوە ژیانە لە نێوان حزبەکان و کێبڕکێیە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان،



ئەوەی بۆ گەلەکەمان گرنگە سەقامگیریی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەقامگیریی ئاسایش و کارکردنە لە پێناو بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی شارستانیدا، کە بێ منەت بتوانێت هەموو خزمەتگوزارییە تەندروستی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکان بۆ ڕۆڵەکانی دابین بکات.

ئەوەی لای ئەم نەوەیە گرنگە وەدیهێنانی دادپەروەری و یەکسانی و هاریکارییە، نەك ئەوەی کە لە میدیاکاندا باس دەکرێت، تایبەت بە دیداری نێوان وەزیرەکان، یان لەگەڵ دامەزراوەکانی وەزارەت و وێنەگرتن لەگەڵ میوانان، ئەم نەوەیە کاری جددی دەوێت، لە پێناو دڵنیابوون لە ئایندەی خۆی، تاکو بتوانێت خێزان پێکەوە بنێت و منداڵەکانی پەروەردە بکات، وێڕای دەستپێشخەریی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە چەندین هەنگاوی گرنگی ناوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و کەمکردنەوەی خەرجییەکانی حکومەت کە ئەمە کاری ئەرێنییە، بەڵام کارەکە پێویستی بەوەیە کە سەرچاوەکانی گەندەڵی نەهێڵدرێن، هاوکات کار بکرێت بۆ چاککردنی ئەدای دامەزراوە کارگێڕی و داراییەکان و پشتبەستن بە کادیری نیشتمانپەروەری دڵسۆز.

کۆمەڵگەی شارستانی و حوکمڕانیی باش و هۆشمەند بە تەمای هیوا و خواست و بەڵێن و سەردان و گەشتی هەندێ لە بەرپرسان لە بازاڕ و وێنەگرتن دروست نابێت، بەڵکو بە ئیرادەی ڕاستەقینە و ڕێزگرتن لە ماف و هەست و سۆزی هاووڵاتیان و وازهێنان لە لووتبەرزی و خۆدەرخستن و دیاردەی ساختە و ڕازاندنەوەی ئۆفیس و ئۆتۆمبێلی گرانبەهای بەرپرسان دێتە دی.

لەسەر حزبە سیاسییەکان پێویستە کاری جددی بکەن بۆ هێنانەکایەی حوکمڕانییەکی باش بە پێدانی دەرفەت بە کادیرانی زانستی و دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بە بەشداریکردن لە دەرکردنی بڕیار بە هەموو شەفافییەتێکەوە، ئەمەش پێویستی بەوەیە حزبەکان ڕیزەکانیان لە کەسانی گەندەڵ و هەلپەرست پاك بکەنەوە، هەروەها دژایەتیی گەندەڵی بکەن و هەموو هەوڵێکیان بخەنە خزمەت گەل و نیشتمان بێ جیاوازی، ئەگەرنا چارەنووسیان لەناوچوون دەبێت.

لە کۆتاییدا دەمەوێت ئاماژە بە وتەی هەندێ لە دانایان بکەم کە گوتوویانە: ئەو گەلانەی ناتوانن ئازایانە نەخۆشییەکانیان دەستنیشان بکەن، ئەوا لە ئەنجامدا لەبەر بە هەڵە بەکارهێنانی دەرمان دەمرن، هەروەها ماندێلای خەباتگێڕ گوتوویەتی: «گەندەڵکاران نیشتمان بنیاد نانێن، بەڵکو بینای خۆیان دەکەن و نیشتمان گەندەڵ دەکەن».

رابەر و خەباتگێڕ ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی گوتوویەتی: خزمەتی ڕاستەقینە ئەوەیە کە بەدڵسۆزییەوە بکرێت، هەروەها ئەوە لەبەر چاو بێت کە ئەم خزمەتە بۆ گەلە.

**ئەوەی بۆ گەلەکەمان گرنگە سەقامگیریی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەقامگیریی ئاسایش و کارکردنە لە پێناو بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی شارستانیدا**

**کۆمەڵگەی شارستانی و حوکمڕانیی باش و هۆشمەند بە تەمای هیوا و خواست و بەڵێن و سەردان و گەشتی هەندێ لە بەرپرسان لە بازاڕ و وێنەگرتن دروست نابێت**



**د. فازڵ نەبی**
شارەزا لە بواری دارایی و ئابووری بۆ گولان:

# عێراق لە دۆخێکی پشێوی دارایی و ئاودیوکردنی دۆلاردایە و چاوەڕوان ناکرێت بەم نزیکانە بەهای دینار جێگیر ببێتەوە

**داشکانی بەهای دیناری عێراقی و هەڵکشانی بەردەوامی بەهای دۆلاری ئەمریکی جگە لەوەی ناجێگیریی نرخی دیناری لێ کەوتووەتەوە، بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی شمەك و پێداویستییەکانی هاووڵاتیان و ئەوەش نارەزایەتییەکی توندی شەقامیشی لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقی بە دوای خۆیدا هێنا، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی ساز دا لەگەڵ دکتۆر فازڵ نەبی شارەزا و پسپۆڕ لە بواری دارایی و ئابووری، کە بریکاری پێشووتری وەزارەتی دارایی عێراقیش بووە، بەم جۆرە بۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو.**

*** سەرەتا با لە هۆکارەکانی ئەم ناجێگیرییە و چارەسەرنەبوونی بەرزکردنەوەی بەهای دیناری عێراق دەست پێ بکەین، وەکو شارەزایەکی دارایی کە هاوکات پێشتر لە پۆستی بریکاری وەزارەتی دارایی عێراقدا کارت کردووە، ئایا هۆکاری بەردەوامی و چارەسەرنەبوونی ئەم شڵەژانەی دۆخی بەهای دیناری عێراقی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- بانکی ناوەندی و حکومەتی عێراق ناچارە ئەو ڕێکارە نوێیانەی بانکی فیدراڵیی ئەمریکا کە بۆ فرۆشتنی دۆلار بە نرخی پاڵپشتیکراوە جێبەجێ بکەن، ئەگەر وانەکەن حکومەتی عێراق دەکەوێتە ژێر فشاری ئەمریکا و ڕەنگە سزای توندی دارایی بەسەردا بسەپێندرێت. ئەمریکا پێی وایە بڕێکی زۆر دۆلار لە عێراقەوە ئاودیوی وڵاتی ئێران دەکرێت، ئەو وڵاتەش هاوپەیمانییەکی باشی لەگەڵ ڕووسیا هەیە و پەیوەندییەکی زۆریش لە نێوان بانکەکانی هەردوو لایان هەیە، حکومەتی عێراقیش کە فرۆشتنی نەوتی بە دۆلارە و لە حیسابێکی بانکی ئەمریکادایە، بەپێی جێبەجێکردنی ڕاسپاردە و داواکارییەکانی بانکی فیدراڵی مەترسیی ناردنی پارەکەی بۆ سەر حیسابەکانی هەیە، هەر خۆی لە خۆیدا جێبەجێنەکردنی ڕێنمایی و داواکارییەکانی لایەنی ئەمریکی بە دیوێکی دیکەدا ئەوەندەی فریاکەوتنی دیناری عێراقییە لە دارمانێکی چاوەڕوانکراو، ئەوەندە فشار نییە، لە ساڵی ٢٠٠٤ـەوە شووشتنەوەی پارە و ئاودیوکردنی دۆلار لە عێراقدا بەردەوامیی هەیە، پێشتر ئەم پارەیە بۆ سەرحیسابی بەرپرسانی عێراق دەڕۆشت و بۆ ئەمریکا ئەوەندە کێشە نەبووە و دانوستانەکانی بەرنامە ئەتۆمییەکەش لەگەڵیدا هەبوو، بەڵام کاتێك ئەم تاوانە داراییە ببێتە سەرچاوەیەکی دارایی باش بۆ ئێرانێك کە لە میحوەری ڕووسیادایە و سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بەرنامە ئەتۆمییەکەش گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەوا وەکو پێشتر چاوپۆشی لێ ناکات، چاوەڕوانیش ناکرێت بەم نزیکانە عێراق بتوانێت کارئاسانی لە ڕێکارەکانی فرۆشتنی دۆلار لە بانکی ناوەندی بکات، بەتایبەتی لە فرۆشتنی دۆلاری حەواڵە کە زۆرترین قەبارەی فرۆشتنی دۆلار و جێگیرکردنی نرخەکەیەتی.

*** بەڵام ئەم ڕێکارە نوێیانە بوونەتە هۆی داشکانی زیاتری بەهای دینار و ناجێگیری بەهاکەی، دواجار کاریگەریی خراپی لەسەر بژێوی ژیانی هاووڵاتیان و بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵاوسانی نرخەکان هەبووە. ئایا دەکرێت بڵێین هەنگاوەکانی بانکەکە و حکومەتی عێراق هۆکارێك دەبن بۆ ئەوەی بەم نزیکانە بەهای دینار ڕوو لە دابەزین بکات؟**

- کەس ناتوانێت نکۆڵی لەو پشێوی و بەرەڵاییە بکات کە لە ڕووی داراییەوە عێراق تێی کەوتووە، ڕاستکردنەوە و چارەسەرکردنی ئەم دۆخەش کاتێکی زۆری پێویستە و بەبێ چارەسەری دارایی و ئابووری ناکرێت. لەم ماوە دوور و درێژەی داهاتووشدا بانکی ناوەندی ناتوانێت وەکو جاران ڕۆژانە ٢٥٠ ملیۆن دۆلار بە نرخی پاڵپشتیکراو بفرۆشێت بە شێوەی حەواڵە، هەروەکو ئێستا دیارە ڕۆژانە زۆر کەمتر لە ١٠٠ ملیۆن دۆلار دەخاتە ناو بازارەوە، چونکە خواست لەسەر دۆلاری حەواڵە بەو ڕێکارە نوێیانە لەلایەن بانك و کۆمپانیا و بازرگانەکانەوە زۆر

**ئەمریکا پێی وایە بڕێکی زۆر دۆلار لە عێراقەوە ئاودیوی وڵاتی ئێران دەکرێت، ئەو وڵاتەش هاوپەیمانییەکی باشی لەگەڵ ڕووسیا هەیە و پەیوەندییەکی زۆریش لە نێوان بانکەکانی هەردوو لایان هەیە**

**جێبەجێنەکردنی ڕێنمایی و داواکارییەکانی لایەنی ئەمریکی بە دیوێکی دیکەدا ئەوەندەی فریاکەوتنی دیناری عێراقییە لە دارمانێکی چاوەڕوانکراو، ئەوەندە فشار نییە**

**لە کۆتاییەکانی هەفتەی ڕابردوودا بەهای دینار داشکانێکی پێوانەیی بەخۆیەوە بینی و ١٠٠ دۆلاری ئەمریکی گەیشتە ١٧٥ هەزار دیناری عێراقی، ئەمەش زیانێکی گەورەی بە بژێوی ژیانی هاووڵاتیان و بەهای ئەو دینارە گەیاندووە کە لە گیرفانی مووچەخۆران و هاووڵاتیاندایە**

گرفتەکە لێرەدایە کە کار و هەنگاوەکانی بانکی ناوەندی زۆر لەسەرخۆن و یارمەتیدەر نییە بۆ بەرزکردنەوەی خستنەڕووی دۆلار بەرانبەر کەمبوونەوەی خواست

لابردنی پارێزگاری بانکی ناوەند و دانانی کەسێک کە شارەزایی و پسپۆڕایەتی لە بواری دارایی و نەختینەیی هەبوو، ڕەنگە تا ڕادەیەک لە ڕووی شارەزایی و بڕیاردانەوە کاریگەری هەبێت، بەڵام دواجار ئەمیش پێویستی بە پشتیوانیی حکومەت هەیە

حکومەتەکەی سوودانی یەک دەست نییە، تاوەکو هەموو پێکەوە بەرەو ئاراستەی ڕاگرتنی ئاودیوکردنی دۆلار هەنگاو بنێن

لە ئێستاوە بە پشتبەستن بە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی، لە ناو پەرلەمانی عێراق زیاتر لە ١٢٠ واژوو کۆکراوەتەوە بۆ دژایەتیکردنی کوردستان و دانانی مەرجی قورستر لە ڕێککەوتنی پێشوو

زۆر کەمی کردووە، بۆیە چاوەڕوان ناکرێت نرخی دۆلار وا بە ئاسانی دابەزێت و ماوەیەکی دەوێت تاوەکو نرخەکەی جێگیر دەبێت، بەڕادەیەك لە کۆتاییەکانی هەفتەی ڕابردوودا بەهای دینار داشکانێکی پێوانەیی بەخۆیەوە بینی و ١٠٠ دۆلاری ئەمریکی گەیشتە ١٧٥ هەزار دیناری عێراقی، ئەمەش زیانێکی گەورەی بە بژێوی ژیانی هاووڵاتیان و بەهای ئەو دینارە گەیاندووە کە لە گیرفانی مووچەخۆران و هاووڵاتیاندایە، ئەوەش ناڕەزایەتیی توندی بە دوای خۆیدا هێناوە، هەرچی هەنگاوەکانی حکومەتی عێراق و بانکی ناوەندیش هەیە، هەر لە لابردنی پارێزگاری بانکەکە و ئەو دانوستان و گفتوگۆیانەی بە ئاشکرا و بە نهێنی بەڕێوە دەچن، لە ڕووی زانستی و مەنتیقەوە ڕێگە نادات، جارێکی دیکە بانکی ناوەندی گەمە بە نرخی پاڵپشتیکراوی دینار بکات، واتە نرخی فەرمیی دینار بەرانبەر دۆلار لە لای بانکەکە وەکو خۆی نە بەرز دەکرێتەوە، نە نزم دەکرێتەوە، بەڵام لە هەوڵی ئەوەدایە ئەو نرخەی لە بازاڕەکانی ناوخۆدا هەیە، بیگەڕێنێتەوە دۆخی جارانی، گرفتەکە لێرەدایە کە کار و هەنگاوەکانی بانکی ناوەندی زۆر لەسەرخۆن و یارمەتیدەر نییە بۆ بەرزکردنەوەی خستنەڕووی دۆلار بەرانبەر کەمبوونەوەی خواست، بە واتایەکی دیکە سیاسەتەکانی نەختینەیی بۆ کۆنترۆڵکردنی داشکانی بەهای دینار و کەمبوونەوەی ڕێژەی هەڵاوسان زۆر لاوازە.

*** باس لەوە دەکرێت بانکەکە فرۆشتنی دۆلاری حەواڵەی کەم نەکردووەتەوە، بەڵکو ئەوە بە هۆی ڕێکارە نوێیەکانە کڕینی حەواڵە لە بانکەکە زۆر کەمی کردووە و، دواجار خواست و خستنەڕووی دۆلاری لە بازاڕە نوێیەکان تێك داوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا حکومەت ناتوانێت سیستەمی دارایی بۆ ئاڵوێرە بازرگانییەکانی بگۆڕێت؟**

- عێراق وڵاتێکی بەکارهێنەر و بەکاربەرە و زۆربەی شمەك و پێداویستییەکانی لە دەرەوە بە دۆلار لە ڕێگەی حەواڵەوە دەیهێنێت، لەکاتێکدا لە دونیای پێشکەوتوودا هێنانی کاڵا و پێداویستی و ئاڵوێری بازرگانی بە حەواڵە نییە، بەڵکو هاوردە لە ڕێگەی باوەڕپێکردنی قەواڵەیی (اعتمادات المستندیە- LC)ـەوەیە، کە لە عێراق زۆر کەم بەکار دێت، بەکارهێنانی ئەم سیستەمە ڕێگە نادات ئاودیوکردنی دۆلار و قاچاخچێتی و زۆر تاوانی دیکەی دارایی و نەختینەیی بکرێت، جگە لەمە هەرچی هەنگاوەکانی دابینکردنی دۆلار هەیە بۆ ئەو خەڵکانەی لە دەروازەکان و فرۆکەخانەکانەوە پێویستیانە کاریگەرییەکانی زۆر زۆر لاوازە، خۆ چەند زیاد بێت ڕۆژانە یەك ملیۆن دۆلار زیاتر تێپەڕ ناکات، لە کاتێکدا بازرگانێك لە فرۆشتنی دۆلاری حەواڵە ١٠ ملیۆن دۆلار بەدەست دەهێنێت ٩ ملیۆنی بۆ ئاودیوکردن و گەمەکردن بە نرخەکەی بەکار دەهێنێت، تەنانەت لابردنی پارێزگاری بانکی ناوەند و دانانی کەسێك کە شارەزایی و پسپۆڕایەتی لە بواری دارایی و نەختینەیی هەبوو، ڕەنگە تا ڕادەیەك لە ڕووی شارەزایی و بڕیاردانەوە کاریگەریی هەبێت، بەڵام دواجار ئەمیش پێویستی بە پشتیوانیی حکومەت هەیە.

*** وەکو کەسێك کە پێشتر جێگری وەزارەتی دارایی عێراق بوویت، ئایا پێت وا نییە گەورەترین ئاستەنگ بۆ جێبەجێکردنی بڕیار و هەنگاوەکانی بانکەکە و حکومەت خودی گەورە بەرپرسانی حکومەتە کە وەلائیان بۆ ئەو لایەنە سیاسییانەیە کە دەستیان لە ئاودیوکردنی دۆلار هەیە؟**

- پرسیارە گرنگەکە لێرەدا ئەوەیە، تا چەند گەورە بەرپرسانی حکومەت ڕێگە دەدەن ڕێکارە زانستی و ڕاستەکە بگیرێتەبەر، لە کاتێکدا هەر خۆیان پەیوەندییان هەیە بەو گرووپانەوە کە ڕۆڵیان لە ئاودیوکردنی دۆلاردا هەیە و، ڕێگە نادەن هیچ کار و هەنگاوێك بنرێت، ئەگەر لە بەرژەوەندی خۆیان نەبێت، بە واتایەکی دیکە حکومەتەکەی سوودانی یەك دەست نییە، تاوەکو هەموو پێکەوە بەرەو ئاراستەی ڕاگرتنی ئاودیوکردنی دۆلار هەنگاو بنێن.

*** بودجەی گشتیی ساڵی ٢٠١٣ی عێراقی فیدراڵی بەوەی گەورەترین بودجەیە لە مێژووی حکومەتی عێراقدا، تا چەند دەتوانێت کۆتایی بە زۆر کێشە و گرفتی دارایی و ئابووری بهێنێت، هەر هیچ نەبێت بۆ جووڵاندنەوەی بازاڕ و ئابووری و دواجار بەهێزبوونی دراوی وڵاتەکە؟**

- من ڕاوبۆچوونێکی جیاوازم نییە، بەوەی بودجە زۆر پێویستە و بە پێوەرێك بۆ حوکمڕانیی باش و کەمکردنەوەی گەندەڵی و پەیڕەوکردنی شەفافییەت دادەنرێت، بەڵام کێشەی بودجە لە

عێراقدا وێڕای کەموکورتییەکانیشی وەکو زۆر بواری دیکە تێکەڵ بە مەسەلە سیاسییەکان بووە، هەر خۆی لە خۆیدا بودجەکانی عێراق زۆربەیان کورتهێنانی گەورەیان تێدا بووە، لە ئێستادا کاتێك سەقفی بودجە بۆ نزیکەی ٢٠٠ تریلۆن دینار بەرز دەکەیتەوە، بە خەمڵاندنی بەرمیلێك نەوت بۆ ٦٥ دۆلار، مەترسیی ئەگەری داشکانی بەهای بەرمیلێك نەوت بۆ کەمتر لەو نرخە دانەنراوە، خۆ ئەگەر ئەو بودجەیە بۆ ١٥٠ تریلۆن دیناریش کەم بکرێتەوە، کێشەیەکی دیکە دروست دەبێت، لە کاتێکدا تۆ ئەو هەموو واتا پشکی هەرێمی کوردستانیش بەپێی ئەو ڕێژەیە گەورەتر دەبێت، بەڵام لە ئێستاوە بە پشتبەستن بە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی، لە ناو پەرلەمانی عێراق زیاتر لە ١٢٠ واژوو کۆکراوەتەوە بۆ دژایەتیکردنی کوردستان و دانانی مەرجی قورستر لە ڕێککەوتنی پێشوو، ڕەنگە حکومەتەکەی سوودانییش دەرکی بەم مەسەلانە کردبێت، کە بودجە لە ناو پەرلەماندا دەکرێتە موزایەدە و بەلا بۆ حکومەتەکەی، بۆیە وا دواکەوتووە و نەچوونەتە ژێر باری فشارەکانی پەرلەمانەوە.



بەڵێنەت داوە گرنگترینیان دامەزراندنی نزیکەی ٢٠٠ هەزار پلەی وەزیفییە لە تەنیا ساڵێکدا، ئایا ئەمە چ بودجەیەك تەحەمولی دەکات و زەمانەتی هەڵکشانی خەرجییەکانی بەکارخستن چییە؟ من یەکێك بووم لەوانەی پشتگیری ئەوەم دەکرد، بودجەش نەبێت، بە شێوەی یەك لەسەر دوانزدە بەردەوامی بە پڕۆژە و کارەکان بدرێت و خۆت تووشی ئیحراجی نەکەیت و بەڵێنی گەورە نەدەیت کە بوت جێبەجێی نەکەرێت.

ئەوەی پەیوەندی بە پشکی هەرێمی کوردستانیشەوە هەیە، لە ناو بودجەکە ١٢،٦٧٪ دەستکاریی نەکراوە و ماددەی ١١ وەکو خۆیەتی، ئەوەی گۆڕدراوە بودجەکە گەورەترە، ئێمە زیاتر لێکتێگەیشتنمان لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی پێکهێنانی حکومەتی عێراق هەیە، نەوەکو ڕێککەوتن، ئەوەش وردەکاریی تێدا نییە، لە کاتێکدا بەغدا لە هەموو بڕیارەکانیاندا دەڵێن بەپێی مادده و بڕگەکانی دەستوور و پاڵپشت بە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی و دواجار بەپێی خوێندنەوە و ئیجتیهادات و ویستی دڵی خۆیان باس لە دەستوور دەکەن، هەموو ئەم دژایەتی و دوژمنکارییانەی مافەکانی کورد لە غیابی یەکگرتوویی کوتلەیەکی کوردستانی و یەکدەنگ نەبوونی لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا دێت، ئەمەش کەموکورتییە گەورەکەی لایەنە سیاسییەکانە لە بەغدا.

دیمانەی تایبەت



## پرۆفیسۆربرانتلی وۆماک بۆ گوڵان:

# پوتین لە دۆخێکدایە نە دەتوانێت پێشڕەوی بکات و نە پاشەکشە

برانتلی وۆماك خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانستی سیاسی، کە لە زانکۆی شیکاگۆ بەدەستی هێناوە و، لە ئێستادا پرۆفیسۆری کاروباری دەرەکییە لە بەشی زانستی سیاسیی زانکۆی ڤیرجینیا، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك کاروبارە دەرەکییەکان، پرسە بازرگانی و ئابوورییەکان. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و پرسی ئەوەی چۆن پشتبەیەکبەستن و ئاوێتەبوونی ئابووری لەسەر ئاستی جیهان نەیتوانی هۆکارێك بێت بۆ بەرگرتن بە هەڵگیرسانی شەڕ و، ئاییندەی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین و چەند پرسی دیکەی پەیوەندیدار.

*** زۆر جار باس لەوە کراوە کە پشتبەیەکبەستنی ئابووری لەسەر ئاستی جیهان، واتە ئاڵوگۆڕی بازرگانی و پەیوەندییە چڕە ئابوورییەکان، هۆکارێکن بۆ بەرگرتن لە بەرپابوون و هەڵگیرساندنی شەڕ لەنێوان وڵاتاندا، ئەم تیۆرە مشتومڕێکی زۆری لێ کەوتووەتەوە، بەڵام شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بووە هۆی ئەوەی هەڵوەستەیەکی جددی لەسەر ئەم پرسە بکرێت، دید و تێڕوانینی ئێوە چییە لەم ڕووەوە و، ئایا ئەم شەڕە ئەم تیۆرەی پێچەوانە نەکردووەتەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە، سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە جیهان لە ئێستادا لە قۆناغ و هەلومەرجێکدایە کە تێیدا پشتبەستنێکی بەرچاوی ئابووری، یان بڵێین پەیوەندیی ئابووری و بازرگانیی بەیەکداچوون و دوولایەنە و چەند لایەنە هەیە، واتە پێشهات و پەرەسەندنەکانی هەر بەشێکی جیهان کاردانەوە و ڕەنگدانەوەی لەسەر بەشەکانی دیکە دەبێت. لەم ڕوانگەیەوە و بە تێڕوانینی من بڕیاری سەرۆکی ڕووسیا ڤلادمیر پوتین بۆ پەلاماردان و داگیرکردنی وڵاتی ئۆکرانیا بەرجەستەبوونی ڕاستییەکە، یان ئاماژەیە بۆ پرسێکی گرنگ، ئەویش ئەوەیە کە شەڕ لە جیهانێکدا کە بە ئاست و ئەندازەیەکی بەربڵاو وڵاتان پشتبەیەکبەستبوون، تێچوون و ئاکامێکی گەورە و ڕاستەقینەی دەبێت، واتە ئێمە لە قۆناغێکدا نین کە دابڕان و لێکدوورکەوتنەوە سیما و خەسڵەتی سەرەکیی پەیوەندییەکان بێت، لێرەدا مەبەستەکە ئەوەیە کە بەهۆی ئەم بەیەکداچوون و پشتبەیەکبەستنەوە شەڕی نێوان دوو وڵات کاریگەری و دەرهاویشتە و دەرئەنجامی لەسەر تێکڕای وڵاتانی دیکە دەبێت، بەتایبەتی ئەگەر دوو وڵاتی گەورە بن، لەم سۆنگەیەوە من باوەڕم وایە کە لەم بارودۆخەدا تەنانەت سەرۆك ڤلادمیر پوتینیش گەیشتووەتەوە ئەو بۆچوونە و پێی وایە ئەوەی ئەنجامی داوە (بڕیاری شەڕ و داگیرکردنی وڵاتی ئۆکرانیا) هەڵەیە و بڕیارێکی ڕاست و دروست نەبووە و، نەدەبوو کارێکی لەم چەشنە بکرێت و هەنگاوێکی لەم شێوەیە بنرێت، بەڵام هەر چۆنێك بێت، ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە دەتوانین بڵێین سەرۆك پوتین بە هۆی گرتنەبەری ئەم بڕیارەوە خۆی خستووەتە بارێکی نالەبار و ناهەموارەوە، واتە بارێك کە دەکرێت بڵێین خۆی تووشی گیرخواردنێك کردووە، کە نە دەتوانێت هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵبگرێت، نە دەتوانێت پاشگەز ببێتەوە و پاشەکشە بکات.

*** زۆر مشتومڕ دەکرێت لەبارەی ئەوەی وڵاتی چینیش بڕیار بدات و هەنگاو هەڵبگرێت بۆ داگیرکردنی تایوان، لەم ڕووەوە بارگرژییەکان هەندێ جار بەرەو هەڵکشان دەڕۆن و مەترسییەکان زیاتر دەبن. ئایا پێت وایە چین بە هەمان شێوەی ڕووسیا — کە بڕیاری داگیرکردنی ئۆکرانیای دا- بڕیاری داگیرکردنی تایوان بدات؟ ئایا ئەگەر ئەم کارەی کرد، پێت وایە کاردانەوە و پەرچەکرداری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چی دەبێت؟ ئایا پێت وایە بە پێچەوانەی شەڕی ئۆکرانیاوە لەم حاڵەتەدا ئەمریکا ڕاستەوخۆ دێتە نێو شەڕەکەوە بۆ بەرەنگاربوونەوە و بەرپەرچدانەوەی داگیرکاریی چین؟**

- نەخێر، من باوەڕم وا نییە بارودۆخەکە بەم ئاراستە و ئاقارەدا هەڵبکشێت، لەم ڕووەوە پێم وانییە ئەو سیناریۆیە دووبارە ببێتەوە، یان با بڵێین — وەك ئێوە ئاماژەی پێ دەکەن- کە چۆن ڕووسیا بڕیاری داگیرکردنی ئۆکرانیای دا، ئەوا چینیش بە هەمان شێوە هەنگاوێکی لەم چەشنە هەڵدەگرێت، هۆکارەکەش ئەوەیە کە من پێم وایە هەلومەرجی هەر دوو حاڵەتەکە تەواو لێك جیاوازن، بارودۆخی تایوان لە پەیوەندی بە چینەوە زۆر جیاوازە لە پەیوەندیی ئۆکرانیا بە ڕووسیاوە، لەلایەکی دیکەوە دەبێت ئێمە ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین و ڕەچاوی بکەین، کە تایوان دەوڵەتێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری نییە، لەلایەکی دیکەوە دەبێت ئەوەش ڕەچاو بکەین کە ئابووریی چین و تایوان زۆر پێکەوەبەستراو و پێکەوەگرێدراون. دواتر شتێکی سەیرە کە ئەوە بەدی دەکرێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاردانەوە و پەرچەکردار، یان دەستێوەردانێکی ڕاستەوخۆ ناکات لە ئۆکرانیا و کارێکی لەم چەشنەی نەکردووە، ئەمە لە کاتێکدا دەبینین هەندێ جار خودی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەر بێت و چین بڕیاری داگیرکردنی تایوان بدات، ئەوا

شەڕ لە جیهانێکدا کە بە ئاست و ئەندازەیەکی بەربڵاو وڵاتان پشتبەیەکبەستبوون، تێچوون و ئاکامێکی گەورە و ڕاستەقینەی دەبێت

لەم بارودۆخەدا تەنانەت سەرۆک ڤلادمیر پوتینیش گەیشتووەتەوە ئەو بۆچوونە و پێی وایە ئەوەی ئەنجامی داوە (بڕیاری شەڕ و داگیرکردنی وڵاتی ئۆکرانیا) هەڵەیە

تایوان دەوڵەتێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری نییە، لەلایەکی دیکەوە دەبێت ئەوەش ڕەچاو بکەین کە ئابووریی چین و تایوان زۆر پێکەوەبەستراو و پێکەوەگرێدراون

هەندێ جار خودی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەر بێت و چین بڕیاری داگیرکردنی تایوان بدات، ئەوا بە چەشنێکی ڕاستەوخۆ دەستتێوەردان دەکات و کاردانەوەی دەبێت

بە چەشنێکی ڕاستەوخۆ دەستتێوەردان دەکات و کاردانەوەی دەبێت.

*** ئەگەر سەیری وێنە گشتییەکە، یان با بڵێین ئەگەر لە پەیوەندی نێوان هەردوو وڵاتی چین و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕوانین و، هەڵسەنگاندنێکی بۆ بکەین، ئایا ئێوە چۆن وەسفی ئەم پەیوەندییانە دەکەن؟ ئایا پێتان وایە شتێکی حەتمییە کە لە کۆتاییدا ئەم پەیوەندییانە بەرەو لێکترازان و لێکدابڕانی زیاتر بڕوات و لە بری ئاوێتەبوونی زیاتری ئابووری لە نێوانیاندا، زیاتر لێك دوور بکەونەوە و لە ئەنجامدا ململانێ و ناکۆکیی جیۆپۆلەتیکیی زیاتر لە نێوانیاندا سەرهەڵبدات؟ ئایا دەکرێت دۆخەکە بەم ئاراستەیدا بڕوات؟**

- ئەگەر ئێمە لە ڕوانگەی ئەو هەلومەرجەی ئێستاوە بڕیار لەم پرسە بدەین و هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنێك ئەنجام بدەین، لەم ڕووەوە پەرەسەندن و پێشهاتەکان لە پەیوەندی بە هەڵکشانی ناکۆکی و بارگرژییەکانەوە لەبەرچاو بگرین، ئەوا دەکرێت بڵێین لە میانەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی چین و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە خراپترین بار و قۆناغدا تێپەڕیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا بارودۆخەکە بە ئاقار و ئاراستەیەکدا نەڕۆیشتووە کە ببێتە هۆی ڕوودانی ڕووداوێك کە لە ئەنجامدا ببێتە هۆی تەقینەوەی بارگرژی و دوژمنکارییەکانی نێوانیان، هەروەها چەندین هۆکار هەبوون بۆ ئەوەی هەلومەرجەکە بەم ئاست و ڕادە و قۆناغە بگات، بەڵام پێم وایە هۆکاری بنەڕەتی لە نێو سەرجەم هۆکارەکاندا کە بووەتە هۆی هاتنەئارا و درووستبوونی ئەم هەلومەرجە، ئەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تێڕوانینێکی دیاریکراوی هەیە لە ئاست چیندا و لەسەر بنەمای ئەم تێڕوانینەش سیاسەت و بڕیارەکانی لە ئاست ئەو وڵاتەدا دادەڕێژێت و، وەك هێزێکی جیۆپۆلەتیکیی ڕکابەر و ململانێکار لە چین دەڕوانێت.

**لە میانەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی چین و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە خراپترین بار و قۆناغدا تێپەڕیوە**


*** ئێوە توێژینەوەی زۆرتان لە بارەی وڵاتی چینەوە ئەنجام داوە، ئایا پێت وایە خاڵی بەهێزی چین چییە کە بووەتە هۆی ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان هێندە سەرقاڵ بکات و بە ڕکابەر و ململانێکاری بزانێت؟ ئایا باشترین ستراتیژیەتێك کە چین بتوانێت بیگرێتەبەر چییە، مەبەستمان ئەوەیە کامیان پتر لە بەرژەوەندیی چینە، هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ڕۆژئاوا، یان هاوپەیمانێتی لەگەڵ وڵاتی ڕووسیا؟**

- نکۆڵی لەوە ناکرێت، کە چین هێزێکە کە ناتوانرێت نادیدەی بگرن و فەرامۆش بکرێت، چین بووەتە هێزێك کە سەنگ و قورسایی بەرچاوی هەبووە و هێزێکە لە هەڵکشاندایە، ئەوەی پەیوەندی بە خاڵی بەهێزی چینەوە هەبێت، ئەوا بە تێڕوانینی من ڕەگ و ڕیشەی هێز و توانای چین بریتییە لە پەیوەندییە بەهێزە ئابوورییەکانی لەگەڵ ناوچەی ئۆقیانووسی هێمندا، واتە من پێم وانییە باشترین بارودۆخێك بۆ چین ئەوە بێت کە بچێتە قۆناغێکەوە کە تێیدا بە تەواوی لەژێر سایە و سێبەری، یان لە باری هاوکاری و هەماهەنگیدا بێت لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەروەها باشترین بەرژەوەندییەکانی چینیش ئەوە نییە کە بە تەواوەتی ببێتە هاوپەیمان و پشتیوانکارێکی تەواوی ڕووسیا.

**ئەمریکا تێڕوانینێکی دیاریکراوی هەیە لە ئاست چیندا و لەسەر بنەمای ئەم تێڕوانینەش سیاسەت و بڕیارەکانی لە ئاست ئەو وڵاتەدا دادەڕێژێت و، وەک هێزێکی جیۆپۆلەتیکیی ڕکابەر و ململانێکار لە چین دەڕوانێت**



دیمانەی تایبەت



## پرۆفیسۆر ڕۆبەرت لۆرەنس بۆ گوڵان:

# سزاکانی سەر کەرتی وزەی ڕووسیا ئەنجامی نەخوازراوی لێ کەوتووەتەوە

**ڕۆبەرت لۆرەنس، پرۆفیسۆری بازرگانی و وەبەرهێنانی نێودەوڵەتییە لە سکووڵی جۆن کێنێدی بۆ حکومەت لە زانکۆی هارڤارد و بەڕێوەبەری گرووپی بازرگانییە لە هەمان سکووڵ، هەروەها توێژەری باڵایە لە ئامۆژگای پیتەرسۆن بۆ ئابووریی نێودەوڵەتی، پێشتریش لە بیرۆی نیشتمانی بۆ توێژینەوەی ئابووری توێژەر بووە، لە ساڵی ١٩٩٩ بۆ ٢٠٠١ ئەندامی ئەنجومەنی ڕاوێژکارانی ئابووریی سەرۆك بیل کلینتۆن بووە، پتر لە ١٠٠ توێژینەوە و وتاری لەبارەی ئابووریی نێودەوڵەتییەوە نووسیوە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە ئاکامە نەرێنییەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا لەسەر دروستکردنی ناهاوسەنگی و ناسەقامگیریی ئابووری و چۆن ئەم شەڕە قەیران و تەنگژە ئابوورییەکانی قووڵ کردووتەوە، هەروەها بەیەکداچوونی پرسە بازرگانییەکان و ناکۆکییە جیۆپۆلەتیکییەکان و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

**ڕووسیا نەک هەر تەنیا دەوڵەتێکی کاریگەرە لە بازاڕی نەوت و غازی سرووشتیدا لەسەر ئاستی جیهان، بەڵکو لە هەمان کاتدا وڵاتێکی گەورەی بەرهەمهێنەر و هەناردەکاری گەنمە، ئۆکرانیاش بە سەبەتی خۆراک دادەنرێت لە پەیوەندی بە بەرهەمهێنانی دانەوێڵەوە و هەناردەکردنی**

**ڕەنگە ڕێکارەکانی دیکە لە دژی ڕووسیا کارا بووبن و کاریگەرییان هەبووبێت، بەڵام ئەوەی پەیوەست بێت بە سزای سەر کەرتی وزەی ڕووسیاوە، ئەوا کاریگەریی بەرچاویان نەبووە و، بگرە بوونەتە هۆی خراپترکردنی ژیانی خەڵکانێکی زۆر لە جیهاندا**

**بەر لە بەرپابوونی ئەم شەڕەش، جیهان لە بارێکی لاواز و لەرزۆکدا بوو، لە پەیوەندی بە باری ئابوورییەوە، بەتایبەتی بە هۆی دەرئەنجامەکانی پەتای کۆڤید ١٩ و شەڕە بازرگانییەکان**

*** ئەوە ئاشکرایە کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا پەرەسەندن و پێشهاتێکی دراماتیکی بوو، ئاکام و دەرهاویشتەکانی ئەم شەڕەش لە تێکڕای جیهاندا هەستی پێ دەکرێت، یان ڕەنگی داوەتەوە، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کە تا چ ڕادەیەك ئەم شەڕە ناهاوسەنگی و ناسەقامگیری ئابووری دروست کردووە، یان بووەتە هۆی قووڵکردنەوەی ئەو قەیران و تەنگژە ئابوورییانە کە لە ئارادا بوون؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئەم شەڕەی هەڵگیرساوە لەنێوان دوو دەوڵەتدایە کە دەوڵەتی بەرهەمهێنەر و هەناردەکارن، چونکە نابێت ئێمە ئەوە لەبەرچاو نەگرین کە ڕووسیا نەك هەر تەنیا دەوڵەتێکی کاریگەرە لە بازاڕی نەوت و غازی سرووشتیدا لەسەر ئاستی جیهان، بەڵکو لە هەمان کاتدا وڵاتێکی گەورەی بەرهەمهێنەر و هەناردەکاری گەنمە، ئۆکرانیاش بە سەبەتی خۆراك دادەنرێت لە پەیوەندی بە بەرهەمهێنانی دانەوێڵەوە و هەناردەکردنی. کەواتە ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە لەم مەسەلەیە بڕوانین و گرنگیی ئەم دەوڵەتانە لە ڕووی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنەوە تاوتوێ بکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین کە بەرپابوونی ئەم شەڕەی نێوانیان بووەتە هۆی پچڕاندنی زنجیرەی دەستەبەرکردن و هاوکێشەی هەناردەکردن و هاوردەکردنی ئەو بەرهەمانە لەسەر ئاستی جیهان، کە دەرئەنجام و دەرهاویشتەکەشی کورتهێنان و کەمبوونەوەی ئەم بەرهەمانەیە لە زۆرێك لە وڵاتانی جیهاندا و سەرهەڵدانی قەیران و گرانبوونی نرخیانە.

*** ئاشکرایە کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا تەنیا شەڕێکی سەربازی نییە و تەنیا لە گۆڕەپانی شەڕدا بەڕێوە ناچێت، بەڵکو چەندین ڕەهەندی دیکەی هەیە، ئەوەتا وزە کراوە بە چەکێك و لە هەمان کاتدا وڵاتانی ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چەندین سزای جۆراوجۆری ئابووری و دارایییان بەسەر ڕووسیادا سەپاندووە، ئێوە چۆن لە کاریگەریی ئەم سزایانە دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا گرتنەبەری ئەو هەموو سزایانە کاریگەرییەکی گەورە و بەرچاویان هەبووە، واتە دەرئەنجامی هەموو ئەمانە ئەوەیە کە نادڵنیاییەك باڵی بە سەر بازاڕە جیهانییەکاندا کێشاوە و لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین کە ئەم سزا سەپێندراوانە بە سەر ڕووسیادا — بەتایبەتی سزاکانی سەر کەرتی نەوت و غازی سرووشتیی ڕووسیا- تا ڕادەیەك دەرئەنجامی نەخوازراو و پێچەوانەیان لێ کەوتووەتەوە. ڕەنگە ڕێکارەکانی دیکە لە دژی ڕووسیا کارا بووبن و کاریگەرییان هەبووبێت، بەڵام ئەوەی پەیوەست بێت بە سزای سەر کەرتی وزەی ڕووسیاوە، ئەوا کاریگەریی بەرچاویان نەبووە و، بگرە بوونەتە هۆی خراپترکردنی ژیانی خەڵکانێکی زۆر لە جیهاندا. هەروەها دەبێت لەم ڕووەوە ئەو سزا ئابووری و داراییانەش لەبەرچاو بگرین کە وڵاتانی ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دژی ڕووسیا گرتوویانەتەبەر و سەپاندوویانە. کە ئەگەر وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە لێرەدا بە دیاریکراوی بدەینەوە، ئەوا هەموو ئەوانەی ئاماژەمان پێ کرد، ناسەقامگیرییان لە بازاڕەکانی جیهاندا دروست کردووە و شڵەژان و بارێکی نائارام و نادڵنیاییان خوڵقاندووە، چونکە ئێوە بڕوانن، ئەوەتا ڕووسیا لە ئەنجامی سزاکانەوە، یان سەپاندنی سزاکانەوە بەسەریدا، بڕێکی کەمتری نەوت دەفرۆشێت، بەڵام دەبینیت کە نرخی نەوت بەرزتر بووەتەوە و زیاتر هەڵکشاوە، لە ئەنجامدا ئەم سزایانە نەبوونەتە هۆی کەمبوونەوەی داهاتی ڕووسیا.

*** کەواتە دەتوانین بڵێین لە ئێستادا و لەسەر ئاستی جیهان، شەڕ و ناکۆکییە بازرگانییەکان بوونەتە تەوژم و لە دەرئەنجامدا قەیران و تەنگژە ئابوورییەکانیان ئاڵۆزتر و قووڵتر کردووەتەوە و، هەر لە پەیوەندی بەم پرسەوە ئایا شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بووەتە هۆی ناهەموار و نەهامەتییە ئابوورییەکان لەسەر ئاستی جیهانی و ئایا ئەم کاریگەرییە پتر لە چیدا بەرجەستە بووە؟**

- بە دڵنیاییەوە بارێکی ناهەموار و نالەباری ئابووری لە زۆرێك لە وڵاتانی جیهاندا دروست کردووە، ئەمە لە کاتێکدا پێش هەڵگیرسانی شەڕەکە باری ئابووری لەسەر ئاستی جیهان ڕووبەڕووی کێشە و تەنگژە ببوو، واتە بەر لە بەرپابوونی ئەم شەڕەش، جیهان لە بارێکی لاواز و لەرزۆکدا بوو، لە

پەیوەندی بە باری ئابوورییەوە، بەتایبەتی بە هۆی دەرئەنجامەکانی پەتای کۆڤید ١٩ و شەڕە بازرگانییەکان، بەتایبەتی لەنێوان هەردوو وڵاتی چین و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە پێشتر جیهان دەستەو یەخە بوو لەگەڵ چەندین کێشە و تەنگژەی ئابووریدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەرییەکانی ئەم شەڕە لەسەر سەرجەم وڵاتانی جیهان وەك یەك نەبووە، ڕەنگە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت لە بارێکی لەبارتردان، بە حوکمی ئەوەی داهات و دەرامەتێکی زیاتر بەدەست دەهێنن لە ئەنجامی ئەو دۆخەی خوڵقاوە، هەروەها وڵاتانی بەرهەمهێنەری گەنمیش، بەڵام بارەکە خراپ شکاوەتەوە و کاریگەریی نەرێنی هەبووە لەسەر وڵاتە هاوردەکارەکان، بۆ نموونە ئەوەتا وڵاتێکی وەك میسر لە تەنگژەیەکی قووڵدایە، لە ئەنجامی ئەم قەیران و بارە ناهەموارەوە.

*** لە میانەی وەڵامەکانتاندا ئاماژەتان بە پەیوەندیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتی چین کرد.. ئایا ئێوە چۆن لە پەیوەندیی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە، یان هێزە جیهانییە دەڕوانن؟ ئایا پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانیان بەرەو لێکترازان و لێکدابڕان دەڕوات؟**

- ئەگەر وەڵامێکی کورتی ئەم پرسیارە بدەینەوە، ئەوا بەڵێ، من پێم وایە. چونکە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئەو شەڕەی پێشتر ئیدارەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ ڕایگەیاند لە دژی چین لە بواری بازرگانی و زیاترکردنی ڕسوماتی بازرگانی و سەپاندنی، بەرەو خراپتر و ئاڵۆزتر ڕۆیشتووە، یان بەرەو هەڵکشان و بەربڵاویی زیاتر چووە. واتە دەکرێت لەم ڕووەوە بڵێین کە ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن نەك هەر سیاسەتەکەی سەرەوختی ئیدارەی ترەمپ-ی پێچەوانەوە نەکردووەتەوە و نەك هەر هەڵنەوەشاندووەتەوە، بەڵکو پتر درێژەی پێ داوە و لە مەودایەکی بەربڵاوتردا جێبەجێ و پیادەی دەکات. ئێستا نەك هەر فرۆشتنی -نیمچە گەیەنەری- لە چین قەدەغە کردووە، بەڵکو ڕێگە نادات وڵاتانی دیکەش ئەم فرۆشتنە لەگەڵ چیندا ئەنجام بدەن. مەبەستم ئەوەیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەردەمی ئیدارەی بایدندا سزای سەختتری سەپاندووە بە سەر چیندا. ئەوەی جێی سەرنجە لەم ڕووەوە ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی ئەمریکا پەیوەندییەکی بازرگانیی زۆر و بەربڵاوی هەیە لەگەڵ زۆرێك لە وڵاتانی جیهاندا، بەڵام ئاست و ئەندازەی بازرگانیی ئەمریکا لەگەڵ چیندا بەرەو داکشان چووە.

*** ئایا ئێوە هاوڕان لەگەڵ ئەو لێکدانەوە و شرۆڤەیەی کە دەڵێت پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و چین تەنیا کێشە و ناکۆکیی بازرگانی نییە، بەڵکو ڕکابەریی جیۆپۆلەتیکی هەیە لە نێوان ئەم دوو هێزە جیهانییەدا، ئایا ئەم ڕکابەرییە بە چ ئاقار و ئاڕاستەیەکدا دەڕوات و چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر تێکڕای جیهان، بەتایبەتی کە ئێوە ئاماژەتان بەوە ڕاستییە کرد کە ئێستا جیهان لە بارێکی بەیەکداچوون و پشت بە یەك بەستندایە؟**

- ئەمە ڕاستە، نابێت ئێمە لەم ڕووەوە ئەو پرسە نادیدە بگرین، هەروەك لە پرسیارەکەی ئێوەشدا ئاماژەی پێ کراوە، کە ئەم پەیوەندییانەی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتی چین ڕەهەند و لایەنی جیۆپۆلەتیکی هەیە، کەواتە پرسەکە، یان پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە تەنیا لە پرسی بازرگانیدا کورت نابێتەوە و لایەنی جیۆپۆلەتیکیش لەخۆدەگرێت. دواتر من پێم وانییە لێکدابڕان و لێکدوورکەوتنەوەی یەکجاریی ئابووری کارێکی کردنی بێت، چونکە جیهان بە چەشنێکی گەورە ئاوێتە بووە لە ڕووی ئابوورییەوە. هەروەها هۆکارێکی دیکە ئەوەیە کە چین زۆر باڵادەست و پێشکەوتووە لە بواری تەکنەلۆژیای پاك، یان وزەی پاکدا، لە بواری پاتری ئایۆنای لیسیۆم، ئۆتۆمبێلی کارەبایی. لەم ڕوانگەیەوە من پێم وایە ئایندەی وزە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە نابێت، بەڵکو لە وڵاتی چینەوە سەرچاوە دەگرێت. لەسەر بنەمای هەموو ئەوانەی ئاماژەم پێ کردن، ئەوا من باوەڕم وا نییە کە بیرۆکەیەکی باش بێت کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بچێتە نێو شەڕێکی بازرگانییەوە لەگەڵ وڵاتی چیندا، چونکە پێم وا نییە سەرجەم چەکەکان لە دەستی ئەمریکادا بن.

**ئیدارەی سەرۆک جۆ بایدن نەک هەر سیاسەتەکەی سەرەوختی ئیدارەی ترەمپی پێچەوانەوە نەکردووەتەوە و نەک هەر هەڵنەوەشاندووەتەوە، بەڵکو پتر درێژەی پێ داوە**

**سەرەڕای ئەوەی ئەمریکا پەیوەندییەکی بازرگانیی زۆر و بەربڵاوی هەیە لەگەڵ زۆرێک لە وڵاتانی جیهاندا، بەڵام ئاست و ئەندازەی بازرگانیی ئەمریکا لەگەڵ چیندا بەرەو داکشان چووە**

**ئاییندەی وزە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە نابێت، بەڵکو لە وڵاتی چینەوە سەرچاوە دەگرێت**



**عەمید دلێر نەجات نەجارٍ**
**بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بۆ گوڵان:**

# ٩١٪ی تاوانبارانی بکوژ ئاشکرا کراون و دراونەتە دادگا و سزای خۆیان وەرگرتووە

**هەولێر هەر تەنیا لە ڕووی ئاوەدانی و بووژاندنەوەوە هەنگاوی گەورەی هەڵنەگرتووە، بەڵکو لە هەمان کاتدا شارێکە کە تێیدا ئارامی و سەقامگیری و بارێکی ئەمنیی جێگیری تێدا باڵادەستە، هۆکارەکانی ئەم سەقامگیرییە و هەوڵ و کۆششە جددییەکان لەم ڕووە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری دیداری گۆڤاری گوڵان لەگەڵ عەمید دلێر نەجات نەجاڕ بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

***ئاشکرایە کە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان سەرەڕای ئەو گەورەبوون و بەرفراوانییەی بە خۆیەوە دیتووە، شارێکی هێمن و سەقامگیرە و ئاسایشی تێدا بەرقەرارە، بەتایبەتی لە کابینەی نۆیەمدا، ئایا ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ئەو ئارامی و سەقامگیرییە ئەمنییەی کە لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هاوکاری و پەیوەندی و هەماهەنگییە بەهێز و توندوتۆڵەی کە لە نێوان لایەن و دەزگا ئەمنییەکانی شارەکە هەیە، هاوکات بۆ ئەوەش دەگەڕێتەوە کە شارەکە بەپێی ئەو بەرفراوانی و گەورەبوونەی بنکەی پۆلیس و نووسینگەکانی نەهێشتنی تاوانی تێدا دامەزراوە کە ئێستا ٧٥ بنکەی پۆلیس و نووسینگەی نەهێشتنی تاوان لە هەولێری پایتەخت هەن، هاوکات سێ هێزی جیاجیامان هەیە کە بەردەوام بە شەو و ڕۆژ لە ناو شاری هەولێر و دەوروبەری لە کاتی جیاجیادا بەردەوام بۆ پاراستنی ئاسایش و ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ئەگەرێکی نەخوازراو دەسووڕێنەوە و لە جووڵەدان، ئەم هەمانگییە وای کردووە کە جگە لە بەرقەراربوونی هێمنی و ئاسایش، مافی یاسایی هیچ هاووڵاتیەك نەفەوتێت، هەر کەسێك تاوانی بەرانبەر بکرێت و داوای یاسایی تۆمار بکات، ڕاستەوخۆ ڕێڕەوی یاسایی و بەدواداچوونی وردی بۆ دەگرینەبەر، بە تەئکید هەر ئەم کارە بەردەوام و چاوکراوەییەی لایەنە ئەمنییەکانە کە وای کردووە لە ساڵانی (٢٠٢٠و ٢٠٢١و ٢٠٢٢) تۆماری گشت تاوانە جۆراوجۆرەکانی کە لە سنووری شاری هەولێر تۆمارکراون (٣١٠٠٤) تاوانە کە لەو ژمارەیەش (٢٨٢٤٤) تاوان ئاشکرا بوون، تۆمەتبارەکانیش بەپێی یاسا بە دادگا دراون، هەر بۆیە کار و دەستکەوتی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بۆ ئەو سێ ساڵەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان (٪٩١)ـە لە کۆتاییپێهێنانی پەڕاوگەی لێکۆڵینەوە و دەستگیرکردنی تۆمەتباران و گشت بوارەکانی دیکە بەتایبەتی پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیان و بەرقەراربوونی هێمنی و ئاسایشی شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان.

*** ماوە ماوە گوێبیست دەبین، لە هەولێر و سنووری پارێزگاکە کەسانێك دەکوژرێن، ئەمە هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئایا هەوڵەکانی پۆلیس لەم ڕووەوە چییە و پێویستە چی بکرێت؟**

- بێگومان لە شارێکی گەورە و بەرفراوان وەك هەولێر کە بە ڕۆژ زیاتر لە دوو ملیۆن کەسی تێدا دەژین و شارێکی قەرەباڵغە و شەو و ڕۆژ ٢٤ کاتژمێر جموجوول و هاتوچۆی تێدا بەردەوامە، لێرە و لەوێ باس لە ڕووداو و حاڵەتی کوشتن دەکرێت، بەڵام دەبێت بزانین ئێستا دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەکو پێشتر تەنیا ڕادیۆ و تیڤییەکان نییە، بەڵکو سۆشیال میدیاش کاریگەری و پانتاییەکی زۆری لەسەر بڵاوبوونەوەی هەواڵەکان هەیە، کە وادەکات لە کاتی هەر ڕووداوێکدا خەڵکێکی زۆر لە هەرێمی کوردستان هەواڵەکە ببیستن، بەڵام لەو حاڵەتانەشدا گرنگترین کار ئەوەیە کە دەزگا ئەمنییەکان ئەو تۆمەتبار و کەسانەی تۆمەتبارن بە حاڵەتەکانی کوشتن دەستگیریان بکات و بیانخەنە بەردەمی لێکۆڵینەوە و یاسا. لێرەوە من دەمەوێت ئاماژە بە شتێکی زۆر گرنگ بکەم، کە ئەویش ئەوەیە لە سێ

**لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا هیچ کوشتنێک بە هۆکاری سیاسی لە هەولێردا ڕووی نەداوە**

**سێ هێزی جیاجیامان هەیە کە بەردەوام بە شەو و ڕۆژ لە ناو شاری هەولێر و دەوروبەری لە کاتی جیاجیادا بەردەوام بۆ پاراستنی ئاسایش و ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ئەگەرێکی نەخوازراو دەسووڕێنەوە**

**لە ساڵانی (٢٠٢٠و ٢٠٢١و ٢٠٢٢) لە سنووری شاری هەولێر بەگشتی (٢٠٦) تاوانی کوشتن (پیاو و ئافرەت) تۆمار کراون، لەو ژمارەیە (١٩٤) تاوانیان ئاشکراکراون و تۆمەتبارەکان دەستگیر کراون**

**ئەو کامێرا چاودێرییانەی کە لەلایەن حکومەتەوە لەناو شار و گەڕەکەکان دانراون، مەرکەزییە و دەزگا ئەمنییەکان سەرپەرشتییان دەکەن**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەت لە کابینەی نۆیەم زۆر جەخت لەوە دەکاتەوە، کە هەموو تاوان و تۆمەتباران بە بەڵگەی بەرجەستە و ١٠٠٪ بدۆزرێنەوە و مامەڵەی یاسایان بەپێی ماددەی تاوانەکانیان لەگەڵ بکرێت**

**بە بڕیاری ڕێزدار ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەک هەڵگرتن لەلایەن هاووڵاتیان بەتایبەتی لە شوێنە گشتییەکان قەدەغە کرا**

ساڵی ڕابردوو، واتە لە ساڵانی (٢٠٢٠و ٢٠٢١و ٢٠٢٢) لە سنووری شاری هەولێر بەگشتی (٢٠٦) تاوانی کوشتن (پیاو و ئافرەت) تۆمار کراون، لەو ژمارەیە (١٩٤) تاوانیان ئاشکراکراون و تۆمەتبارەکان دەستگیر کراون، واتە زیاتر لە (٩١٪)ی کێشەکان گەیشتوونەتە کۆتایی و ڕێڕەوی یاسایان وەرگرتووە، ئەم ژمارەیەی کوشتن لە چاو وڵاتانی جیهاندا بە بەراورد ڕێژەیەکی یەکجار کەمە، هەروەها دەمەوێت لەسەر حاڵەتەکانی کوشتن ئاماژە بەوە بکەم کە هۆکاری حاڵەتی کوشتنەکان لە هەولێر هەر هەموویان کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانی بووە و هیچ حاڵەتێکیان سیاسی و هۆکاری دیکەی لە پشت نییە، چونکە سەقامگیرییەکی بەردەوامی سیاسی لە ناو شاری هەولێردا هەیە.

***کامێرای چاودێری، بەتایبەتی ئەو ژمارە کامێرایەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ناو شاری هەولێر دانراون، تا چەند هاوکارن بۆ دەزگاکانی ئەمنی بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوەی تاوانەکان؟**

- ئەو کامێرا چاودێرییانەی دانراون، کارئاسانی زۆر دەکەن بۆ دامودەزگا ئەمنییەکان، کە بە جۆرێك لە جۆرەکان کار و ڕێڕەوی دۆسێی لێکۆڵینەوە یاساییەکان لەسەر ئەو تۆمەتبارانەی تاوان ئەنجام دەدەن، دەستەبەر دەکەن. بێگومان کامێرا چاودێرییەکان بۆ دەرخستنی ڕاستی و بەدواداچوونی ڕووداوەکانی هاتوچۆ کاریگەریی خۆیان هەیە، هەروەها ئەو کامێرا چاودێرییانەی کە لەلایەن حکومەتەوە لەناو شار و گەڕەکەکان دانراون، مەرکەزییە و دەزگا ئەمنییەکان سەرپەرشتییان دەکەن، هەمدیسان ئەو کامێرا چاودێرییانەی لەلایەن خەڵك لە ماڵ و مارکێت و دووکان و شوێنی کارکردن دادەنرێن، ئەوانەش لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە پابەند دەکرێن، یەکێك لە کامێراکانیان ڕووەو دەرەوە و شەقامەکان بێت، تاوەکو لە هەر ڕووداو و تاوانێکدا بتوانرێت لە کاتی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەدا سوودیان لێ وەربگیرێت. لەلایەکی دیکەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەت لە کابینەی نۆیەم زۆر جەخت لەوە دەکاتەوە، کە هەموو تاوان و تۆمەتباران بە بەڵگەی بەرجەستە و ١٠٠٪ بدۆزرێنەوە و مامەڵەی یاسایان بەپێی ماددەی تاوانەکانیان لەگەڵ بکرێت، بۆ ئەو کارەش بە تەئکید کامێراکانی چاودێری بەگشتی باشترین ڕێگان بۆ دۆزینەوەی تۆمەتبارانی ڕاستەقینە کە تاوانەکانیان ئەنجام داوە، هەر بۆیەش هەوڵ و کاری زیاتر و بەردەوام هەیە بۆ زیاتر دانانی ئەو کامێرایانە، بەتایبەتی ئەو کامێرایانەی مەرکەزین و لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە چاودێریی چڕ و ورد و بەردەوامیان لەسەرە.

*** لە کابینەی نۆیەمدا و بۆ زیاتر چەسپاندنی سەروەریی یاسا و سەقامگیری هەرێمی کوردستان بڕیار درا، هەڵگرتنی چەکی بێ مۆڵەت قەدەغە بکرێت و مۆڵەتی چەکهەڵگرتنیش ڕێنمایی و ڕێکاری توندی بۆ دەرچوو، لەم بارەوە وەك بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هەولێر چی کراوە؟**

- لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بڕیاری ڕێزدار ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەك هەڵگرتن لەلایەن هاووڵاتیان بەتایبەتی لە شوێنە گشتییەکان قەدەغە کرا، ئەمەش زیاتر بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی حاڵەتی کوشتن بوو، کە لێرە و لەوێ ساڵانە چەند حاڵەتێك ڕوو دەدەن، هاوکات بۆ کەمکردنەوە، یان نەمانی تەقەکردنە، بەتایبەتی لە هەندێ کات و بۆنەدا، بۆ ئەو مەبەستەش لە لایەن هێزەکانمانەوە لە چەند هەڵمەتدا لە سێ ساڵی ڕابردوودا دەستمان بە سەر (١٦١٨) چەکی جۆراوجۆری بێ مۆڵەتدا گرتووە، ئێستاش جار بە جار هەڵمەتی پشکنین و بەدواگەڕان بۆ دەستبەسەرداگرتنی چەکی بێ مۆڵەت ئەنجام دەدرێت، لە هەمان کاتدا ڕێکارەکانی پێدانی مۆڵەتی هەڵگرتنی چەکیش لەم کابینەی حکومەت بە بڕیاری ڕێزدار وەزیری ناوخۆ زۆر توند کراوە، مۆڵەتی چەکهەڵگرتن بە فلتەری زۆر و هەستیار و یاساییدا تێپەڕ دەبێت، چونکە هەر کەسێك پێشینەی تاوانی هەبێت، یان کێشەی دەروونی و کەسیی هەبێت و زۆر حاڵەتی دیکە ئەوە مۆڵەتی چەکیان پێ نادرێت و مۆڵەتیشیان هەبێت، لێیان وەردەگیرێتەوە. هەروەها لە٢٠٢٢/١٢/٢٧ لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە ڕاگەیاندراوێك بڵاوکرایەوە بۆ تۆمارکردنی چەکی ئاگرینی بێ مۆڵەت کە دەکاتە(دەمانچە و کلاشینکۆف) کە لەلای هاووڵاتیان هەیە و کارمەندی لایەنە

ئەمنییەکانیش نین، بۆ ئەو مەبەستەش بۆ ئاسانکاری هاووڵاتیان بۆ تۆمارکردنی چەکە بێ مۆڵەتەکانیان هەشت شوێن دیاری کراون و تۆمارکردنی ئەو چەکانەش یەکەم هەنگاوی جێبەجێکردنی یاسای چەکی ژمارە (٢ی ساڵی ٢٠٢٢)ـە کە یەك ساڵی دیاری کردوە بۆ ئەو پڕۆسەیە کە لە مانگی تەمموزی ساڵی ٢٠٢٣ تەواو دەبێت، لە پاش ئەو ساڵەوە هەر کەسێك ئەو چەکە ئاگرینانەیان لەلا بێت، بە یاساغ هەژمار دەکرێت.

*** لە گفتوگۆیەکاندا چەندین تاوان و دیاردەکان خراونەتە ڕوو، بەڵام جگە لەو تاوانانە چەندین تاوانی دیکە هەن و کۆمەڵگەی ئێمەش لێی بەدەر نییە، ئەگەر ئامار لەسەر تاوانەکانی دیکە هەبێت لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردووی کابینەی نۆیەم و ئێوە توانیوتانە بیاندۆزنەوە بۆ گۆڤارەکەمان و هاووڵاتیان بیخەنەپێش چاو چییە؟**

- بێگومان کۆمەڵگەی ئێمەش وەك هەموو کۆمەڵگەیەکی سەر ئەو ڕووی زەمینە، چەندین تاوانی تێدا ئەنجام دەدرێت. لەم ڕاپۆرتەدا بەشێکمان ئاماژە پێ داوە، هەندێ تاوانی دیکەش هەن کە جگە لەوەی مەترسیدارن و پێشێلکردنی یاسایە و هەیانە زۆر قێزەوەنن و دوورە لە کەلتووری کۆمەڵگەکەمان و ئەو ئامارەش کە لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردووە لەسەر هەندێ لە تاوانەکان دەخەینەڕوو و چەند تۆمەتباریش لەوانە دەستگیر کراون و دراونەتە بەردەمی یاسا و دادگا کە ئەمەش ئامارەکەیە:

١. تاوانی تەقەکردن ١٢٠ جار تۆمار کراوە، ١٠٧ی ئاشکرا کراون و تەقەکەرەکان دەستگیرکراون و دراونەتە دادگا.

٢. تاوانی ڕێگریکردن ٦٥ جار بووە، ٦٠یان ئاشکرا کراون.

٣. حاڵەتی تاوانی دزیکردنی ئۆتۆمبیل ١٦١حاڵەت بووە، کە ١٤٥یان ئاشکرا بوون.

٤. ٣٦١٤ سواڵکەر (لە هەر دوو ڕەگەز) دەستگیر کراون کە لە شوێنە گشتییەکان و چوارڕێیان و ترافیك لایتەکان بە شێوەی نەخۆش و کەمئەندام خۆیان نیشان داوە بۆ ڕاکێشانی سۆز و بەزەیی خەڵك کە ئەو دیاردەیەش جگە لەوەی زۆر ناشیرینە، دوورە لە سیمای شارستانیەتی شارەکەمان.

٥. دەستگیرکردنی ٢١٧٣ تۆمەتبار کە تاوانی دزییان ئەنجام داوە.

٦. دەستگیرکردنی تۆمەتبار کە تاوانی ساختەکارییان ئەنجام داوە.

٧. دەستبەسەرداگرتنی ٤٤٩ ئۆتۆمبێل کە خەڵکیان هەراسان کردبوو، بە هۆی تیژڕۆیی و نمایشکردنیان لە شەقامەکان و شوێنە گشتییەکان و سەرپێچیکردنیان و لە پاشان ڕەوانە کراون بۆ بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی هەولێر.

٨. ٨٢٨٤٠ سەرپێچیکار دەستگیر کراون و سزای یاسایی دراون.

٩. ٢٩٧ تۆمەتبار لەلایەن هێزەکانی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هەولێر دەستگیر کراون، کە لە پارێزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدڕاڵ داواکرابوون و فەرمانی دەستگیرکردنیان هەبوو، لە پاشان ڕەوانەی شوێنی مەبەست کراون.

١٠- - ٥٨٢ تۆمەتبار لەلایەن هێزەکانمانەوە دەستگیر کراون، کە لەلایەن ژووری ئۆپەراسیۆنی باڵای هاوبەش داواکرابوون، کە ئەو ژوورە لە (٢٠٢١/١٢/٢٢) دامەزراوە، کە بەشێك لەو تۆمەتبارانە لە ساڵی(٢٠٠٥) کە دەستگیر نەکرابوون، ئێمە دەستگیرمان کردن.

* چیتان لەبارەی ئەوە کردووە کە لێرە و لەوێ لە ڕێگای سۆشیاڵ میدیاوە خەڵك هەراسان دەکرێت؟

- بە پاڵپشتیی جەنابی وەزیری ناوخۆ، نووسینگەیەکی تایبەت و زۆر گرنگ لەناو بەشی نەهێشتنی تاوان دامەزراوە، کە (نووسینگەی نەهێشتنی تاوانەکانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیی)ـە ئەو نووسینەگەیە کار لەسەر سۆشیاڵ میدیاش دەکات و ئەو نووسینەگەیە ئەفسەر و کارمەندی شارەزا و پسپۆڕ تێیدا دەستبەکار بوون و بەپێی یاسا لەگەڵ هەر دۆسیێەك کە لەلایەن داواکاران پێشکەش بکرێت، مامەڵە دەکەن. ئەو نووسینگەیە یەکێکە لەو دامەزراوە گرنگ و کاریگەرانە کە دەتوانێت هەموو تاوانێك لەو لایەنەوە ئەنجام بدرێت، تیدا ڕێڕەوی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی وردی بۆ بکات و، لەپاشان بەپێی یاسای تایبەتمەند لەو بارەوە تۆمەتباران دەدرێنە دادگا و هەقی یاسایی خۆیان وەردەگرن.

**مۆڵەتی چەکهەڵگرتن بە فلتەری زۆر و هەستیار و یاساییدا تێپەڕ دەبێت، چونکە هەر کەسێک پێشینەی تاوانی هەبێت، یان کێشەی دەروونی و کەسیی هەبێت و زۆر حاڵەتی دیکە ئەوە مۆڵەتی چەکیان پێ نادرێت و مۆڵەتیشیان هەبێت، لێیان وەردەگیرێتەوە**

**لە ماوەی ساڵەکانی (٢٠٢٠و ٢٠٢١و ٢٠٢٢) لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هەولێر بە هەموو بنکە و بەش و نووسینەگەکانی نەهێشتنی تاوان (١٨٠) کەس کە ماددەی هۆشبەریان بەکارهێناوە، دەستگیر کراون**

**بە پاڵپشتیی جەنابی وەزیری ناوخۆ، نووسینگەیەکی تایبەت و زۆر گرنگ لەناو بەشی نەهێشتنی تاوان دامەزراوە، کە (نووسینگەی نەهێشتنی تاوانەکانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیی)ـە**

# خوێندنی زمانی کوردی، پەروەردە و دەوڵەت

## (تیۆرییەکانی خوێندنی زمان)



**کاوە حەمەمراد**

بۆ گوڵانی نووسیوە

٢-٢

### ئامانجی خوێندنی زمان، پێوەرەکان و هەڵسەنگاندن

لێرەدا هەوڵ دەدەم ئامانجەکانی خوێندنی زمان دەستنیشان بکەم، بەپێی تیۆرییەکان، هەڵبەتە ئەمە هەنگاوی یەکەمە، پێویستە لایەنی پەیوەندیدار و پسپۆڕان دەوڵەمەندی بکەن.

بەگشتی، ئامانجی سەرەکیی خوێندنی زمانی زیندوو، ئەو زمانەی قسەی پێ دەکرێت، فێرخواز بتوانێت پەیوەندی بکات بە ئاخافتن و نووسین. ئامانجی خوێندنی زمانی مردوو گرنگی دەدات بە ڕێزمان و وشە، نەك پەیوەندییەکان و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان بوونیان نییە، وەك خوێندنی زمانی سۆمەری، لاتینی و سانسکریتی.


پرۆسەی پەروەردە دەبێت ئامانجی نیشتمانی و ئامانجی قوتابی\خوێندکار بپێکێت، وابەستە بێت بە بەهاکانەوە (Gachukia Eddah and Chung Fay) ئەمەش زیاتر لە خوێندنی زماندا دەردەکەوێت، تا ماددەکانی دیکە، سەلمێندراوە و، لە سەرەوە ئاماژەی پێ درا کە زمان پێویستییەکی سەرەکییە بۆ بنیادنانی تاك و کۆمەڵگە.

### ١- ئامانجی خوێندنی زمانی فەرمیی دەوڵەت

کادری کارامە دروست بکات و بتوانێت بە باشی (تەکنیکی ئاخافتن و نووسین، ڕێزمان لە قسەکردن و نووسیندا). دەربڕ\تەعبیر لە خۆی بکات، بە زارەکی و نووسین لە پەیوەندیی گشتی (دەزگاکانی دەوڵەت) کەرتی تایبەت و کۆمەڵایەتییەکاندا، لە ڕێی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانەوە زمان و هرزی فێرخواز پەرە پێ دەدات، بۆیە دەبێت بەرنامەکانی خوێندنی زمان سەردەمیانە بن و گرێدراو بن بە ژینگە و ژیانی فێرخوازەوەوە.

کەلتووری بیری ڕەخنەیی (هەڵوەستە\موقف Attitude) پەرەپێدانی ئارگیومێنت و مشتومڕ لە فێرخوازدا بچێنێت، دەربارەی ڕووداوەکانی ژیان، کۆمەڵگە، جیهانگیری و میراتی ئەدەبی و ئەدەبی سەردەم.

جەخت بکات لە بەکارهێنان و چاندن و پەرەپێدانی بەهاکان لە ئاخافتن\زارەکی و نووسیندا، ڕێزگرتن لە بیروباوەڕی یەکسانیی نێر و مێ، پابەندبوون بە کاتەوە، گەشەدانی لایەنە ئەرێنی و ئالنگاریی لایەنە بەرانبەر و فرەکەلتووری، نەرێنییەکانی کەلتوور،



هاندان و پاڵنەر بێت بۆ کاری هەرەوەزی و سەختکۆشی، پیرۆزکردن و بەرزڕاگرتنی دەزگا خزمەتگوزارییەکانی دەوڵەت (قوتابخانە، نەخۆشخانە) گرنگیدان بە تەندروستی و ژینگە، ڕێزلێنان لە کاری کارامە و ناکارامە... هتد.

**تێبینی:**

ئەدەب و مێژوو دوو ماددەی خوێندنی سەربەخۆن، فێربوون و بەدەستهێنانی زمان وابەستە نییە بە ئەدەبەوە، زمانی ئینگلیزی، زمانی فەرمییە لە چەندین وڵاتدا کە پتر لە ١.٥ بلیۆن دانیشتووانیان هەیە، ئەمانە هەموویان ئەدەبی ئینگلیزی ناخوێنن. بەڵام دەکرێ بابەتی ئەدەبی و دەقی مێژوویی لە سیاقی خوێندنی زماندا بخوێندرێن.

**٢- ئامانجی خوێندنی زمانی پێکهاتەکان**

خوێندنی زمانی پێکهاتەیەك کە جیاوازە لە زمانی فەرمیی دەوڵەت، بە ئەو ئامانجە پرۆگرامی بۆ دادەنرێت کە فێرخواز فێر بکات و بتوانێت بە زمانی دایك بنووسێت و بخوێنێتەوە، هەروەها ئاشنای بکات بە کەلتوور و مێژووی، بۆیە بابەتەکانی خوێندنی زمان بە مێژوو، ئەدەب و کەلتوورەوە گرێ دراون.

**تێبینی:**

خوێندنی زمانی کوردی لە بازنەی خوێندنی زمانی پێکهاتەیەك دەرنەچووە و قەتیس ماوە، گرنگی دەدات بە ئەدەب و مێژوو.

**٣- ئامانجی خوێندنی زمانی دووەم**

فێرخواز بتوانێت بە زمانی نوێ\دووەم قسە بکات و بخوێنێتەوە و بنووسێت لە سادەترین فۆرمدا، ئەمەش پێویستی بە فرە پەیڕەویکردنێکی بەردەوامە، بۆیە دەبێت قوتابی\خوێندکار ئاشنا بکات بەو وشە و ڕستە و دەستەواژانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاردێن، بابەتەکانی بلکێن بە پێویستییەکانی کەسێك بیەوێت، بخوێنێت، سەردان، یان بژی لە وڵات و کەلتوورێکی نوێدا.

**تێبینی:**

خوێندنی ئەدەب و مێژوو لە بابەتەکانی فێربوونی زمانی دوو نین کە خراونەتە پرۆگرامەکانی خوێندنی زمانی دوو لە کوردستان و عێراقدا. جگە لە ئینگلیزی بەرنامەکانی خوێندنی زمانی دوو لەسەر بنەمایەکی زانستی دانەڕێژراون.

**پێوەرەکان:**

لەسەر بنەمای تیۆرییەکان و ئامانجەکانی خوێندنی زمان دەتوانرێت چەند خاڵ دەستنیشان بکرێت بۆ نووسینی بەرنامەی خوێندنی زمان و هەڵسەنگاندن.

**١- پەیوەندییەکان دەبێت لە خوێندنی زماندا بەشێکی گرنگ بن.**

پرۆگرامەکانی خوێندنی زمان بەو ئاراستەیە بنووسرێن کە یارمەتیی فێرخواز بدات بۆ فێربوون و گەشەسەندنی ئاخافتن و نووسین

**خوێندنی زمانی مردوو گرنگی دەدات بە ڕێزمان و وشە، نەک پەیوەندییەکان و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان بوونیان نییە، وەک خوێندنی زمانی سۆمەری، لاتینی و سانسکریتی**

**دەبێت بەرنامەکانی خوێندنی زمان سەردەمیانە بن و گرێدراو بن بە ژینگە و ژیانی فێرخوازەوەوە**

به باشی بۆ پەیوەندیکردن لە بواره فەرمی و کۆمەڵایەتییەکاندا.

فێرخواز لە تەمەنی ٧ -١١ ساڵەوە بتوانێت بە ئاخافین گوزارشت لە خۆی بکات هەنگاو بە هەنگاو ئاشنا بکرێت بە نووسین لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیدا، وەك نووسینی کارت لە بۆنەکاندا و ڕووداوەکانی دەوروبەری. لە دوای ١١ ساڵەوە پرتر و چڕتر لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و فەرمییەکاندا. توانای هەبێت لە دەقی بیستراو و نووسراوی چاپەمەنییەکان و میدیاکان تێبگات.

**تێبینی:**

پەیوەندییەکان بوونیان نییە لە بەرنامەی خوێندنی زمانی کوردیدا، ئەمەش لاوازترین خاڵی بەرنامەکەیە.

بەرنامەی خوێندنی زمانی ئینگلیزی لە بەریتانیا (ئینگلتەرا) گرنگی دەدات بە پەیوەندییەکان، ئەو قوتابییانەی کە فێری قسەکردن، خوێندنەوە و نووسین نابن بە شێوەیەکی ڕەوان و متمانەبەخۆبوون، بە شێوەیەکی کاریگەر لە مافی خۆیان بێبەش دەکرێن.[٤]

٢- سامانی وشە، پێویستە بە زمانێکی پاراو و ڕوون، بە ڕستەی تەواو قسە لەگەڵ کۆرپەدا بکرێت و، ئاشنا بکرێت بەو شتانەی دەوروبەری بە وشە\ناوەکانیان، گرنگە سامانی وشە لە منداڵییەوە دەوڵەمەند بکرێت. لە پرۆسەی خوێندنی زماندا ئەولەوییەتی پێ بدرێت، زیاتر لە بەشەکانی دیکەی ڕێزمان، بە گوتەی چۆمسکی ئەو بەشەی مێشك وشەی بە ڕێی خۆی ڕستە دروست دەکات بێ کۆتایی.

**تێبینی:**

بەرنامەی خوێندنی زمانی کوردی گرنگی دەدات بە وشە و وشەسازیی کوردی و خۆی پاراستووە لە وشەی بێگانە، بەڵام کاریگەریی مێژوو و کەلتووری دینی و ژیانی سەردەم بەتایبەتی شۆڕشی ئینتەرنێت وشە ناکوردیەکان تەشەنەیان کردووە و بوونەتە بەشێك لە گوتاری سیاسی، کۆمەڵایەتی و دینی. بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاردێن لە میدیای نووسراو و بیستراودا. نەخوێندنیان لە سیستەمەکەدا کاریگەریی نەرێنی لەسەر تێگەیشتنی فێرخواز دادەنێت.

پاککردنەوەی زمان لە وشەی بێگانە ئەرکێکی نیشتمانیی پیرۆزە، بەڵام نابێت کاریگەریی نەرێنی لێ بکەوێتەوە. لە بەریتانیا ساڵانە بڕیار دەدەن چەندین وشەی بێگانە بخرێنە ناو فەرهەنگی ئۆکسفۆردەوە، لە قوتابخانەکاندا دەخوێندرێن.

زمانی فارسی تازە پتر لە ١٢٠٠ ساڵە پێی دەنووسرێت، پڕە لە وشەی کوردی و عەرەبی، کارئاسانی بۆ زمانەکە کردووە، سوودیان لێ وەرگرتووە.

**٣- نووسین (داڕشتن) پێویستە جۆرەکانی نووسین بە باشی بخوێندرێن.[٥]**

نووسین چالاکییەکی مەعریفیی زۆر ئاڵۆزە، چەندین لایەنی مەعریفی لەخۆ دەگرێت، لەوانە: ڕێزمان، زانیاری دەربارەی بابەت ئامانج (بۆچی دەنووسرێت؟)، خوێنەر(بۆ کێی دەنووسێت؟)، ڕەچاوکردنی بەهاکان و لایەنە کۆمەڵایەتییەکان، پابەندبوون بە ڕێنماییەکان و...هتد. فێربوونی نووسین پۆلێن کراوە بۆ چەند جۆرێك و هەیکەل و فۆرمی بۆ دانراوە، کارئاسانی دەکات و یارمەتیی قوتابی\خوێندکار دەدات باشتر بیرۆکە و ئایدیاکانی بنووسێت و پەرەیان پێ بدات. لەبەر گرنگیی بابەتەکە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەم.

- نووسینی گێڕانەوە، لە بنەڕەتدا بریتییە لە گێڕانەوەی بابەتێك، وەك: چیرۆك، ڕووداو، ژیاننامە بە شێوەی نووسراو بە مەبەستی پاڵنەر، پەروەردەکردن، یان تەنیا سەرگەرمکردنی بینەر.
- نووسینی وەسفی، هاوشێوەی نیگارکێشانی وێنەیەك دروست دەکات بە وشە، سود وەردەگرێت لە هەستکردن و هەستەکان (بینین، بیستن، تامکردن، دەستلێدان، بۆنکردن) تا بە ڕوونیی بگەیەنێتە خوێنەر.
- نووسینی قایلکەر، ئامانجەکەی ڕازیکردنی خوێنەرە لەگەڵ ئامانجەکانی نووسەر. نووسەر هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوە لەبارەی شتێکەوە دەگرێتەبەر، جا لایەنگری بێت، یان دژی، داوا لە خوێنەر دەکات یارمەتی بدات، لەگەڵیدا هاوڕا بێت، دەربارەی بابەتێك، وەك نامەی فەری، بانگەشە بۆ بابەتێك.
- نووسینی ڕوونکردنەوە، نووسینی ڕوونکردنەوە

**بەرنامەی خوێندنی زمانی ئینگلیزی لە بەریتانیا (ئینگلتەرا) گرنگی دەدات بە پەیوەندییەکان، ئەو قوتابییانەی کە فێری قسەکردن، خوێندنەوە و نووسین نابن بە شێوەیەکی ڕەوان و متمانەبەخۆبوون، بە شێوەیەکی کاریگەر لە مافی خۆیان بێبەش دەکرێن**

**پێویستە بە زمانێکی پاراو و ڕوون، بە ڕستەی تەواو قسە لەگەڵ کۆرپەدا بکرێت و، ئاشنا بکرێت بەو شتانەی دەوروبەری بە وشە\ناوەکانیان، گرنگە سامانی وشە لە منداڵییەوە دەوڵەمەند بکرێت**

**بەرنامەی خوێندنی زمانی کوردی گرنگی دەدات بە وشە و وشەسازیی کوردی و خۆی پاراستووە لە وشەی بێگانە، بەڵام کاریگەریی مێژوو و کەلتووری دینی و ژیانی سەردەم بەتایبەتی شۆڕشی ئینتەرنێت وشە ناکوردیەکان تەشەنەیان کردووە**

بە شێوازێك دەنووسرێت کە چەمکێك ڕوون بکاتەوە، یان زانیاری لەگەڵ ئامادەبووان هاوبەش بکات، هەروەها ڕێنمایی و تێڕوانین سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو پێشکەش بکات. یەکێکە لە باوترین جۆرەکانی نووسین و بە شێوەیەکی تایبەت لە شێوازەکانی دیکەی نووسینیشدا هەیە. لەبەر ئەوەی زانیاری دەخاتە بەردەم خوێنەران، هەندێك جار بە نووسینی زانیاری ناودەبرێت.

**تێبینی:**

یەك شێوازی نووسین دەخوێندرێت (نووسینی وەسفی)، تەسك کراوەتەوە دەربارەی چەند بابەتێکی دیاریکراو، تارادەیەك نووسینی دارشتن دەستاوەدەست دەکرێن بۆ لەبەرکردن.

**بەشی ٥- دەرئەنجام و پێشنیارەکان**

ئەوەی جێگەی پرسیار بوو، ئەوەیە کە بەرنامەی خوێندنی زمانی کوردی لەچ ئاستێکدایە بۆ دروستکردنی کادر بۆ کۆمەڵگە و دەوڵەت؟ بۆیە کورتەیەك لە مێژووی خوێندنی زمانی کوردی لە کوردستان و عێراقدا خرایە ڕوو و تایبەتمەندییەکانی دەستنیشان کران و، بۆمان دەرکەوت کە بەرنامەکە تا ئێستا لەسەر بنەمای فکریی پەروەردەی عێراق دانراوە، کە نزیکەی ١٠٠ ساڵە کاری پێ دەکرێت! پەیوەست کراوە بە مێژوو و ئەدەبەوە. ئەمەش لەگەڵ ژیانی سەردەم و ژینگە و ژیانی قوتابی نایەتەوە. تایبەتمەندییەکانی خوێندنی زمانی فەرمیی دەوڵەت لەخۆ ناگرێت، کە گرنگیی بە پەیوەندی فەرمی و کۆمەڵایەتی دەدات.

چوار تیۆری فێربوون و بەدەستهێنانی زمان بە کورتی خرانە ڕوو، بەپێی تیۆرەکان ئامانجی خوێندنی زمان دەستنیشان کرا، هەروەها چەند پێوەر دەستنیشان کران بۆ هەڵسەنگاندن و نووسینی بەرنامەی خوێندنی زمان: پەیوەندییەکان دەبێت بەشێکی گرنگ بن لە خوێندنی زماندا، گرنگیدان بە سامانی وشە و پێویستە جۆرەکانی نووسین بە باشی بخوێندرێن.

گەشەسەندنی زمان و خوێندنی بە شێوەیەکی زانستی، نەك تەنیا ڕەوانیی زمانی لێ دەکەوێتەوە، بەڵکو ئاسۆی هزر و بیر فراوانتر دەکات.

**پێشنیارەکان:**

١- پێویستە گرنگی و پێشەنگی بدرێت بە خوێندنی زمان زیاتر لە بابەتەکانی دیکەی خوێندن.

تەنیا ماددەیەکی خوێندنە کە سەربەخۆ تیۆری بۆ دانراوە بۆ فێربوون و بەدەستهێنانی لەلایەن پسپۆڕانی جیاوازەوە، بەتایبەتی دەروونناسی و کۆمەڵناسی، چونکە زمان بنەمایە بۆ گەشەدانی تاك و کۆمەڵگە، بۆیە پێویستە دانانی بەرنامەکانی خوێندنی زمان لەلایەن تیمێکەوە دانرێن کە پسپۆڕانی زمان، دەروونناسی و کۆمەڵناسی، پەروەردەیی لە خۆ بگرێت.

٢- پێویستە بنەمای دارشتنی بەرنامەی خوێندی زمان بگۆڕدرێت و لە کاریگەریی پەروەردەی عێراق ڕزگاری بێت.

٣- نووسین (دارشتن) لە قەیراندایە، پێویستە شێوازی فێربوونی نووسین بگۆڕدرێت.

٤- بەشی خوێندنەوە نوێ بکرێتەوە، گری بدرێت بە ژیانی سەردەمەوە زیاتر لە بابەتی گشتی و مێژوویی، هەروەها گرنگە تیۆرییەکانی خوێندنی زمان لە خۆ بگرێت، بە شێوازێکی سادە بنووسرێن.

٥- بەرنامەکانی خوێندنی زمانی دوو، پێویستە لەسەر بنەمای زانستی فێربوونی زمانی دوو دابڕژدرێن.

**پەراوێزەکان:**

١) بەراوردکردنی خوێندنی زمانی ئینگلیزی و ئەدەبی ئینگلیزی، لە دوا ساڵی ئامادەیی GCSE English literature V GCSE English study.

٢) https://en.wikipedia.org/wiki/The_Theory_of_Communicative_Action )

٣) دەربارەی فکری ساتیع الحوسەری، بنوارە کتێبەکەی ماهیە القومیە، بە زمانی عەرەبی، داگرتن https://kcdevorg.files .

٤) https://www.gov.uk/government/publications/national-curriculum-in-england-english-pro--grammes-of-study/national-curriculum-in

٥) england-english-programmes-of-study
https://research.com/tutorials/guide-to-the-different-types-of-writing .

سوود لەم تێزەوە گیراوە.

**نووسینی ڕوونکردنەوە، نووسینی ڕوونکردنەوە بە شێوازێك دەنووسرێت کە چەمکێك ڕوون بکاتەوە، یان زانیاری لەگەڵ ئامادەبووان هاوبەش بکات**

**گەشەسەندنی زمان و خوێندنی بە شێوەیەکی زانستی، نەك تەنیا ڕەوانیی زمانی لێ دەکەوێتەوە، بەڵکو ئاسۆی هزر و بیر فراوانتر دەکات**

**پێویستە بنەمای دارشتنی بەرنامەی خوێندی زمان بگۆڕدرێت و لە کاریگەریی پەروەردەی عێراق ڕزگاری بێت**

# ئایین و پاراستنی شکۆی خێزان

خێزان بنچینە و بناغەی کۆمەڵگە و وڵاتە، بۆیە نیشانەی سەرکەوتنی وڵات لە سەرکەوتنی خێزان خۆی دەبینێتەوە. هەر تاکێك کاتێك پۆستێکی ئیداری، سیاسی، بازرگانی، یان هەرکارێکی دی وەردەگرێت، لە خێزانێك هاتووە، جا نابێت چاوەڕێی ئەوە لەو کەسە بکەین، کە چاکسازیمان بۆ بکات کە لە ناو خێزانیدا، کە پڕە لە گەندەڵیی خێزانی، وەکو باب فێڵ لە منداڵەکانی دەکات، منداڵەکان فێڵ لە بابیان دەکەن، ژن و مێرد متمانەیان پێك نایەت، کەواتە ئەو کەسە لەم خێزانە شکستخواردووە هاتووە، بۆیە ناتوانێت فەرمانگەیەکی پاك و دوور لە گەندەڵی دروست بکات.

خودای گەورە دەفەرموێت: «إِنَّ اللّهَ لاَ يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنْفُسِهِمْ» [الرعد:١١]واتە: هیچ گەلێك ناگۆڕین، مەگەر نەفسی خۆیان نەگۆڕن .

عن النعمان بن بشير رضي الله عنهما قال: سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول: «أَلَا وَإِنَّ فِي الْجَسَد مُضْغَةً إِذَا صَلَحَتْ صَلَحَ الْجَسَدُ كُلُّهُ، وَإِذَا فَسَدَتْ فَسَدَ الْجَسَدُ كُلُّهُ، أَلَا وَهِيَ الْقَلْبُ». متفق عليه.

واتە: لە لاشەی مرۆڤ پارچە گۆشتێك هەیە، ئەگەر چاك بوو، ئەوە هەموو ئەندامانی لاشەی چاك دەبن، ئەگەر ئەو پارچە گۆشتە خراپ بێت، ئەوە هەموو ئەندامانی لاشەی خراپ دەبن، ئەویش دڵە.

مەبەستم لەم نموونەیە ئەوەیە، خێزان بۆ وڵات و شار و دێهاتەکان وەکو دڵ وایە، کەواتە ئەگەر خێزانەکان باش بن، ئەوە وڵاتیش باش دەبێت، ئەگەر خێزان سەرکەوتوو نەبێت و شکستی هێنابوو، کۆمەڵگەش شکست دەهێنێت.

**ئەگەر خێزانەکان باش بن، ئەوە وڵاتیش باش دەبێت، ئەگەر خێزان فاشیل بێت و شکستی هێنابوو، کۆمەڵگەش شکست دەهێنێت**

بە پێویستی دەزانم کە بۆ زیاتر پاراستنی شکۆی خێزان چەند خاڵی سەرەکی بخەمە ڕوو:

١- ڕێزگرتن و گوێڕایەڵیی دایك و باوك :

( وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا ۚ إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَا أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا) سورة الاسراء (٢٣)

واتە: خودای گەورە فەرمانی پێ کردوون، چاکەکار بن لەگەڵ دایك و باوکتان، ئەگەر داواکارییەکیان هەبوو، ناکرێت پێیان بڵێن ئۆف، بەڵکو دەبێت بەو پەڕی نەرمونیانییەوە وشەی جوانیان بۆ دەرببڕن .

٢- دروستکردنی خۆشەویستی لە نێوان ئەندامانی خێزان بەگشتی و لە نێوان کوڕو کچ بەتایبەتی، هەروەها کچ و ژن برا (دش) و بووك و خەسوو .

٣- دادپەروەری لە نێوان ئەندامانی خێزان بەگشتی، یەکسانی و دادپەروەری جیاوازن، بۆیە دەڵێم دادپەروەری، بۆ نموونە کچێکت هەیە تەمەنی سەرووی ١٥ساڵە و کچێکی دیکەشت هەیە تەمەنی لە خوار ١٠ ساڵە، کەواتە ئەگەر بایی هەزار دینار چکلێت بۆ کچە بچووکەکەت کڕی و بە هەمان شێوە بە یەکسانی حیساب لەگەڵ کچە گەورەکەت بکەیت، ئەوە دادپەروەری نییە و ستەمت لە کچە گەورەکەت کردووە. بۆیە دادپەروەری بە پێی پێویست بڕیاری لەسەر دەدرێت .

**ئەگەر بایی هەزار دینار چکلێت بۆ کچە بچووکەکەت کڕی و بە هەمان شێوە بە یەکسانی حیساب لەگەڵ کچە گەورەکەت بکەیت، ئەوە دادپەروەری نییە و ستەمت لە کچە گەورەکەت کردووە**

خودای گەورە دەفەرموێت : «اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ». واتە: دادپەروەر بن، ئەوەیان نزیکترینە لە تەقوایی.

٤- لاسایینەکردنەوە. زۆرێك لە خێزانەکان بە هۆی لاساییکردنەوەی ناشەرعی و ناتەندروست شکۆی خێزانییان لەدەست داوە. زۆرێك لە خەڵکی لە دەوامی فەرمی لە کۆلێژ و شایی و هیتر .. لە جلوبەرگ لاسایی یەکتری دەکەنەوە، بەوەش زیانی ماددیی زۆریان بەردەکەوێت ئەمەیان لە ناو ژنان و کچان زۆر باوە، لە ناو پیاوان سەیارە گۆڕین باوە کە بووەتە نەخۆشیی مۆدێل و لە مونافەسەی یەکتریساڵانە سەیارەکانیان دەگۆڕن و زیانێکی زۆری ماددییان بەردەکەوێت و، کێشەی خێزانییان بۆ دروست دەبێت، بگەرە جاری وایە گەیشتووەتە جیابوونەوە و تێکچوونی شیرازەی خێزانێك و بووەتە هۆی پچڕانی دوو بنەماڵەی گەورە .



مەلا ڕەعد نووری ئۆمەربلی

بەڕێوەبەری مزگەوتەکان و پشکنین لە دیوان
وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی

خودای گەورە بە خەراپ ناوی ئەو کەسانەی هێناوە کە کوێرانە شوێنی خەلکی دیکە دەکەون و ئیسراف و زیادەڕۆیی زۆر دەکەن و ئەوانەشی کە ڕەزیلی دەکەن»، (وَالَّذِينَ إِذَا أَنفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُرُوا وَكَانَ بَيْنَ ذَٰلِكَ قَوَامًا) [الفرقان:٦٧].

٥- پاراستنی نهێنی لە ناو خێزان. بەداخەوە لە سەردەمی ئێستادا کە تێیدا دەژین، زۆرێك لە خێزانەکان بە هۆی نەپاراستنی نهێنیی خێزانی، شکۆی خێزانییان لە دەست داوە. ئەگەر تەماشا بکەین، ئەوانەی کە دزییان لێ دەکرێت، ئەو ماڵانەن کە نهێنییان نییە، لەوەش خەراپتر ئەوەیە ژن و مێرد نهێنیی ژووری نوستنیان بێننە دەرەوە. پێغەمبەری سەروەرمان (د.خ) نەفرەتی لەو جۆرە ژن و مێردانە کردووە و دەفەرموێت : «قول النبي صلى الله عليه وسلم: إِنَّ مِنْ أَشَرِّ النَّاسِ عِنْدَ اللهِ مَنْزِلَةً يَوْمَ القِيَامَةِ، الرَّجُلَ يُفْضِي إِلى امْرَأَتِهِ، وَتُفْضِي إِلَيْهِ، ثُمَّ يَنْشُرُ سِرَّهَا. رواه مسلم»..

واتە: خەراپترین کەس لەلای خودای گەورە لە ڕۆژی قیامەت، ئەو پیاوەیە کە دەچێتە لای ژنەکەی و کاری شەرعی (سەرجێی) لەگەڵ ئەنجام دەدات و، دواتر لە ناو خەڵکی باسی دەکات کە لەگەڵ ژنەکەی خۆی چی کردووە. ئەوە ژنانیش دەگرێتەوە، کاتێك لەگەڵ یەکتری دادەنیشن و باسی پیاوەکانیان دەکەن.

٦- بۆ پاراستنی شکۆی خێزان دەبێت ڕاوێژ و ڕاگۆڕینەوە هەبێت. کاتێك منداڵەکان گەورە بوون و کاردەکەن و پارە دێننەوە ماڵەوە، ناکرێت منداڵەکانتان پشتگوێ بخەن و ڕاوێژیان پێ نەکەن، ئەو کات شکۆی خێزانتان لە دەست دەدەن.

قال تعالى (وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ) .

٧- دەبێت دایك و باوك لەگەڵ منداڵەکانیان هاوڕێ بن و، لە نزیکەوە گوێ لە دەردەدڵی و موعاناتیان بگرن و، هەوڵی چارەسەرکردنیان بدەن و هاوکاریان بن، نەك منداڵ نەتوانێت باسی نهێنیی ژیانی ڕۆژانەی خۆی بکات. دەبێت خەمخۆری سەرەکی دایك و باوکی بن، ئەگەرنا هاوڕێیەکی برسی لە دەرەوە هاوکاری دەکات و پاڵپشتی دەکات و گوێ لە نهێنییەکانی دەگرێت و دواتر لە خشتەی دەبات و بۆ مەرامە خراپەکانی خۆی بەکاری دەهێنێت و، منداڵەکەی تۆش دەبێتە قوربانی و لە دەست دەڕوات، بۆیە خۆت ت چاودێری منداڵ و کەسە نزیکەکانت بێت و هاوڕێ خەراپەکانیان لێ دوور بکەیتەوە.

هەروەکو پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت :

النبي صلى الله عليه وسلم قال: ((كُلُّكم راعٍ، وكُلُّكم مسؤولٌ عن رعيَّتِه، والأميرُ راعٍ، والرجلُ راعٍ على أهلِ بيتِه، والمرأةُ راعيةٌ على بيتِ زوجِها وولدِه، فكُلُّكم راعٍ، وكُلُّكم مسؤولٌ عن رعيَّتِه))؛ متفق عليه

واتە: هەمووتان شوان و چاودێر و سەرپەرشتیارن، هەروەها بەرپرسیارن لە سەرپەرشتیارییەکەتان، سەرۆك سەرپەرشتیارە، پیاو سەرپەرشتیاری خانەوادەکەیەتی، ژن سەرپەرشتیاری ماڵی مێرد و منداڵەکانیەتی، بۆیە هەمووتان سەرپەرشتیارن و هەمووشتان بەرپرسیارن لەو سەرپەرشتییایەی کە پێتان دراوە .

لە ڕۆژی دوایی (يوم القيامة) لە گۆڕەپانی لێکۆڵینەوە، ئەوانەی بەرپرسیارەتییان هەبووە و کەمتەرخەم بوون، دەفەرموێت: ئەوانە ڕابگرن ئەوانە بەرپرسیان (وَقِفُوهُمْ ۖ إِنَّهُم مَّسْئُولُونَ ) الصافات /٢٤.

لە دایکێکیان پرسی: کام منداڵت لە هەمووان خۆشتر دەوێت؟

لە وەڵامدا گوتی: ئەوەی بچووکە و تا گەورە دەبێت. ئەوەی نەخۆشە و تا چاك دەبێتەوە .ئەوەی لە سەفەرە و تا دەگەڕێتەوە . ئەمە پێی دەگوترێت پاراستنی شکۆی خێزان .

ئیمامی شافیعی دەفەرموێت: چەند شت هەن، تایبەتمەندیی خۆتە و پێویست ناکات، خەڵکی بیزانن، لەوانە: تەمەنت چەندە؟ :سەرووەت و سامانت چەندە؟ بیر و ڕات چییە؟ بۆ کوێ سەفەر دەکەیت؟

ئەم خاڵانەش ئەگەر بە نهێنی مانەوە، ئەوە شکۆی خۆت و خێزانت پاراستووە .

**زۆرێك لە خێزانەکان بە هۆی لاساییکردنەوەی ناشەرعی و ناتەندروست شکۆی خێزانییان لەدەست داوە**

**زۆرێك لە خەڵکی لە دەوامی فەرمی لە کۆلێژ و شایی و هیتر .. لە جلوبەرگ لاسایی یەکتری دەکەنەوە، بەوەش زیانی ماددیی زۆریان بەردەکەوێت**



ستیڤان شەمزینی

نووسەر و ڕۆژنامەنووس:

# کۆششم بۆ ئەوەیە نەخۆشانی شێرپەنجە بگەیەنمە ئەو بڕوایەی بە هەموو ئازار و دەردەکانیانەوە دەست بە ژیانەوە بگرن

نووسەر و ڕۆژنامەنووس ستیڤان شەمزینی ماوەی ١١ ساڵە تووشی شێرپەنجەی مێشك و پووکانەوەی مۆخ بووە، بەڵام بە ورەیەکی پۆڵاییینەوە دەستەویەخەی شێرپەنجە بووەتەوە و تەسلیم نەبووە، بەدەر لەمە خاوەنی ٢٣ کتێبی چاپکراوە، سێ دانەیان دەگەڕێتەوە بۆ پێش تووشبوونی بە شێرپەنجە، بەڵام لە ماوەی ئەم ١١ ساڵەی دوای تووشبوون بە شێرپەنجە ٢٠ کتێبی نووسی و ئامادەیانی کرد، زۆربەشیان لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانەوە نووسراون، ئێستاش پێنج کتێبی دیکەی بۆ چاپ ئامادەن، ئەمڕۆش لە ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی شێرپەنجەدا دیمانەیەکمان لەگەڵی ئەنجام دا و، بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

*** چۆن و بە چ شێوازێك ڕووبەڕووی نەخۆشیی شێرپەنجە بوویتەوە و ڕێگەت لەوە گرت دەرئەنجامەکانی بگەنە ناخت؟**

- پێش هەر شتێك وەك نووسەرێك بە ئەفسوونی وشە بەرەنگاریم دەستپێکرد، شۆکەکە زۆر گەورە دەبوو، ئەگەر لە کایەی نووسیندا کارم نەکردبا. شێرپەنجە نەخۆشییەکی ئاوارتە نییە لەم سەردەمەدا، وەك هەر پەتایەکی ئاسایی بڵاو بووەتەوە، لەگەڵ ئەوەی ساڵانە ژیان لە ملیۆنان کەس دەسێنێتەوە لە جیهاندا، بەڵام چیتر لە لیستی دەردە کوشندەکاندا ڕیزبەند ناکرێت. ئەزموونی من لە ڕووبەڕووبوونەوەی شێرپەنجە کەمێك جیاوازترە، پێش ١١ ساڵ کاتێك ئەنجامی دیاگنۆسەکەم ئەوەی دەرخست وەرەمێکی سەرەتاییی گەورە لە بەشی چەپی مێشکمدا هەیە، سەرەتا نەمدەتوانی ئەوە گەوار بکەم، کە دەبێت بەم زووانە بڕۆم، بڕیارم دا خۆم وەك نەخۆشێك نەبینم، ئەمە ئەو پرەنسیپەیە هەر لە سەرەتاوە پیادەم کرد، نەمهێشت بڕوا بەوە بهێنم، بەوەی نەخۆشێکم و دوارۆژێکی لێڵ چاوەڕێمە، ڕێگەم نەدا ئەو تومۆرە لە ناو مێشکمدا ببێتە برینێك لە بیرکردنەوەدا، یان ببێتە دراگۆنێك مێشك و لەشم بخوات، شێرپەنجەم لە ناوچەیەکی تەسکی جەستەدا وەك پارچەیەکی زیادە و دەرەکی سەیر کرد. لە پەنایدا بە دوای بیۆگرافی ئەو نووسەر و فەیلەسووفانە گەڕام، کە نەخۆشی برستی لێ بڕیبوون، ژمارەیەکی زۆرم دۆزییەوە لەو داهێنەرە مێژووییانە، ئەوەی لە هەمووی کەمەنکێشتر بوو بە لامەوە، دۆزی نەخۆشی هەر یەك لە دۆستۆیڤسکی و نیچەی فەیلەسوفی ئەڵمانی بوو، لە ٢٠١٤ چوومە ماڵە هاوینییەکەی نیچە لە نزیك دارستانی ڕەش، لەوێ بڕیارم دا خۆم ڕادەستی چارەسەرە پزیشکییەکان بکەم.

*** هێزی ئیرادە چەند ڕۆڵی لە بەرەنگاریی ئەم شێرپەنجەدا هەیە؟**

- مرۆڤ ئاژەڵێکی ئاڵنگارە، لە هەر ئاژەڵێکی دیکە زۆرتر لە سرووشت یاخی بووە، لە هەر ئاژەڵێکی دیکەش پتر توانای خۆڕاپسکاندنی هەبووە لە جەبرەکانی بوون، لە ڕێگەی ئیرادە و عەقڵییەوە زاڵ بووە بەسەر دەوروبەریدا، ئەوەی ئەمڕۆ بە دەستمان هێناوە لە پێشکەوتن و زانیاری، کاری ڕێکەوت نییە، بە هۆی ئەو ویستەوە بوو کە هەمانبووە بۆ داهاتوو، کارکردن بۆ داهاتوو نەریتێکی تەواو مرۆڤانەیە، لە خێڵی ئاژەڵەکاندا تەنیا مرۆڤە دەتوانێت نەخشەی بۆ داهاتوو هەبێت، ئەوەی ئایدیای لە بارەی ئێستا و ئایندەوە نەبێت، داروین پێمان دەڵێت: لە پەرەسەندن دواکەوتووە و ماویەتی ببێت بە مرۆڤ. ڕوونتر بڵێم زانست سەلماندوویەتی ئیرادە و خواستی مرۆڤ زۆر زیاتری لە باردایە و هەر لێرە ڕاناوەستێت، منیش بە نۆرەی خۆم بڕیارم دا، کەڵك لە ماتەوزەی دەروونی و ڕۆحیی خۆم وەربگرم، تاکو بتوانم زاڵ بم بە سەر ئازارەکاندا، یەکێك لەو تەکنیکانەشی بەکاری دەهێنم، بریتییە لە لەبیرکردنی نەخۆشی، کاتێك تۆ نەخشە بۆ ئایندە دادەنێیت، واتە ئێستا لە بیر دەکەیت، ئەگەرچی مرۆڤێکی گەشبین نیم، بەڵام هەمیشە پێموایە ڕۆژێك دێت لە ئەمڕۆ باشتر بێت، نەخۆشیم لە بیرکرد و نەخشەم بۆ دوارۆژ دانا، یەکێك لەو نەخشانەش ئەو کتێبانە بوون لە ماوەی نەخۆشییەکەمدا چاپم کردن.

*** ئەی چۆن توانیت لە نەخۆشخانە ئەو ژمارە کتێبە چاپ بکەیت؟**

- کە وتم ئەزموونەکەم کەمێك جیاوازە، ڕێك بیرم لای ئەوە بوو، باسی کتێبەکانم بکەم، لاتان ڕوونە نووسین لە ژیانمدا لەگەڵ نەخۆشیدا دەست پێ ناکات، پێش نەخۆشییەکەم وەك ڕۆژنامەوان و سەرنووسەری ڕۆژنامە و گۆڤار کارم دەکرد و لە ئەتەری میدیای کوردی و عەرەبیدا ناوێکمان هەبوو. کاتێك وەك نەخۆشێك لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانەکان خۆم بینییەوە، لەبەر خۆمەوە دەموت، ئەوەی لێرەیە قەبارە بیۆلۆژییەکەی منە، نەك هزر و ئەندێشە، ئەوەی نەخۆشە، مێشکمە نەك بیرکردنەوەم، ئەوەی ئازاری هەیە، لەشمە، نەك دڵم، بڕیارم دا، کتێبەکانم چاپ بکەم، هەندێکیانم پێشتر نووسیبوون، هەندێکیانم بە زنجیرە وتار لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کردبووەوە، نیوەشیان لەو ١١ ساڵەدا نووسیمن، بە تێکڕا ٢٣ کتێبی چاپکراوم بڵاوکردووەتەوە کە دوایەمینیان «هەڵبەت تا ئێستا» کتێبی (شارستانی کۆلاپس)ە لە دوو توێی ٦٦٠ لاپەڕەی قەبارە گەورەدا. بە کورتی کارەکە دووسەرە بوو، هەم ئیرادەم لە نووسین و کتێبەکانمەوە وەردەگرت، هەم بە زەبری ئیرادە ئەو کتێبانەم دەنووسی و بۆ چاپ ئامادەم دەکرد.

*** شێرپەنجە لای تۆ بوو بە خاڵی بەهێز، نەك تێکشکان، بیرت لەوە نەکردووەتەوە کتێبێکیش لەو بارەوە بنووسیت ؟**

- توانیم بەرهەمهێنانی فیکری لە قاوشی نۆرۆلۆگییەوە بکەم، شێرپەنجەم کرد بە میتافۆرێك و خستمە پاڵ خۆشەویستییەوە، بۆ نموونە ناوی یەکێك لە کتێبە نیمچە فەلسەفییەکانم (خۆشەویستی لە سەردەمی شێرپەنجەدا)یە، ئەمەش هەوڵێك بوو تا چیتر بە شێرپەنجە نەوترێت «دەردەپیسەکە». هەوڵم نەداوە لەسەر نەریتی سەفسەتەبازیی گەشەپێدانی مرۆیی کتێبی بازرگانی بنووسم، کۆششم بۆ ئەوەیە نەخۆشانی شێرپەنجە بگەیەنمە ئەو بڕوایەی بە هەموو ئازار و دەردەکانییەوە دەست بە ژیانەوە بگرن، ئێمە لە ناو ئەم بوونەداین، هەر بوونێکی دی بەرهەمی فەنتازیایە و پانتاییەکی گریمانەکراوە نەك سەلمێندراو، بۆیە چاکتر وایە هیچ چرکەیەك بە فیڕۆ نەدەین، نابێت ڕۆژەکانمان بسووتێنین، کاتێك ئاوڕ بدەینەوە ئەوەی بوو بە قەقنەس خودی ژیان بوو، وەك خۆم سەما بە چواردەوری خۆڵەمێشێکدا ناکەم، کاتێك کوژانەوەی ئاگرەکەیم بینیبێت. بۆیە ئەو کتێبانەی نووسیوومن، پەیامێکی ژیانویستییە و نیشاندانی ئەوەشە نەخۆشی نابێتە دەرد، تا خۆمان بڕیار نەدەین، من بڕیارم داوە بنووسم نەك بۆ باسکردنی مەرگ و نەخۆشی، بەڵکو بۆ ستایشی ژیان، ئەگەرچی تێبینیم لەسەر جۆری ژیان لەم جیهانە پڕ نادادییەی هەنووکەدا هەیە.

**شێرپەنجە نەخۆشییەکی ئاوارتە نییە لەم سەردەمەدا، وەک هەر پەتایەکی ئاسایی بڵاو بووەتەوە**

**ڕێگەم نەدا ئەو تومۆرە لە ناو مێشکمدا ببێتە برینێک لە بیرکردنەوەدا، یان ببێتە دراگۆنێک مێشک و لەشم بخوات**

**پێش نەخۆشییەکەم وەک ڕۆژنامەوان و سەرنووسەری ڕۆژنامە و گۆڤار کارم دەکرد و لە ئەتەری میدیای کوردی و عەرەبیدا ناوێکمان هەبوو**

**٢٣ کتێبی چاپکراوم بڵاوکردووەتەوە کە دوایەمینیان «هەڵبەت تا ئێستا» کتێبی (شارستانی کۆلاپس)ە لە دوو توێی ٦٦٠ لاپەڕەی قەبارە گەورەدا**

### کێشەی زەوییە کشتوکاڵییەکان کوردەکانی کەرکووک و ناوچە کێشەلەسەرەکانی هەراسان کردووە

# لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ تا ئێستا بە بڕیاری دادگا ٣٥٦ هەزار دۆنم زەویی کورد لە کەرکووک بە عەرەبی هاوردە دراوە



کوردانی دانیشتووی کەرکووك و ناوچە کێشەلەسەرەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، لە دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە ڕووبەڕووی چەندین ڕووداوی نەخوازراو بوونەتەوە، لە سەرووی هەموویانەوە تەعریب و داگیرکردنی ماڵ و زەوییە کشتوکاڵییەکانیان لەلایەن عەرەبی هاوردەوە، هاوکات نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەسیش ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون، کە بەشێکی زۆریان تاوەکو ئێستاش بۆ زێدی خۆیان نەگەڕاونەتەوە.

هەوڵ درا بەپێی ماددەی ١٤٠ و هەندێك بڕیار و ڕێنوینی، کێشەی لەمێژینەی زەوییە تەعریبکراوەکان چارەسەر بکرێت، بەڵام لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧وە کێشەکە ئاڵۆزتر بووە و تاوەکو ئێستا ٣٥٦ هەزار دۆنم زەویی کورد لە کەرکووك بە بڕیاری دادگا بە عەرەبی هاوردە دراوە.

بەپێی زانیارییەکان چەند ڕۆژێك پێش ئێستا هێزێکی سەربازیی عێراق جووتیارانی گوندی پەلکانەی سەر بە ناحیەی سەرگەڕان لە قەزای دووبز لە سنووری پارێزگای کەرکووك ئاگادار کردبووەوە کە نابێت زەوییەکانیان بۆ کشتوکاڵکردن بەکاربهێنن، بەپێچەوانەوە تووشی سزا دەبنەوە. لە سنووری ناحیەی سەرگەڕان لە قەزای دووبزی سەر بە کەرکووك ١٢ گوندی کورد هەیە کە عەرەبی هاوردە هەوڵی داگیرکردنی زەوی و موڵکەکانیان دەدەن. بەشداربووانی ڕاپۆرتێکی شیکاری گۆڤاری گوڵان باس لە دەرەنجام و لێکەوتە خراپەکانی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



**بارزانیی نەمر شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی کردە قوربانی کەرکووک و ئەو ناوچانەی کە ئێستا پێی دەوترێ ناوچەی جێ ناکۆک و کێشەلەسەر**

**لەپاش خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە عەرەبە هاوردەکان چوونەتە سەر زەوی و ئاوی جووتیارانی کورد و داگیریان کردووە و دەیکێڵن**

**پێویستە ئەو زەوییانەی پێشتر بەسەر عەرەبی هاورددا دابەش کراون، گرێبەستەکەیان هەڵبوەشێندرێتەوە و گرێبەستی نوێ بۆ خاوەن زەوییە ڕەسەنەکان بکرێت**

مەریوان جەلال ڕەشید کارگێڕی لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکوک، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «ناوچە کێشە لەسەرەکان کە ناوچەی ڕەسەنی کوردە و خاک و ئاو و هەواکەی موڵکی گەلی کوردە و مێژوو شاهیدە و ناسنامەکەی ناسنامەی گەلی کوردستانە، بە درێژایی مێژوو ناوچە کێشە لەسەرەکان کوردی تێدا ژیاوە و موڵکی کورد بووە و، عەرەب نەک لەم ناوچانە نەبوون، بەڵکو لە عێراقیش مێژووەکەیان زۆر نییە، کەچی ئێستا خۆیان کردووەتە ساحیب ماڵ و کوردیان بە میوانیش قبووڵ نییە». هاوکات دەڵێت: «ئەگەر لە مێژووش گەڕێین، کە ئێستا سەردەم، سەردەمی هەڵبژاردن و گشتپرسی و دەنگی خەڵکە، لەوەشدا پاش ئەو هەموو تەعریبەی کراوە، نەتەوەی کورد هەر زۆرینەیە و دەنگی یەکەمی ئەو ناوچانەیە بەتایبەت شاری کەرکوک».

گوتیشی: «لەپاش خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە عەرەبە هاوردەکان چوونەتە سەر زەوی و ئاوی جووتیارانی کورد و داگیریان کردووە و دەیکێڵن و لێی ناگەڕێن، جوتیارە کوردەکان بگەڕێنەوە سەر ئەرزەکانیان و هەموو ساڵێک کاتێک جووتیارە کوردەکان دیانەوێ زەوییەکانیان بکێڵن، پەلامار دەدرێن دەکوژرێن و بریندار دەکرێن، یان ڕاپێچ دەکرێن بۆ بەندیخانە، چونکە عەرەبە هاوردەکان بە پاڵپشتیی هێزی سەربازی هەڵدەکوتنە سەر خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە و حکومەتی داسەپێنراو بە هێز و بە یاسا هاوکاریانە و پشتگیرییان دەکات. بۆیە ئەم بابەتە بەردەوامە و کێشەیەکی قووڵ و بێ چارسەرە و هیچ نییەتێکی باشیش نابینین، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە لەمێژینەیە، کە بەم شێوەیەش بەردەوام بێت، ڕووداوی گەورە و نەخوازراوی لێ دەکەوێتەوە، چونکە کورد دەستبەرداری مافە زەوتکراوەکانی خۆی نەبووە و نابێت، گەلی کوردستان سەدان ساڵە شۆڕش دەکات لە پێناو ڕزگارکردنی گەل و خاکەکەی و جەنابی بارزانیی نەمر شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی کردە قوربانی کەرکوک و ئەو ناوچانەی کە ئێستا پێی دەوترێ ناوچەی جێ ناکۆک و کێشەلەسەر».

مەریوان جەلال ئەوەشی خستەڕوو کە «ڕۆژی ٨ی مانگی ١٢ی ساڵی ٢٠٢٢ جەنابی کاک مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بارەی ناکۆکیی نێوان جووتیارە کورد و عەرەبەکانی دەوروبەری کەرکووک ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە، داوای لە سەرۆکایەتییەکانی عێراق کرد، کۆتایی بە دەستدرێژیی (کەسانی دەستڕۆیشتوو) بهێنن بۆ سەر جووتیارانی کورد. جەنابیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی جووتیارانی کورد بەردەوام لەسەر هێڵ بوون». گوتیشی: «لە ئێستادا هەوڵێک هەیە بۆ چارەسەرکرنی ئاریشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کورستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق و کاراکردنەوەی لێژنەی مادەی ١٤٠ کە بەشێکی پەیوەستە بە گەڕاندنەوەی مافە زەوتکراوەکانی کورد، لە نێویاندا گەڕاندنەوەی زەوی و زاری جووتیاران، بەو ئومێدەین بە زووترین کات لێژنەکە دەست بە کار بێت و لە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بێت و تەواوی بڕگەکانی ئەم ماددەیە جێبەجێ بکەن و ماف بۆ مافخوراوان بگەڕێتەوە. کێشەی جووتیارە کوردەکانیش کێشەی هەموو تاکێکی کوردە و پێویستی بە چارەسەرکردنە و چیدی ڕێگە نەدرێ غەدر و زوڵمیان لێ بکرێت و پێویستە هەموو لایەک لەسەر ئەم کەیسە یەکدەنگ بین».

مەسعود مەلا پەروێز کارگێڕی لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان، هێما بۆ ئەوە دەکات کە مێژووی کەرکوک و داگیرکردنی زەوی لە چوارچێوەی پرۆسەی بەعەرەبکردندا، چەندین شێوازی بە خۆیەوە بینیوە. یەکێک لەو شێوازانە داگیرکردنی زەویی کشتوکاڵی بووە. زەوییە کشتوکاڵییەکان لە کورد سەندراونەتەوە، لەلایەن حکوومەتیشەوە بەسەر عەرەبدا دابەش کراون. ئەم دابەشکردنە بە ناوی چاکسازی و کۆمەڵێک یاسا کراوە، یانیش بە بەکارهێنانی هێز و دەسەڵاتی سەربازی. نموونەیەکی زەق بۆ ئەمەش لە دوای هاتنی هێز و دەسەڵاتی بەعسییەکان بوو لە ساڵی ١٩٦٣. لەو کاتەدا هێزی میلیشیایی ناونراو بە (حرس قومی)، شاڵاوێکی گشتگیر و دڕندانەیان بەرپا کرد و لە ئەنجامدا چەندین گوند و ئاوایی کورد سووتێندران و مەڕوماڵات و بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیش تاڵان کران. قوربانیی گەورەی ئەم شاڵاوەش کەوتوونەتە سنووری قەزای دووبز و سەرگەران. ئەم هەڵمەتەی داگیرکردن و بەتاڵانبردنی بەرهەمەکان و پاشان سووتاندنی گوندە کوردییەکان بەردەوام بوو، هەتا پرۆسەی ڕزگارکردنی عێراق. دوای گەڕانەوەی هیوای جووتیاران، بڕێکیان توانییان بگەڕێنەوە

سەر زەویی خۆیان، بیکێڵن و بیژێننەوە، لە ناوچەیەکی وەها پڕ کێشەدا، ئەم هیوایە زۆر ڕۆشن نەبوو. لە قۆناغی دواتردا، کێشەی یاسایی و کارگێڕییان لە بەڕێوەبەرایەتییە کشتوکاڵییەکان تووش دەبوو. یەکێك لەو کێشانە بەناوکردنی ئەو زەوییە کشتووکاڵییانە بوو، بە ناوی عەرەبەوە، ئەو عەرەبانەی کە پێشتر سوودمەندی هەڵمەتی بەعەرەبکردنی کەرکووك ببوون. گرێبەستەکانی ئەو زەوییە کشتوکاڵییانە بە ناوی عەرەبەوە کرابوون. دواتر بە نیشاندانی بەڵگە و دۆکیۆمێنت توانرا بڕێکی زۆر لەو زەوییانە بگەڕێندرێتەوە بۆ کورد و بتوانن بیکێڵن و کشتوکاڵی تێدا بکەن. تا خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر. لە دوای ئەوە جووتیارانی کوردی سنووری پارێزگای کەرکووك تووشی کێشە و تەنگژەی زۆر بوونەوە. هۆکارێك بۆ ئەو کێشانە پارێزگارێکی داسەپاوی شۆڤێنی بووە. بە هۆی ڕقبوونەوەیان لە کوردی ئەو ناوچەیە، ئێستاش لەلایەن سوپا و پارێزگارەوە پاڵپشتیی عەرەبی هاوردەی ئەو ناوچەیە دەکرێت بۆ دووبارە داگیرکردنەوەی ئەو زەوییانە. هەر بۆیە پێویستییەکی زۆر هەیە لەسەر نوێنەرانی کابینەی نوێی حکومەتی عێراق کە بتوانن چارەسەرێکی ڕیشەیی و یەکجارەکی بدۆزنەوە بۆ ئەم کێشمەکێشەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی کوردی ئەو ناوچەیە. یەکێك لەو ڕێگایانەی دەتوانرێت بگیرێتە بەر، ئەوەیە کە پێویستە ئەو زەوییانەی پێشتر بەسەر عەرەبی هاوردەدا دابەش کراون، گرێبەستەکەیان هەڵبوەشێندرێتەوە و گرێبەستی نوێ بۆ خاوەن زەوییە ڕەسەنەکان بکرێت. لە درێژەی ئەو چارەسەرەش پێویستە ئەو بڕیار و ڕاسپاردانە هەڵبوەشێندرێنەوە کە دەربارەی زەوی و زاری کوردی ئەو ناوچەیە لەلایەن سەرکردایەتیی ئەنجومەنی شۆڕشی ڕژێمی بەعس دەرچووە. پێویستیشە و مافێکی ڕەوایە کە قەرەبووی چەندین ساڵ لە نەهامەتی و دەرکردنی خاوەن زەوییە ڕەسەنەکانی ئەو ناوچەیە بکرێتەوە کە بە درێژایی چەندین ساڵ داگیرکراون.

نووسەر و چاودێری سیاسی ڕێبوار شوانی، لەسەر هەمان پرس دەڵێت: «هەموو ئاماژەکان پێمان دەڵێن، کە ئەگەر هەوڵی ڕژد نەدەین، بۆ چارەسەری ڕەوشی ناڵەباری ئەو شارە کوردستانییە و پێکەوە ژیان، ئەوا بەردەوامیی بەعەرەبکردنی و هەوڵی گۆڕینی کوردستانیبوونی کەرکووك لەژێر هەڕەشەیەکی گەورەیەدایە، بەتایبەت لە سەر خەڵکانی ڕەسەنی ئەو شارە کوردستانییە، کە خیانەت و پیلانگێڕی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ کاریگەرییەکی زۆری لەسەر چەند بارە داگیرکرکردنەوەی گوند و ناوچەکە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بووە بەتایبەت کوردستانییانی ئەو ناوچانە لەسەر ماڵ و خاکی خۆیان و زەوییە کشتوکاڵییەکانیان لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوو کە چەندین جار هەوڵی داگیرکردنیان دراوە. جووتیارانی کوردی ناوچەکە بە ناچاری سەرچاوەی ژیانیان بەجێ هێشتووە و، ئەو زوڵمە گەورەیەش درێژەپێدەری ٣٥ ساڵ سیاسەتی ڕژێمی پێشووی بەعسی ڕووخاوە و، ئامانجی سەرەکییان ڕەخساندنی هەلومەرجێکە بۆ لاوازکردنی سەنگ و پێگەی کورد لە کەرکووك، کە سەدا ٨٠ی دانیشتووانی دەنگیان بە گەڕانەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان داوە، هەروەها هێنانی خەڵکی ناوچەکاتی دیکەی عێراقە بۆ سڕینەوەی مۆرکی کوردستانیبوونی ئەو شارە و ڕێگریکردنە لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی، بۆیە مەبەستی سەرەکیی لەدوای داگیرکردنی ئەو شارە بە پیلانگێڕی و خیانەتکاری، لە ڕاستیدا ئەوەیە کە بە هێنانی عەرەب و شیعەی هاوردە ڕێگری لە کاری کشتوکاڵی کورد بکەن لە هەموو ناوچەکانی کەرکووك، کە ئاماژەیەکی ڕوون و ئاشکرایە و هەڕەشەیەکی مەترسیدارە لەسەر گۆڕینی دیموگرافیای ئەو ناوچە کوردستانییە و بەتایبەت مەرامیان لە هێنانی خەڵکانی غەیرە کەرکووکی و هاوردەکراو، بۆ بەکارهێنانیانە بۆ کاتی هەڵبژاردنەکان و لاوازکردنی پێگەی گەلی کورد و شوناسی ئەو شارە دێرینە کوردستانییە، ئەوە جگە لە داگیرکردنی موڵك و ماڵی کوردان لەو شارە، کە زەنگێکی مەترسیداریشە بۆ سەر داهاتووی کەرکووك، چونکە کەرکووك لە ڕووی دەستوورییەوە یەکلا نەبووەتەوە و پێویستی بە قۆناغی یاسایی هەیە». گوتیشی: «کاتی ئەوە هاتووە گوشار و هەوڵە دیپلۆماسی و سیاسییەکان بۆ ڕێگریکردن لە پرۆسەی بەعەرەبکردنەوەی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بگیرێت و پێویستە ڕێگە لە شێواندنی کوردستانیبوونی کەرکووك نەدرێت و کاری ڕژد بۆ جێبەجێکردنی ماددەی دەستووری ١٤٠ بکرێت».


**عەرەبە هاوردەکان بە پاڵپشتیی هێزی سەربازی هەڵدەکوتنە سەر خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە و حکومەتی داسەپێنراو بە هێز و بە یاسا هاوکاریانە و پشتگیرییان دەکات**


**جووتیارانی کوردی ناوچەکە بە ناچاری سەرچاوەی ژیانیان بەجێ هێشتووە و، ئەو زوڵمە گەورەیەش درێژەپێدەری ٣٥ ساڵ سیاسەتی ڕژێمی پێشووی بەعسی ڕووخاوە**


**پێویستە ڕێگە لە شێواندنی کوردستانیبوونی کەرکووك نەدرێت و کاری ڕژد بۆ جێبەجێکردنی ماددەی دەستووری ١٤٠ بکرێت**

# پاڵێوراوانی خولی (٩٥)ەمین




ئەکادیمیای هونەر و زانستی فیلمی سینەمایی لە خولی (٩٥)دا پاڵێوراوانی ئۆسکاری ساڵی ٢٠٢٣ی ڕاگەیاند، کە بڕیار وایە لە مانگی داهاتوودا ئەنجام بدرێت، کە لە مەراسیمێکدا لە کەناڵی فەرمی ئۆسکار لە یوتیوب دەرکەوت، لیستەکەش لە پاڵێوراوان لەلایەن ئەکتەری ئەمریکی ئەلیسۆن ویلیامزەوە ڕاگەیەندرا.

پاڵێوراوان بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتەکان بەم شێوەیە بوو:

• • •

**باشترین ئەکتەری پیاو**

ئاوستی باتلەر - ئێلڤیس

کۆڵین فارێل - بانشییەکانی ئینیشێرین

برێندان فرایزەر - نەهەنگەکە

پاوڵ مێسکاڵ - دوای خۆر

بیل نیگی- ژیان

**باشترین ئەکتەر ئافرەت**

کەیت بلانچێت- تار

ئانا دی ئارماس - شۆخ

ئەندریا ڕایسبۆرۆ - بۆ لێسلی

میچی ویلیامز - زە فایێلمانز

میشێل یۆە - هەموو شتێک لە هەموو شوێنێک بە یەکجار

**باشترین ئەکتەری لاوەکیی پیاو**

برێندان گلیسۆن — پەرییەکانی بانشیز

برایان تایری هێنری - پردی کۆز وەی

جود هیرش - زە فایێلمانز

باری کوگان - بانشییەکانی ئینیشێرین

کی هۆ کوان - هەموو شتێک لە هەموو شوێنێک بە یەکجار

**باشترین ئەکتەری لاوەکیی ئافرەت**

ئەنجێلا باسێت - واکاندا فۆڕێڤەر بلاک پانتەر: واکاندا بۆ ئێڤەر

هۆنگ چۆو - نەهەنگەکە

کێری کۆندۆن - بانشییەکانی ئینیشێرین

جەیمی لی کورتیس - هەموو شتێک لە هەموو شوێنێک بە یەکجار


ستیفانی هسو - هەموو شتێک لە هەموو شوێنێک بە یەکجار


**باشترین فیلمی ئەنیمەیشن:**

- Guillermo del Toro›s Pinocchio
- Marcel the Shell with Shoes On
- Puss in Boots: The Last Wish

# ـنی خەڵاتەکانی ئۆسکار






- The Sea Beast
- Turning Red
- **باشترین فیلمی دیکۆمێنتاری**
- هەموو ئەو شتانەی کە هەناسە دەدەن
- هەموو جوانی و خوێنڕشتنەکان
- ئاگری خۆشەویستی
- خانوویەک کە لە پارچە پارچە دروست کراوە
- ناڤالنی
- باشترین دیزاینی جلوبەرگ - شیرلی کۆراتا
- باشترین دەرهێنەر - دانیال کوان و دانیال شاینێرت
- باشترین مۆنتاژ - پاوڵ ڕۆجەرز
- خەڵاتی باشترین تراکی دەنگی - Sunlux
- باشترین سیناریۆی ڕەسەن - دانیال کاوان و دانیال شاینێرت


## (Everything Everywhere- هەموو شتێک لە هەموو شوێنێک)

فیلمی (هەموو شتێک لە هەموو شوێنێک بە یەکجار) بکرێت، کە ئەمساڵ توانی ژمارەیەکی پێوانەیی لە خەڵاتەکان بەدەست بهێنێت کە بۆی پاڵێوراو بووە، ئەویش فیلمی Everything Everywhere بە یەکجار لە پێشەنگی لیستی پاڵێوراوانی ئۆسکاری ساڵی ٢٠٢٣ بۆ (١٠) خەڵات، ئەمەش مشتومڕێکی زۆری بە دوا هێنا، چونکە فیلمەکە سرووشتێکی ک خەیاڵیی هەیە و لە دەوری ژنێک دەسوڕ خاوەنی جلشۆرێکە و خۆی لە دۆخێکدا کە ڕووبەڕووی هێزە خراپەکان دەبێتـ هەوڵی ڕووبەڕووبوونەوەی دەدەن لە ڕێگەی دووبارەبووەوەیان لە گەردوونە هاوتەریبە خاوەندارێتی فیلمەکە کارەکتەری کۆمـ زانستی خەیاڵیی خۆبەخۆیە.

فیلمەکە توانی ڕەزامەندیی ڕەخنەگران بە بهێنێت، هەروەها میشێل یۆە، ئەکتەری مـ و پاڵەوانی فیلمەکە، یەکەم ئەکتەری ئاسـ کە پاڵێوراوی خەڵاتی باشترین ئەکتەرە لـ پاڵێوراوانی ئۆسکاردا لە سەرەتای دەستپێ خەڵاتەکەوە.

## فیلمێکی مەغریبی لە پێشبڕکێدا

لە لیسیتی پاڵێوراوانی ئەم ساڵ چەندین سو لە بەشەکانی فیلمی بیانی، دۆکیۆمێنتـ باشترین گۆرانی ڕەسەن، کاریگەریی بینـ زۆر شتی دیکەدا بەخۆیەوە بینی، لەوانەش بو فیلمی مەغریبی (کافتانی شین) ی دەرهێنـ مریەم ئەلتوزانی لە لیستی باشترین فیلمـ















نێودەوڵەتییەکان.

ئەمساڵ فیلمەکە لە چەندین فێستیڤاڵی سینەماییدا نمایش کرا، لەوانە، فێستیڤاڵی کان و فێستیڤاڵی فیلمی دەریای سوور، چیرۆکی فیلمەکە باس لە ژن و مێردێک دەکات بە ناوەکانی "حەلیم" و " مینا، کە ٢٥ ساڵە هاوسەرگیرییان کردووە، فرۆشگایەکی کافتانی مەغریبی بەڕێوە دەبەن، گەنجێکیش پەیوەندییان پێوە دەکات، بۆ فێربوونی هونەری دیزاینی کافتانی مەغریبی و، نهێنیەک دەربارەی ئەو دوو هاوسەرە کە دوای شاردنەوەی ئەم هەموو ساڵە ئاشکرا دەبێت.

لە لیستی فیلمە نێودەوڵەتییەکاندا چەندین بەرهەمی دیکەی تێدایە وەک فیلمی ئەڵمانی (هەموو بێدەنگ لە بەرەی ڕۆژئاوا)، فیلمی بەلجیکی (دابخە)، فیلمی کۆری (بڕیار بۆ جێهێشتن) و فیلمی (EO)ی پۆڵەندی، فیلمی (جۆیلاند)ی پاکستانی، فیلمی (گەڕانەوە بۆ سیئۆل) لە کەمبۆدیاوە و لە سەرسوڕهێنەرەکانی لیستەکەدا بوونی دەرهێنەری سویدی بە ڕەچەڵەک میسری (تاریق سالح) لە فیلمە سویدییەکەی (پیلانگێڕی قاهیرە)دا بوو.

## کێبڕکێیەکی بەهێز لە نێوان ئەستێرەکانی گۆرانیبێژ لە خەڵاتی ئۆسکاری ساڵی ٢٠٢٣

لیستی باشترین گۆرانییە ڕەسەنەکان شایەتی کێبڕکێیەکی بەهێزی نێوان ئەستێرەکانی گۆرانیبێژ بوو، لیستە کورتەکەش ١٥ پاڵێوراوی لەخۆگرتبوو، بە سەرۆکایەتی ئەستێرە (تایلۆر سویفت) کە ڕکابەریی گۆرانییەکەی (کارۆلینا) دەکات لە فیلمی «Where the Crawdads Sing»، و.. ئەستێرە ڕیهانا بە گۆرانییەکەی Lift Me Up بۆ فیلمی «Black Panther: Wakanda». بۆ هەمیشە»،

لەیدی گاگا، بە گۆرانییەکەی "Hold My Hand" لە فیلمی "Top Gun: Maverick"، جگە لە گۆرانی "Time" لە فیلمی "Amsterdam" و گۆرانی "Nothing is Lost" لەلایەن گۆرانیبێژەکەوە The Weeknd لە فیلمی "Avatar: The Way of Water"، و ڕیتا ویلسۆن بە گۆرانییەکەی «Til You›re Home» لە فیلمی «A Man Called Otto» لەلایەن تۆم هانکسەوە، و ئەستێرەی ڕکابەری سێلینا گۆمێز بە گۆرانییەکەی «My Mind & Me» لە فیلمە دیکۆمێنتارییەکەی بە هەمان ناوەوە.

جیمی کیمێلیی پێشکەشکاری بەرنامەی (گفتوگۆی کۆمیدی) دەستنیشان کراوە بۆ پێشکەشکردنی ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتەکان، کیمێل لە ساڵانی پێشوودا دوو جار ئاهەنگەکەی پێشکەش کردبوو.



# ماڵی ڕۆشنبیریی جیهان زیندووکردنەوەی ئەدەب وهونەر

ماڵی ڕۆشنبیریی زانکۆی جیهان گرنگی بە کەلتوور و فۆلکلۆری گەلەکەمان دەدات، لەو ماڵەدا هونەری شێوەکاری و کاری دەستی و گۆزەکاری و فەخار لەسەر دەستی ژمارەیەك خانمە هونەرمەند، بە جوانترین شێوەکاری لەسەر دەکرێت، هەفتەی جارێك ئاهەنگی میوزیك و گۆرانیی تێدا پێشکەش دەکرێت و بووتە ماڵی گەشتیاران، هەر لەو ماڵەدا کۆڕی ئەدەبی و هونەری لە بۆنە و یادەکاندا ئامادەکاریی بۆ دەکرێت، ستافێك لە ئافرەتانی لێهاتوو بەڕێوەی دەبەن،لەو ماڵەدا کتێبخانەیەکی خنجیلانە هەیە بۆخوێنەران، بەشێك لە کتێب و چاپ و بەرهەمەکانی دکتۆر نەوزاد باجگر سەرۆکی ئەمینداریێتی زانکۆکانی جیهانی لە خۆگرتووە،ئەوماڵە سەر بەدەزگای ڕۆشنبیریی زانکۆکانی جیهانە، کاتێك سەردانی ئەم ماڵە دەکەیت هەست دەکەیت لە ناو ماڵێکی فۆلکۆریی کوردەواری دایت، سیماو خەسڵەتی ڕەسەنایەتیی پێوە دیارە، کە دەچیتە ئەو ماڵە بە چایەکی شیرین پێشوازیت لێ دەکرێت، هەموو ڕۆژانی شەمە لەو ماڵەدا ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا ساز دەکرێت و میوانانی بیانی و عەرەبیش بەشدار دەبن لە گوتنی گۆرانیدا و جار چارەش کۆڕی ئەدەبی و شیعریی لێ ئەنجام دەدرێت، لە بۆنە و یادەکانیشدا پڕۆگرامی تایبەتی تێدا ساز دەکریَ، لۆکەیشنی ئەم شوێنە لە کلیپی گۆرانییەکی خانمە هونەرمەند بەکار هاتووە، ژمارەیەك کەناڵ بەرنامە و ڕاپۆڕتیان تێدائە نجام داوە. لەم بارەیەوە ئەندازیار بوهان سابیر سەرۆکی دەزگاکە گوتی: «مەبەستمان لە کردنەوەی ئەو لقەی دەزگاکەمان بەناوی ماڵی ڕۆشنبیریی زانکۆی جیهان لەسەر قەڵای دێرینی هەولێر، زیاتر خزمەتکردنی بواری کەلتووری و ئەدەبی و هونەرە،لە هەمان کاتدا پێشاندانی ماڵێکی فۆلکلۆرییە بە گەشتیاران، ئامانجمان لەم ماڵە خزمەتکردن و زیندوو ڕاگرتنی کەلتوری گەلەکەمانە».





زیاد کەریم بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان لە بارەی گرنگیی ئەو ماڵە ڕۆشنبیرییەوە گوتی: «ئەو ماڵە ئامادەیە بۆ ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی ئەدەبی و هونەری و کۆڕو کۆبونەوەیەك، ڕۆژانە قوتابیانی قوتابخانەکانی هەولێر بە مەبەستی ئەنجامدانی گەشتی زانستی سەردانی ئەو ماڵە دەکەن، ئەمە جگە لەوەی هونەرمەندان وەك ژوانگەیەکی هونەری هاموشۆی دەکەن، لە داهاتووشدا فیستیڤاڵێکی شیعریی لیَ ئەنجام دەدرێت.»

مامۆستا مەڕوە لەتیف بەرپرسی ماڵی ڕۆشنبیری جیهان لە قەڵات وتی: ڕۆژانە گەشتیارو میوانێکی زۆری سەردانی ماڵەکەمان. دەکەن بە مەبەستی بەسەربردنی کاتەکانیان و ئاشنابونی بەبەشەکان و تۆمارکردنی یادەوەریەکانیان، ئەو ماڵە لەکاتژمێر ٩ی بەیانی تاکو ٥ی ئێوارە کراوەیە، ئەو ماڵە جوانتری ماڵە کە چالاکی هونەری و ئەدەبی تێدا دەکرێت لە ماڵەکانی تری قەڵای هەولێر، کە بۆتە مایەی سەرسامی ئامادەبوان.

# لە ٣٧ ـەمینساڵیادی بێسەروشوێنکردنی هونەرمەند ئەردەوان زاخۆییدا



**شاری زاخۆی دەلال هەمیشە شوێنی هەڵکەوتنی هونەرمەند و هونەردۆست بووە، ئەمەش هەڵقوڵاوی خۆشەویستیی خەڵکی ئەم شارەیە بۆ هونەر و پاراستنی کەلتوور و زمانی ڕەسەنی کوردی بووە، یەکێک لەو هونەرمەندانە ( ئەردەوان زاخۆیی) یە.**
**ئەردەوان لە کۆتایی ساڵانی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، یەکێک بوو لە ناوە درەوشاوەکان و وەک هونەرمەند و پێشمەرگەیەک ناسراو بوو، سروود و گۆرانییەکانی بەشێوەیەکی بەرفراوان لە سەرتاسەری کوردستاندا بڵاو بووەوە.**

ناوی تەواوی (ئەردەوان عەلی محەمەد تەها)یە، ساڵی ١٩٥٧ لە گەڕەکی جوولەکانی شارۆچکەی زاخۆ لەدایکبوو، لە خێزانێکی مام ناوەند ژیاوە، هەر لە منداڵییەوە خولیای هونەر بووە، ساڵی ١٩٧٩ ژیانی هاوسەری پێك هێنا، هەمان ساڵ چەکی پێشمەرگایەتی لە شان کردووە.
خۆشەویستیی ئەردەوان بۆ هونەر وای کرد کە خوێندن پشتگوێ بخات، هەر ئەمەش وای کرد کە خانەوادەکەی لە سەرەتادا دژی ئەوە بوون کوڕەکەیان ڕوو لە هونەر بکات.
هونەرمەندی ژەنیار سەباح زاخۆیی، هاوڕێی هەمیشەیی ئەردەوان لە

دیمانەیکدا سەبارەت بە چەند لایەنێکی ژیانی هونەری و پەیوەندییان، دەڵێت: «لە سەنتەری لاوانی زاخۆ ئەردەوان هاتە لامان، لە ماوەیەکی کەمدا توانی سەرنجی هەموو لایەك را بکێشێت، بە جۆرێك کاریگەریی لەسەر من هەبوو، کە لە هەموو گۆرانییەکانیدا کاری ژەنینی مۆزیکی بۆ بکەم، ساڵی ١٩٧٧ یەکەم بەرهەمی بڵاو کردەوە، لە ماوەی ژیانیدا توانی زیاتر لە (٢٠٠) گۆرانی تۆمار بکات.

سەباح زاخۆیی باس لە سەرەتای ئاشنابوونی خۆی لەگەڵ هەر یەکە لە هونەرمەندان (ئەیاز و ئەردەوان) دەکات و دەڵێت: «سەرەتای ناسینی من بۆ ئەو دوو هونەرمەندە لە ناوەندی لاوان بوو، پاش ئەوەی ئەو دوو هونەرمەندە ڕوویان لە ناوەندی لاوان کرد، سەرەتا دەیانویست گۆرانییە فولکلۆرییەکان بڵێنەوە، بەڵام من لەبەر ئەوەی توانای ئاوازدانان و ئامێرژەنینم هەبوو، بۆیە پەیمانم پێدان کە ئاواز و هۆنراوەی نوێیان بۆ پەیدا بکەم، ئەوە بوو توانیمان لەگەڵ مامۆستا (عەبدلعەزیز سلێمان) لە ساڵی ١٩٧٨ کاسێتێکی گۆرانی بۆ هونەرمەند (ئەردەوان زاخۆیی) تۆمار بکەین، کە ئەوکات سەدایەکی زۆری لە نێو خەڵکدا دایەوە، بەمەیش ئەم کاسێتە پاڵنەرێك بوو بۆ ئێمە کە گرنگی بە کارەکانی داهاتوومان بدەین، لە بارەی هونەرمەند (ئەیاز زاخۆیی) شەوە ئەو کاتە کاسێتی تۆمار نەکرد، بەڵکو تەنیا ئەو گۆرانییانەی تۆمارکران کە لە ئاهەنگ و چالاکییەکاندا دەگوتران، بەڵام توانیم لە ساڵانی ١٩٨٤ و ١٩٨٥ بە ئامێری (عود) لە تۆمارکردنی یەکەم کاسێتی هونەرمەند (ئەیاز زاخۆیی)دا بەشدار ببم.»

سەباح زاخۆیی پێی هەروەها دەڵێت: «هەرچەندە بەرهەمەکانی ئەو دوو هونەرمەندە بە چەند ئامێرێکی کەم و لە ستۆدیۆی زۆر سادە تۆمار دەکران، بەڵام تاکو ئێستاش لە گوێی تاکی کوردیدا دەلەرێنەوە و، ئێستایش خاوەن ستۆدییەکان دەڵێن، لە دوای ئەو ماوە زۆرەی کە ئەو دوو هونەرمەندە نەماون، بەڵام کەسانێك هەن بە تامەزرۆییەوە کاسێتەکانیان دەکڕن، لە بازاڕەکانیشدا هەمیشە زۆرترین کڕیاریان هەیە، هەروەها ئەو گەنجانەی کە لاسایی ئەو دوو هونەرمەندەیش دەکەنەوە، هەمیشە سەرکەوتن بە دەست دەهێنن، ئەمەیش خۆشحاڵیم پێ دەبەخشێت کە ماندووبوونم لەگەڵ دوو ئەو هونەرمەند بەفیڕۆ نەچووە و توانیم خشتێك بخەمە سەر دیواری هونەری کوردی.

سەباح زاخۆیی ئاماژە بەوە دەدات، کاتێك ئەردەوان گۆرانیی دەگوت، دەمانزانی کێشە دروست دەبێت، «لەبەرئەوەی وشەی کوردستانی زۆر دەگوتەوە، لە ناو شیعری گۆرانییەکەیدا خەڵکی دەورووژاند، هەموو ژەنیاران تووشی کێشە دەبوون، لەبەرئەوە نەیاندەوێرا کاری لەگەڵ بکەن.

**ئەردەوان زاخۆیی لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا**

ئەردەوان ساڵی ١٩٧٩ چووەتە شاخ و بە گۆرانییەکانی زیاتر هاوڕێیانی خرۆشاندووە، هەرچەندە خێزانداریش بووە، بەڵام ماوەی دوو ساڵ پێشمەرگە بووە، دواتر لە ١٩٨١ دەچێتە جەزیرێی بۆتان، تا ئەو کات بەعس لێ خۆشبوونی بۆ دەردەکات، لە ١٩٨٤ بۆ ماوەی دوو ساڵ دەچێتەوە شاخ، دواتر دێتەوە شاری دهۆك، بەڵام ڕژێمی بەعس لە پاش دوو ساڵ ڕفاندیان.

**لەگەڵ ئەیاز زاخۆیی چووە بەغدا و ڕفاندیان**

لەبارەی دیارنەمانی ئەردەوان، سەباح زاخۆیی دەڵێت: «ڕفاندنی ئەردەوان پەیوەندیی بەو هەڵوێستە کوردپەروەریەوە هەبووە، چونکە ئامادە نەبوو گۆرانی بۆ ڕژێمی بەعس بڵێت.»

لە شەوی ٢٨-١-١٩٨٦ ئەردەوان لە بەغدا دەڕفێنرێت و تائێستا بێسەروشوێنە.

بەپێی چەند سەرچاوەیەك لەدوای ڕفاندنی هاوسەرەکەی ڕوو لە ئەورووپا دەکات، ئێستا کوڕ و کچێکی لەدوای خۆی جێماوە.

***بەشێك لە بەرهەمەکانی ***

١٩٧٨: هەوار و ١٠٠ هەوار
١٩٧٨: دۆرێت زاخۆ پەری دروونن
١٩٧٨: زاڵم ئەوان
١٩٧٨: زاخۆ شەنگ و شرینێ
١٩٧٩: خۆزیکا مین زانیبا
١٩٧٩: خاتر د خوازی
١٩٧٩: ئەز چی پسیاربکم
١٩٧٩: زاخۆکا ڕەنگین
١٩٨٠: دایکا کوردستان
١٩٨٠: خودێ گەلەك دەردانێ
١٩٨١: بریندارو بلبلۆ
١٩٨١: نە جارەك هزار جاران
١٩٨١: ئەزێ هەرم
١٩٨١: سلاڤا ل من بکە
١٩٨٢: بریندارم
١٩٨٣: لێلێ دایکێ
١٩٨٣: بهارا کوردستانێ
١٩٨٣: دوژمن ژ وارێ مە هەرە
١٩٨٣: پێشمەرگەکێ چەلەنگم
١٩٨٤: ئورمیێ ئورمیێ
١٩٨٤: هەی لۆلۆ
١٩٨٥: چوخکێ هنگۆ
١٩٨٥: دەلالا من زاخۆییێ
١٩٨٦: ڕابە م ب ڕەڤینە
١٩٨٦: ئەرێ دایکێ







خەیاڵ حەمە

یاریزانی تۆپی باڵەی یانەی تەق تەق:

# چەندین تیپ دەبینین هەڵدەوەشێنەوە زۆری هۆکارەکەی یەکێتیی باڵەیە



یانەی تەق تەقی سەر بە قەزای کۆیە هەموو ساڵێك لەگەڵ دەستپێکی خولەکانی باڵەی کچانی یانەکانی کوردستان و عێراق، یەکێك لە تیپە بەهێزەکانی خولەکانە، بۆ ئەمساڵیش چەندین کچە یاریزانی بەتوانای لە یانەکانی دیکەی کوردستان گواستووەتەوە ریزی تیپەکەی، بە ئامانجی کێبڕکێ لە سەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، لە ئێستادا سەرقاڵی ئەنجامدانی یەکە مەشقییەکانن لە ناحیەی تەق تەق، یەکێك لە کچە هەر بەتواناکانی کوردستانیش کە ئەمساڵ رێگەیەکی دووری بڕیوە بۆ پەیوەندیکردن بە یانەکەوە کچە یاریزانی پێشووی یانەی دەربەندیخان (خەیاڵ حەمە ئەحمەد) ە کە یەکێك لە کچە یاریزانەبەتواناکانی یانەکەشە و لە ئێستادا خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەگەڵ یانەی دەربەندیخان، ئێستا دەیەوێت لەگەڵ یانە تازەکەی نازناو و ئەنجامی گەورە تۆمار بکات، خەیاڵ لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٦ ی دەربەندیخانە و دەرچوونی بەشی ئینگلیزییە، گۆڤاری گوڵان لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

کارزان کانەبی



*** ئاستی یاریی باڵە چۆن دەبینیت لە کوردستان ؟**

- ئەگەر بڵێم هەر لەسەر هەمان ڕێڕەوی ساڵانی پێشووە و ڕەنگە جێگەی باوەڕ نەبێت بۆ زۆر کەس، بەڵام بە داخەوە یاریی باڵە لە کوردستان و عێراق تاکە یارییە گۆڕانکارییەکی باش و بەرچاو لە بەرژەوەندیی یاریزانان و یانەکان نەبووە و، لە سەر هەمان ڕیتم پاڵەوانێتی دەکرێتەوە، بێگومان کە سوودێکی وای نییە بۆ یاریزانان.

*** کەمی پاڵەوانێتی تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە پێشکەوتنی نوێ بە خۆیەوە نەبینێت؟**

-بێگومان ئەنجامدانی پاڵەوانێتی هۆکارێکی باشە تاوەکو یاریزان زیاتر بەرەو پێش بچێت و زیاتر چاوی لە سەر ئامانجی بێت و دڵ خۆشبێت، بەڵام لێرە وەك پێویست نییە.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە قۆناغێکی تازە ببڕێت بۆ بەرەو پێشچوون؟**

-هەر چەندە ئەم قسەیە دووبارەیە و هەموو ساڵ بە هەمان ئومێد دەیڵێینەوە، پێم باشە خول و پاڵەوانێتی زیاتر بکرێتەوە، بۆ ئەوەی یاریزانان سوودمەند بن لە ڕێگەی یەکێتیی تۆپی باڵەوە، کە دەبنە پاڵەوان یان ڕیزبەندی پێشەوەیان هەبوو بە بڕە پارەیەك هاوکارییان بکەن، تاوەکو زیاتر ئارەزووی بەشداریکردنیان هەبێت، ئەگەر وا نەبێ ئەوە چەندین تیپ دەبینین هەڵدەوەشێنەوە لە سەدا پەنجای هۆکارەکەی یەکێتی باڵەیە و کەمتەرخەمیی ئەوانە.

***گرفتی یارییەکانی باڵە لە چیدا دەبینیت؟**

-گرفتەکانی ئەم یارییە زۆرن، هیوادارم چارەسەر بکرێت.

*** دوای ساڵانێکی زۆر لە خزمەتکردن بۆ چی یانەی دەربەندیخانت جێهێشت؟**

- هۆکار زۆرە، بەڵام خزمەت نەکردن و نەگونجان لەگەڵ دەستەی ڕاهێنەر دەکرێ هۆکاری هۆکاری سەرەکی بن، لە هەر شوێنێك وەرزش بکەیت دەبێ ڕێزت بگیرێ و پێزانین هەبێت ئەوکات پێش دەکەویت، ئەگەر وا نەبێ جێ هێشتن باشترین بڕیارە.

*** بەنیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك؟**

- بەنیازی بەردەوامبوونم و تا باشترین ئاست و توانام هەبێت و خزمەت بە یاریی باڵە بکەم، هیچ کات بیرم لە وازهێنان نەکردۆتەوە و دەستبەرداری خەونەکەم نابم.

*** لەگەڵ ئەو بۆ چوونەی یانەکان پشت بە ڕاهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن بۆ سوود وەرگرتنی زیاتر؟**

- بەڵێ، بێگومان دەبێ یانەکان پشت بە یاریزان و ڕاهێنەری بیانی ببەستن وەك یەکەم هەنگاو بۆ پێشکەوتنی یارییەکە.

*** چۆن بوو بڕیارت دا یانەی تەق تەق هەڵبژێریت؟**

- یانەی باشمان زۆرن، بەڵام من تەق تەقم هەڵبژارد بۆ ئەمساڵ کە یارییان بۆ بکەم، لە ئاستی یاریزانەکان ڕازی بووم تا ڕادەیەك و کارگێڕیی یانەکەش پێشوازییەکی زۆر باشیان لێ کردم و، هەروەها گرێبەستەکەم لە تموحی من بوو.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

-هیوادارم داواکارییەکانمان هەموو ساڵ دووبارە نەبێتەوە، زیاتر گرنگی بە وەرزش بدەن و پاڵنەرێك بن تاوەکو پاڵەوانێتی بکرێتەوە و یاریگاکان نۆژەن بکەنەوە بۆ ڕاهێنان، تاوەکو یاریزانی زیاتر بێنە پێشەوە و یارییەکە لە ناو نەچێت.

*** خەونی ئەوەت نییە هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێت و تۆش یەکێك لە ئەندامەکانی بیت؟**

-بەهیوام هەڵبژاردەی کوردستان دروست بکرێ و ببێتە یەکێك لە بەهێزترین هەڵبژاردەکان، بێگومان خەونی هەموو یاریزانێکە ببێتە یەکێك لە یاریزانەکانی هەڵبژاردەی نیشتمانی خۆی.

*** بۆ تۆ ئەستەم نییە لە ڕێگەی دوورەوە دێتە تەق تەق بۆ وەرزشکردن؟**

- ڕێگەکە نا خۆشە، بەڵام بۆ ئەوەی بگەی بە خەون و ئامانجت، دەبێ ئەو ڕێگەیانەش ببڕیت، کۆتایی هەفتە دەچمە تەق تەق ڕۆژانی دیکە لە سلێمانی مەشق دەکەم.

*** بە چ یاریزانێکی بیانی سەر سامیت؟**

- یاریزانی زۆر باشمان هەیە لە جیهان، بەڵام لە کچان گابی بەرازیلی بەڕای من باشترینە و زۆر سەرسامم پێی.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- دەمەوێ سوپاسی گۆڤاری گوڵان بکەم بۆ ئەو هەموو خزمەتەی بە وەرزشکارانی کوردستانی دەکات بە بێ جیاوازی، ئێوە هۆکار بوون بۆ ئەوەی یاریزانان زیاتر دەربکەون، ئەوەندەی گۆڤاری گوڵان گرنگیی بە یاریزانان داوە لە خەمی یاریزانان بووە، یەکێتی باڵە ئەو گرنگییەی نەداوە، هەر بمێنن.

**لە هەر شوێنێک وەرزش بکەیت دەبێ ڕێزت بگیرێت و پێزانین هەبێت ئەوکات پێش دەکەویت**

**هیچ کات بیرم لە وازهێنان نەکردووەتەوە و دەستبەرداری خەونەکەم نابم**





# کانسێلۆ چووە خولی ئەڵمانی

یانەی بایرن میونیخ بەشێوەیەکی فەرمی گرێبەستی لەگەڵ جواو کانسێلۆ، ئەستێرەی پرتوگال و یانەی مانچستەر سیتی مۆرکرد.
هەفتەی رابردوو جواو کانسێلۆ، لە یانەی مانچستەر سیتی چووە یانەی بایرەن میونیخ، رێکارەکانی گرێبەستەکەی تەواوکرد.
گرێبەستی کانسێلۆ بۆ یانە ئەڵمانییەکە بەشێوەی خواستنە و ئەگەری کڕینیشی لەگەڵە، کە لە داهاتوودا بایرن دەتوانێت بەرامبەر ٧٠ ملیۆن یۆرۆ یاریزانەکە بکڕێتەوە.
جواو کانسێلۆ دوای پەیوەندیکردنی بە یانەی بایرن میونیخ گوتی: بایرن تیپێکی نایابە، یەکێکە لە باشترین یانەکانی جیهان، ئەمە وایلێکردم پەیوەندی بە یانەکەوە بکەم بەتایبەتی، کە خاوەنی یاریزانی زۆرباشە دەزانم ئەم یانەیە ساڵانە لەگەڵ بردنەوەی نازناودا دەژیت، زۆر بە پەرۆشم بۆ ئەوەی لەگەڵ یانەکە سەرکەوتن بەدەستبهێنم و هەموو توانایەکم لەپێناو بایرن میونیخ دەخەمەگەڕ.
کانسێلۆ تەمەنی ٢٨ساڵە، لە ساڵی ٢٠١٩ لە یانەی یۆڤانتوسەوە پەیوەندی بە یانەی مانچستەر سیتی کرد، دوای ئەوەی لە ماوەی رابردوودا لە لایەن گواردیۆلاوە گرنگیی پێنەدرا، یاریزانەکە بڕیاری رۆیشتنی دا و تاوەکو کۆتایی ئەم وەرزە بەخواستن لە یانەی بایرن میونیخ دەمێنێتەوە.

# لە مانگێکدا سێ جار یاری کلاسیکۆ ئەنجامدەدرێت

تیروپشکی قۆناخی پێش کۆتایی جامی شای ئیسپانیا راکێشرا، ریال مەدرید و بەرشلۆنە رووبەڕووی یەکتر دەبنەوە و لە ماوەی مانگێکدا سێ یاری کلاسیکۆ بەڕێوەدەچێت.
بڕیارە یارییەکانی چوونی قۆناغی پێش کۆتایی جامی شای ئیسپانیا لە ١ی مانگی ٣ی ئەمساڵ لە یاریگەی سانتیاگۆ بێرنابیۆ بە ڕێوە بچێت .
دواتر لە ١٩ی هەمان مانگدا لە کامپ نوو ریال مەدرید و بەرشلۆنە لە خولی ئیسپانیا بەیەك دەگەنەوە.
١٤ رۆژ بەسەر تێپەڕبوونی ئەم یارییە، دیسان کلاسیکۆیەکی دیکە لە یاری گەڕانەوەی پێش کۆتایی جامی شای ئیسپانیا لە کامپ نوو بەڕێوەدەچێت.
یانەی بەرشلۆنە لە جامی شای ئیسپانیا خاوەنی ژمارەی پێوانەییە و ٣١ جار نازناوەکەی بەدەستهێناوە، ئەتلێتیك بلباو بە ٢٣ نازناو لە پلەی دووەم دێت، هەرچی ریال مەدریدیشە بە ١٩ نازناو پلەی سێیەمی ریزبەندی گرتووە.







# جۆکۆڤیچ
# بووە پاڵەوانی ئوسترالیا

نۆڤاک جۆکۆڤیچی سربی، بووە پاڵەوانی پاڵەوانێتیی کراوەی ئوسترالیا، دوای ئەوەی لە ستیفانۆس تسیتسیپاسی بردەوە.

جۆکۆ دوای ئەوەی ساڵی رابردوو بەهۆی وەرنەگرتنی ڤاکسینی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە پاڵەوانێتییەکە دوورخرایەوە، ئەمساڵ گەڕایەوە و بۆ جاری دەیەم لە مێژوویدا بووە پاڵەوانی ئوسترالیا و لە یاری کۆتاییدا بە ئەنجامی سێ کۆمەڵەی بێ بەرامبەر شکستی بە ستیفانۆس تسیتسیپاسی یۆنانی هێنا.

بەم بردنەوەیە نۆڤاک جۆکۆڤیچ بۆ جاری دەیەم لە مێژوویدا بووە پاڵەوانی کراوەی ئوسترالیا لەسەر ئاستی پیاوان، کە ئەمە ریکۆردێکە و بەناوی خۆیەوەتی، لە هەمان کاتیشدا ریکۆردی رافایێل ...الیشی یەکسانکردەوە بە بردنەوەی زۆرترین ...سلام، کە ٢٢ نازناوە.

...یچ بە بردنەوەی ئوسترالیا، دەگەڕێتەوە ...کەمی ریزبەندی یاریزانەکان، دوای ئەوەی ... شەشی ساڵی رابردوودا ئەم پلەیەی لە



# پاڵەوانێتیی تۆپی سەرمێز و فووتساڵی پەروەردەی قەزاکان ئەنجام دەدرێت

وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی و بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بە چالاکییە وەرزشییەکانی ئەم ساڵ بۆ پەروەردەی قەزاکان، بەڕێوەبەرایەتی چالاکیی وەرزش و دیدەوانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر، هەڵدەستی بە ئەنجامدانی دوو پاڵەوانێتی، کە بڕیارە هەریەك لە پەروەردەی قەزاکانی (ناوەند، دەوروبەر، دەشتی هەولێر، مەخمور، شەقلاوە، خەبات، کۆیە) بەشداربن، لە بارەی بەڕێوەچوونی هەردوو پاڵەوانیەتیش مامۆستا (بێجان ئیبراهیم) بەڕێوەبەری چالاکیی وەرزشی و دیدەوانی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆمان هەڵدەستین بە ئەنجامدانی هەردوو پاڵەوانێتیی تۆپی فوتساڵی کچان و تۆپی سەرمێز بۆ هەردوو ئاستی کوڕان و کچان، وە لەم پاڵەوانێتییانەش تەمەن دیاری کراوە، بۆ ئەوەی بتوانین خزمەت بە وەرزشکاران بکەین لە نێو هەر حەوت پەروەردەی قەزاکان، لە هەر یارییەکیش باشترینەکانیش هەڵدەبژێرین بۆ تیپەکانی پەروەردەی گشتیی پارێزگای هەولێر، بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکانی سەر ئاستی کوردستان، بۆ پەروەردە گشتییەکان، سوپاسی بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێر دەکەین بۆ ئەو پاڵپشتییە بەردەوامەی، سوپاسی هەموو لایەك دەکەین بۆ ئەو خەمخۆری و بەشداریکردنیان لە خولەکان، لە هەفتەی ڕابردووش پاڵەوانیتیی باڵەی کوڕانمان بۆ پەروەردەی قەزاکان ئەنجام دا، خول و پاڵەوانێتییەکانمان بەردەوام دەبێت.


ئەمەش خشتەی پاڵەوانێتی فوتساڵە.

پەروەردەی دەوروبەر- پەروەردەی خەبات

پەروەردەی شەقلاوە - پەروەردەی دەشتی هەولێر

پەروەردەی کۆیە-پەروەردەی ناوەند

پەروەردەی مەخمور چاوەڕوانە



# یانەی هەڵۆ هیچ شتێک ساردمان ناکاتەوە

هەر چەندە تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەڵۆ لە هەفتەی ڕابردوو لە یارییەکەیان لە خولی پلەیەکی کوردستان، لە بەرامبەر یانەی قەڵادزێ کشانەوە و تایمی دووەمیان تەواو نەکرد، بەڵام یانەی هەڵۆ تاکە نوێنەری دەڤەری بارزانە کە بەڵێنی بەردەوامیی داوە لە خولەکە، هەر چەندە کێشەو گرفتیشیان بۆ دروست ببێت، لە بارەی هۆکاری کشانەوە و بەردەوامبوونیان لە خولی پلە یەکی کوردستان (ئەحمەدخەلیل) سەرۆکی یانەی وەرزشیی هەڵۆ، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە ڕۆحێکی وەرزشیمان هەیە، بەردەوام دەبین لە خولی پلە یەکی کوردستان، وەرزش دەکەین و هیچ پەیوەندیمان بە سیاسەتەوە نییە، سەلامەتیی یاریزانەکانمان زۆر پێ گرنگترە لە سی خاڵی یارییەکە، خولەکەش تەنیا بەشداریکردنە، ئەگەر نا هەر پلەیەك بەدەست بهێنیت هەر وەکو خۆیەتی، پەروەردە و ڕەوشتمان ڕێگەمان نادات بۆ هیچ شتێکی نەخوازرو، بەڵام بەشێك لە تیپەکان بە ڕۆحییەتی وەرزشییەوە وەرزش ناکەن، ماوەی بیست ساڵە ئێمە ڕێزی تیپەکان دەگرین، ئەوانەی دێنە دەڤەری بارزان، تا ئێستا شتێکی نەخوازراو ڕووی نەداوە و بە ڕێزەوە بەڕێ دەکرێن، چونکە ڕۆحییەتێکی وەرزشیمان هەیە، گرنگییەکان لە خولەکانی کوردستان وەکو پێویست نییە، تەنیا لە خولی نایابی کوردستان گرنگییەك هەیە بۆ خولەکە، ئەگەر نا پلە یەك و پلە دوو وەکو یەکە»، ئەحمەدخەلیل گوتیشی: «لە ئێستا بەدواوە غەدر و ناحەقی لە هیچ کەسێك جێگای قبوڵکردن نییە، بۆیە داوای مافی خۆمان دەکەین وەکو سەرجەم یانە بەشداربووەکانی خولی پلە یەکی کوردستان، چونکە ئێمەش بۆ ناوی یانەکەمان تێدەکۆشین وەکو سەرجەم یانە بەشداربووەکانی خولەکە، تاکو ئێستاش گرفتمان بۆ یەك تیپ و لایەن و ناوبژیوانان دروست نەکردووە، پێویستە داوای مافی خۆمان بکەین».





# کەرکووک بەهێزەوە دەگەڕێتەوە

هەر چەندە یانەی وەرزشیی کەرکووك پێش ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر لە خولی پلە نایابەکانی کوردستان یاریی دەکرد و یەکێك لە یانە بەهێزەکانی خولەکە بوو، بەڵام بەهۆی ئەو ڕووداوانەی کە ڕوویاندا یانەی کەرکووکیش بێبەش بوو لە وەرزش و تیپەکە تا ڕادەیەك هەڵوەشایەوە، ئێستا یانەکە جارێی دیکە دەیەوێت خۆی ڕێك بخاتەوە و بەشداریی خولەکانی کوردستان و عێراقی بکاتەوە، لەم بارەشەوە نەوزاد قادر سەرۆکی یانەی وەرزشی کەرکووك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێستا هیچ تیپێکمان ڕانەگرتووە، لە زۆربەی چالاکییە وەرزشییەکان بەشدارین لە تۆپی دەستی و جۆدۆ و پاسکیل و بۆکسین و زیاتر لە ١٧ یاریی جۆراوجۆر بەشدار بووین لە خول و پاڵەوانێتییەکانی کوردستان، مانگی داهاتووش تیپەکانی تۆپی پێی ڕێك دەخەینەوە، بۆ ئەوەی بەشداری لە کێبڕکێیەکانیش بکەینەوە»، لە بارەی ئەوەی ئایا لە کام خولی کوردستان بەشداری دەکەن، نەوزاد قادر گوتیشی: «پێش ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر ئێمە لە خولی نایابی کوردستان بووین لە پلەی دووەمیش بووین، ئێمە لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتیی وەرزش و سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستانیش قسەمان کردووە بۆ بەشداریکردنەوەمان لە خولی کوردستان، ئێستا هەوڵ دەدەین لانی کەم لە خولی پلە یەکی کوردستان بەشداربین، بۆ خولی عێراقیش تیپێکی بەهێز دروست دەکەین، چاوەڕێی گەڕانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانیش دەکەین بۆ شاری کەرکووك، بۆ ئەوەی هەموو ئەو شوێنانەمان وەربگرینەوە کە پێش ١٦ی ئۆکتۆبەر موڵکی ئێمە بووە، یانەی کەرکووك یەکێك بووە لە یانە بەهێزەکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراقیش، هەوڵ دەدەین کەرکووك بکەینەوە تیپە بە بەهێزەکەی جاران لە هەردوو خول».

# ئایا ڕەبوی منداڵ نەخۆشییەکی کاتییە؟

ڕەبوی منداڵ Pediatric asthma نەخۆشییەکی درێژخایەنی سییەکانە بە شێوەی هەستیاربوونی بۆڕییەکانی هەناسە بۆ چەند وروژێنەرێکی وەکو هەوکردن، تۆز، دوکەڵ، هەوای سارد، بۆن، هەڵاڵە، ماددەی کیمیایی، مەشقی وەرزشی، یان سترێس کە دەبنە ئەگەری ئاوسانی ناوپۆشی بۆڕییەکانی هەناسە و گرژبوونەوەی تەشیلەماسولکەکانی دەوری بۆڕییەکانی هەناسە، لەگەڵ دروستبوونی دەردراوی لینجی پەیتتر (چڕتر) لە دەردراوی ئاسایی لەناو بۆڕییەکانی هەناسەدا. هەموو ئەم گۆڕانانە دەبنە هۆی تەسکبوونەوەی بۆڕییەکانی هەناسە، ئەمەش هاتووچۆی هەوا بۆ سییەکان قورس دەکات و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی نیشانەی وەکو: کۆکە، ویزە لەکاتی هەناسەوەرگرتندا، هەناسەتەنگی بەتایبەتی لەکاتی جوولەدا، هەروەها هەستکردن بە توندبوونی سینگ. ڕەبوی منداڵ بەگشتی لە تەمەنی ٥ساڵیدا سەرهەڵدەدات و بە درێژایی تەمەن بەردەوام دەبێت، بەڵام لەگەڵ گەیشتن بە تەمەنی نەوجەوانی، لە نزیکەی ٥٠٪ی حاڵەتەکاندا نیشانەکان بە شێوەیەکی بەرچاو سووک و کەم دەبنەوە، هەندێک جاریش تووشبوو بە تەواوی چاک دەبێتەوە. دەتوانرێت کە بە چارەسەری گونجاو ڕەبوی منداڵ بە تەواوی کۆنترۆڵ بکرێت و تووشبوو وەکو منداڵێکی ئاسایی ژیان بەسەربەرێت.



# سوودە تەندروستییەکانی مەلەکردن

مەلە مەشقێکی وەرزشیی زۆر گرنگە، چونکە پێویست بە جووڵاندنەوەی هەموو لەش بەرانبەر بە بەرگریی ئاو دەکات. مەلەکردن مەشقێکی سەلامەت و هێورکەرەوەیە، سوودە تەندروستییەکانی ئەمانەن: بەهێزکردنی ئاستی بەرگەگرتن En-durance و تۆنی ماسوولکەکان، باشترکردنی مروونەی لەش Flexibility، باشترکردنی لیاقەی دڵ و خوێنبەرەکان، کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، پاراستنی تەندروستیی کۆئەندامی دڵ و سووڕان، باشترکردنی فرمانی سییەکان، هاندانی خەوێکی دروست و ئارام، باشترکردنی مەزاج و باری دەروونی بەگشتی، سووککردنی سترێس، باشترکردنی باڵانسی لەش و هەماهەنگیی نێوان ماسوولکە و بەشەکانی لەش، هەروەها ڕێگەیەکی سەلامەتە بۆ خۆفێنککردنەوە لە وەرزی هاویندا.

# بایەخی تەندروستیی مێوژ



مێوژ سەرچاوەیەکی باشە بۆ گەلێك ماددەی خۆراکیی گرنگ، بۆنموونە ریشاڵ، ماددە دژەئۆکسانەکان، کانزاکانی پۆتاسیۆم، مەگنسیۆم، ئاسن، کۆپەر، کالسیۆم، فۆسفۆر، سیلینیۆم، زینك، لەگەڵ ڤیتامین C. مێوژ یان کشمشی زەردی زێڕی Golden raisins لە جۆرەکانی رەش و سوور و سەوز سوودبەخشتر و پڕچێژترە، چونکە رێژەیەکی بەرز لە ماددە دژەئۆکسانەکانی فلاڤۆنۆیدەکان Flavonoids و پۆلیفینۆلەکان polyphenols لەخۆدەگرێت. سوودە تەندروستییەکانی مێوژ: هاندانی کرداری هەرسکردنی خۆراك، خۆپاراستن لە کەمخوێنی، هاوسەنگکردنەوەی ترشیی زیادی گەدە، پاراستنی تەندروستیی کۆئەندامی دڵ و سووڕان لە رێگای کۆنترۆلکردنی پەستانی خوێن بەهۆی رێژە بەرزەکەی پۆتاسیۆم، کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە، باشترکردنی تەندروستیی پێست، پاراستنی تەندروستیی چاو بەتایبەتی خۆپاراستن لە تووشبوون بە ئاوی سپی بەهۆی رێژە بەرزەکەی ماددە دژەئۆکسانەکان، هەروەها دابەزاندنی ئاستی شەکری خوێن بە مەرجێك بە بڕی کەم بخورێت.





# وشکبوون و شکان

نینۆك لە چەند چینێکی پرۆتینی بە ناوی کیراتین Keratin پێکهاتووە، کە نینۆك لە شکان دەپارێزن. وشکبوون و شکان یان قڵیشانی نینۆك Brittle nails زیاتر لە ئافرەتدا بەدی دەکرێت لە ئەنجامی کەمبوونەوەی شێداریی نینۆك، یان زیادبوونی شێداریی نینۆکەکان، هۆکارەکان ئەمانەن: زیاد شووشتن و وشککردنەوەی نینۆکەکان، زیاد بەرکەوتنی نینۆکەکان بە ماددەی پاککەرەوە و ماددەی لابەری بۆیە، یان پۆلیشی نینۆك، بەساڵاچوون کە دەبێتە هۆی تەنکبوونی نینۆکەکان، کەمیی کانزای ئاسن لە لەشدا، سستبوونی گلاندی دەرەقی، گرفت لە سووڕی خوێنی پەنجەکاندا. چارەسەرکردن: بەکارهێنانی ئاوێتەیەکی شێدارکەرەوە وەکو لانۆلین



# چۆن سترێس پێش خەوتن سووک دەکەیت؟

پەیوەندیی نزیك لە نێوان سترێس و خەودا هەیە، خەوی دروست ئاستی سترێس کەم دەکاتەوە، هەروەها سترێس کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر خەو. هەنگاوەکانی سووککردنی سترێسی پێش خەوتن بریتین لە: مەشقی وەرزشی لەکاتی ڕۆژدا کە لە ٣٠ خولەك کەمتر نەبێت، ئەمەش هانی خەوێکی باشی شەوانە دەدات، دوورکەوتنەوە لە خواردنەوە کافائینییەکان و ئەلکهولییەکان، بەتایبەتی پاش کاتژمێر شەشی ئێوارە، چونکە دەبنە ئەگەری بەرزبوونەوەی هۆرمۆنەکانی سترێس (کۆرتیسۆن و ئەدرینالین) بەتایبەتی کە هاوکات بێت لەگەڵ سترێسی پێش خەودا، خۆڕاهێنان لەسەر خاوکردنەوەی بیرکردنەوە و هێوکردنەوەی مێشك Med-itaion یان مەشقی یۆگای سووك لەکاتی شەودا، کەمکردنەوەی ڕووناکیی ژووری نووستن و دوورکەوتنەوە لە شاشەی شینی مۆبایل و لاپتۆپ و تەلەڤزیۆن، چونکە کاریگەریی نەرێنی دەکەنە سەر ئاستی هۆرمۆنی خەو، کە بە میلاتۆنین Melatonin ناسراوە، وەرگرتنی دوشێکی گەرم پێش کاتی نووستن هاندەرە بۆ خاوبوونەوەی لەش و کەمکردنەوەی گرژیی ماسوولکەکان، هەروەها تەرخانکردنی ژووری نووستن تەنیا بۆ خەو، بە مەرجێك تاریك و هێمن و ئارام بێت هاوکات لەگەڵ ڕێکخستنی کاتی نووستن.

## ـــــــــــــی نینۆک

Lanolin بەتایبەتی پاش شووشتنی دەستەکان و پێش نووستن، بەکارهێنانی دەستکێش بۆ هەموو شووشتنەکانی ناوماڵ کە مادەی پاککەرەوەی تێدا بەکاردێت، بەمەبەستی پاراستنی نینۆکەکان لە بەرکەوتن بە مادده کیمیاییەکان، دوورکەوتنەوە لە بەرکەوتنی زیادی دەستەکان بە سەرما و کەشی وشك، بۆ لابردنی بۆیەی نینۆك ئاوێتەی ئەسیتۆن بەکاربهێنە، هەروەها بەکارهێنانی ئاوێتەی بەهێزکردنی نینۆك Nail hardener.

# ئایا ڤاکسینی کۆڤید دەبێتە ساڵانە؟

بەم دواییە بەڕێوەبەرایەتیی خۆراك و دەرمانی ئەمریکی FDA ئاشکرای کردووە کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، پێویست دەکات کە ساڵانە یەك جار ژەمێکی ڤاکسینی کۆڤید وەربگیرێت هاوشێوەی ڤاکسینی ئەنفلوەنزای وەرزی. ئاماژە بەمەش کراوە کە واباشترە ڤاکسینی کۆڤیدی ساڵانە لە وەرزی پاییزدا وەربگیرێت، چونکە بە پێی سرووشتی ڤایرۆسی کۆرۆنا، شەپۆلی گەورەی پەتاکان زیاتر لە وەرزی زستان و پاییزدا سەریان هەڵداوە، ئەمەش وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید بۆ هەموو کەسێك ئاسان دەکات، ئەگەرچی گەلێك لە پسپۆڕانی تەندروستیی گشتی پێیان وایە کە هێشتا زووە بۆ بڕیاردان، چونکە وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید ساڵانە یەکجار لەوانەیە کە بەس نەبێت بۆ خۆپاراستن لە گۆڕاوە نوێیەکانی جۆری ئۆمیکرۆنی ڤایرۆسی کۆرۆنا، یان بۆ خۆپاراستن لە جۆری گۆڕاوی نوێی دیکە، کە لەوانەیە لە ئایندەدا سەرهەڵبدەن. بە ڕای پسپۆڕان، ڤایرۆسی کۆرۆنا بەردەوام دەبێت لە پەیداکردنی گۆڕاوی نوێ، بۆیە وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید ساڵانە بە پێویست دەزانن، چونکە تەنانەت پاش وەرگرتنی سێ یان چوار ژەمی ڤاکسینی کۆڤید، بەرگریی لەش بەرانبەر بە ڤایرۆسی کۆرۆنا بەرە بەرە کەم دەبێتەوە و بۆ هەمیشە بەردەوام نابێت.





## کامێرای دەشبۆرد سەرپـ...

کامێرای دەشبۆرد بەو جۆرە کامێرایانە دەگوترێن کە لەسەر دەشبۆردی ئۆتۆمبیل دادەنرێن و شۆفێر بەبێ ئەوەی زەینی بڕوات، چۆنییەتی گەشتکردنەکەی تۆمار بکرێت. هەندێك لەو کامێرا دەشبۆردیانە زیرەکن و تەنیا ئەرکیان تۆمارکردنی ڤیدیۆ نییە بەڵکو یاریدەدەرێکی شۆفێرن و لە کاتی هەڵە و سەرپێچی ئاگاداری دەکەنەوە. بۆ نموونە کامێرای جۆری Nextbase iQ.

کامێرای iQ زیرەکە. لەگەڵ ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێت و سیستەمی 4G هەیە. سیستەمی ناوبراو دوو کامێرای لە پێشەوە هەیە و یەکێك لەو دوو کامێرایە راستەوخۆ بۆ تۆمارکردنی دیمەنی سەر رێگا داندراوە کە کوالیتی 4Kیە. ئەوەی دیکەشیان بۆ چاودێری ژوورەوەی ئۆتۆمبیل بەتایبەتی شۆفێر داندراوە. کامێرایەکی دیکەشی لە پشتەوە هەیە کە بەهۆی وایەرلەیس لەگەڵ ئەو سیستەمە پەیوەند دەدرێت. شاشەیەکی نییە بۆ ئەوەی سەیری فیلمەکان بکەی، بەو مەبەستە شاشەی بۆ دانەنراوە تا



## پێنووسێکی زیرەک لەسەر کاغەزیش دەنووسێت

لە پێشانگای ساڵانەی CESدا، زۆر ئامێری ناوازە و پڕ سوود نمایش کران، یەکێك لەو ئامێرانە پێنووسی زیرەکی MSI Pen ٢ی لاپتۆپی ستایلوس بوو. ئەم پێنووسە جگە لەوەی شاشەیەکی بچووکی هەیە بۆ نیشاندان و زیاتر تایبەت بە لاپتۆپە، بەڵام لەسەر کاغەزێکی ئاسایشی دەنووسێت و دەبێتە قەڵەمێکی ئاسایی. هەرکاتێك چارژ دەکرێتەوە هەتا ٣٢ کاتژمێر دەکرێت سوودی لێوەربگیرێت. کێشی قەڵەمەکە ١٤,٥ گرامە. نووکەکەی لە جۆری گرافیتیە، دەتوانێت لەسەر شاشە و کاغەز بنووسێت. ئەوە زۆر ناوازەیە و وەك رازێك ماوەتەوە چۆن دەبێت قەڵەمێکی نووك تیژ لەسەر شاشە بنووسێت و کێشە بۆ شاشە دروست نەکات.



## تەنیا بۆ تایـ...

ئەگەر بۆ نیوسەدە لەمەوبەر بگەڕێینەوە، لە چاپخانەکان و دەرگای نووسینگە و دایرە حکومییەکان ئامێری تایب کردن (طابعە) هەبوو. ئێستا ئەو ئامێرە بەرەو ئەرشیفی مێژوو رۆیشتووە. کۆمپیوتەر شوێنی ئەو ئامێرەی گرتەوە. هەرچەندە سەرلەنوێ تەنیا بۆ نۆستالۆژیا و رابردوو بیرهێنانەوە، ئەو ئامێرە بەشێوەیەکی دیکە زۆر نموونەی لێ بەرهەم هاتۆتەوە. ئامێری Free-write Traveler

یەکێك لەو نموونانەیە. ئەو ئامێرە لە مۆبایلێك گەورەترە، بەڵام بەقەد لاپتۆپێك نابێت. شێوازی وەك

# ئامێرێک بەرگری لە بەهەدەردانی سەوزە و میوە

سالانە بێ هەژمار تەن میوە و سەوزەجات بەبێ ئەوەی سوودی لێوەربگیرێت، فڕێ دەدرێن. هۆکارەکەی ئەوەیە کە نازانن کەی و چ کاتێك بەسەر دەچن و ماوەی بەسەرچوونیان چەندە؟

مارکۆ سینکێرز، بەڕێوەبەری گشتی و دامەزرێنەری One third دەڵێت: بەراستی ساڵانە ئەو ڕێژە زۆرەی خواردەمەنی لەلایەن وڵاتی سەرمایەدارییە فڕێ دەدرێ، جێگای داخە. ئێمە هەوڵ دەدەین لە ڕێگای تەکنەلۆژیاوە کارێك بکەین، راستەوخۆ کاریگەری هەبێت لەسەر بە فیڕۆدانی خۆراك.

بۆ ئەم مەبەستە ئامێرێك بەناوی One Third بەرهەم هاتووە کە دەتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەر بە فیڕۆدانی خۆراك. ڕێژەی ٤٠٪ خۆراك بەرلەوەی بگەنە چێشتخانەکان فڕێ دەدرێن. لە پێشانگای ساڵانەی CES دا، ئامێری ناوبراو خرایەڕوو کە دەتوانێت بەرگری بکات لە ٢٥٪ خۆراکی بە فیڕۆدراو. ئامێرەکە وا دەکات بە وردی پێشبینی بکات ئەو میوە یا سەوزەیە چ کاتێك بەسەردەچێت و دەبێ فڕێ بدرێت. ئامێرەکە بەهۆی سوودوەرگرتن لە تیشکی سەرووی سوور دەتوانێت تەمەنی سوود لێوەرگرتن لە میوەیەك چەندە.




## ێچییەکان تۆمار دەکا

شۆفێر تووشی سەرلێشێوان و زەین پەرت بوون نەبێت. فیلمەکان راستەوخۆ بۆ بیرگە هەورینە دەنێردرێ.

ئەگەر شۆفێر خێرا بڕوا یان زەینی لەسەر لێخوڕین نەبێت، ئاگاداری دەکاتەوە. ئەگەر تووشی پێکدادان ببێت و شۆفێر نەتوانێ وەڵام بداتەوە، ئەوە راستەوخۆ پەیوەندی بە بنکەی پزیشکی و فریاگوزاری دەکات و زانیاری تەواو بە شوێنی رووداوەکە بەڕێ دەکات و تەنانەت جۆری خوێنی شۆفێرەکەشی رادەگەیەنێت.

شۆفێر تەنیا لە ڕێگای دەنگەوە دەتوانێت پەیوەندی لەگەڵ کامێراکەی هەبێت و بە دەنگ فەرمانی بەسەردا دەکات. لەکاتی راگیرانیشدا سیستەمی Nextbase ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات و چاودێری ئۆتۆمبیل دەکات.



## ب کردن

لاپتۆپ دەچێت. بەڵام شاشەیەکی بچووکی رەش و سپی هەیە و تەنیا بۆ تایب کردن دەگونجێت و تەنانەت هیچ پرۆگرامێکیشی لەسەر نییە. ئەو فایلانەی تایب دەکرێن لەرێگای وای-فایەوە بۆ (بیرگە هەورینە)یەك دەنێردرێن کە پێشووتر هەژماری تایبەتی لەوێدا کراوەتەوە. هەرچەندە کۆمپانیای بەرهەمهێن دەڵێت ئەو ئامێرە تەنیا تایبەتە بە نووسەران و بۆ ئەوەی کە تەنیا زەینیان لەسەر نووسین بێت و لە گەشتوگەڕانیشدا کاری نووسین بکەن، بەڵام لە راستیدا ئامێرەکە سوودێکی ئەوتۆی نییە.

# پەنجەوانەیەک بۆ نابینایان



لـە جیهانـی تەکنەلۆژیـای سـەردەمدا، نابینایـان سـوودێکی زۆریان بینیـوە. بەهـۆی ئامێری تایبـەت و پرۆگرامـی تایبەتـەوە توانـراوە نابیناکانیـش وەك ئەوانـەی دەبینن سـوود لـە تەکنەلۆژی وەربگرن. نابینـاکان بـۆ خوێنـدن و نووسـین فۆنـت و شـێوازی نووسـینی تایبـەت بەخۆیـان هەیە کە بە پەنجـەکان دەخوێندرێنەوە و پێـی دەگورێت خەتـی (برێل) کە بەرجەسـتەیە و بـۆ خوێندنـەوەی دەسـتی بەسـەردا دەهێنرێـت. پەنجەوانەکـەی تایبـەت بـە خوێندنـەوەی خەتی برێل بەرهەم هاتـووە کـە بـە (BrailleWear) ناسـراوە. ئەم پەنجەوانەیە وشەکان بە دەنـگ دەخوێنێتەوە. سـەری پەنجەی گـەورە کامێرایەکی تایبەتی لەسەرە کە خەتەکە شیدەکاتەوە و دەیخوێنێتەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک


**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، چۆن بکەم بەشێك لە پرۆگرامەکانی سەر مۆبایلەکەم بشارمەوە نامەوی خەڵکانی دیکە بیاندۆزنەوە، بەتایبەتی منداڵەکانم؟**

خوێنەری بەڕێز کێشەی بەدەستەوەگرتنی مۆبایل لەلایەن منداڵانەوە لە هەمووماڵێك هەیە، بۆتە دیاردەیەکی باو. لە وەڵامی پرسیارەکەدا دەڵێم بۆ ئەوەی پرۆگرامێك بشاریەوە ئەگەر مۆبایلەکەت سیستەمی ئەندرۆید بێت، پێویستە لەسەر شاشەکە لەو شوێنەی کە سێ خاڵ لەسەریەکن و وشەی searchی لێنووسراوە، لەوێدا بچی بۆ سەر بەشی sitting و لەودا شوێنێك هەیە بەناوی hide apps on home and apps.. ئەو بەشە بکەوە چ پرۆگرامێکت حەز لێیە بشاریەوە کرتەی لەسەر بکە و پاشان دوگمەی done دابگرە. ئیدی ئەو پرۆگرامە لەسەر شاشەی مۆبایلەکەت دەرناکەوێ.

# پرۆگرامێک بۆ سڕینەوەی زانیارییەکان

زۆربەی ئەو پرۆگرامانەی ناساندوومانە، زیاتر بۆ گەڕاندنەوەی زانیارییەکان بووە، بەڵام لێرەدا پرۆگرامێك دەناسێنین تایبەتە بە سڕینەوەی زانیارییەکان. ڕەنگە پرسیارێك بێتە گۆڕێ باشە بۆ بە دیلێت کردن (سڕینەوە) بە دوگمە یا فەرمانی ویندۆز نابێت؟

بەڵێ بە داگرتنی دوگمەی (delete) دەبێت و دەسڕێتەوە، بەڵام بۆ یەکجاری نییە بەهۆی پرۆگرامی تایبەتی گەڕاندنەوەی فایلەکان، جارێکی دیکە فایلە سڕاوەکان دەسڕێنەوە. بەڵام ئەگەر بتهەوێ بۆ هەمیشە زانیارییەکانت بسڕێنەوە پێویستە پرۆگرامێکی تایبەت هەبێ. ئەو سڕینەوەیە بۆ کاتێك گرینگە کە نیازت هەبێ کۆمپیوتەرەکەت ببەخشی یا بیفرۆشی، پرۆگرامی O&O SafeErase لەریزی باشترینەکانە. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە بۆ هەمیشە زانیارییەکان دەسڕێنەوە و ئیدی ناگەڕێنەوە. پرۆگرامەکە تەنیا تایبەت نییە بە زانیاری سەر کۆمپیوتەر، بەڵکو زانیارییەکانی سەر مۆبایل، کامێرا، فلاش میمۆری و میمۆری کارت دەسڕێتەوە.



# تەبلێتێکی بۆ مۆتالاّ و خوێندنەوە

کتێب خوێنەکان، تەبلێت نین! بەو مانایە هەر دەکرێت وەك کتێب خوێن سوودیان لێوەربگیرێ و پرۆگرام ناکەنەوە و ناتوانی سەری ماڵپەڕێکی ئینتەرنێت بدەی و جگە لە پرۆگرامی تایبەت بەخوێندنەوە هیچی تریان لەسەر نییە. بەڵام تەبلێتی جۆری ReMarkable کە بەم دواییە ڤێرژنی دووەمیشی بەرهەمهاتووە هەم تەبلێتە و هەم کتێبخوێن. شاشەکەی لە جۆری e-paper ە واتە لە شێوەی کاغەزی ئەلکترۆنی. قەڵەمێکی لەمسی لەگەڵدایە دەکرێت بەهۆیەوە لە کتێبەکان یادداشت هەڵبگریەوە، یان خۆت یادداشت بنووسی.

شاشەکە قەوارەی ١٠,٣یە. کوالیتی نیشاندانی ١٨٧٢ لە ١٤٠٤ پیکسلدایە. باترییەکەی ٣٠٠٠ میلی ئامپێرە. لەگەڵ سیستەمی وای-فای پەیوەند دەدرێ و شوێنێکی تایبەتی هەیە بۆ داکردن و هەڵگرتنی داتاکان. راستەوخۆ داتای دەستنووس دەکاتەوە بە داتای دەق.






# لاپتۆپە دوو شاشەکان لە پێشانگای CESدا

نزیکەی دە ساڵ لەمەوبەر، کۆمپانیای ئاسۆس یەکەم لاپتۆپی دوو شاشەیی بەناوی Flipbook بەرهەم هێنا. بەڵام لاپتۆپەکان تا ئێستاشی لەگەڵدابێ نەبوونە شتێکی باو. دوای چەند ساڵێك لاپتۆپە دوو شاشەیەکان بوونە جێگای سەرنج. جارێکی دیکەش کۆمپانیای ئاسۆس (asus) هەوڵی بەرهەمهێنانی لاپتۆپی دوو شاشەییدا و ئەمجارەیان پێشوازییەکی گەرمی لێکرا.

کۆمپانیای لینۆڤۆش وەکو کۆمپانیای (ASUS) لەو بوارەدا خۆی تاقیکردەوە و لە پێشانگای ساڵانەی CES2023دا لاپتۆپە دوو شاشەیەکی خۆی بەناوی Yoga book 9i خستەڕوو. یەکەمین زنجیرە لاپتۆپی یوگایە کە شاشەی لەمسی هەبێت.

لاپتۆپەکە شاشەکەی ١٣,٣ ئینجە و لە جۆری OLEDیە. یەکەی لێکدانەوەی نەوەی ١٣ی ئەنتەلی لەسەرە. هەروەها ویندۆز ١١ی بۆ دانراوە.

بەشی خوارەوەی لاپتۆپ واتە شوێنی کیبۆردەکە، شاشەیەکی تەواو لەمسییە. کیبۆردەکەی بە جیا بۆ داندەنرێت. کیبۆرد لەسەر شاشەی خوارەوە دادەنرێت. قەڵەمی لەمسی لەگەڵدایە. داتاگەی (هارد) یەك ترابایتە. باترییەکی بەهێزی لەگەڵدایە و تاکو ١٠ کاتژمێر کارکردن شەحنی بەتەواوی دانابەزێت، ئەگەر تەنیا یەك شاشەش بەکار بهێندرێت هەتا ١٤ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت. سیستەمی وای-فای ٦ و بلوتوسی ٥ی لەسەرە.





## ماڵپەڕێک بۆ دیزاین و نەخشەسازان

ئەگەر شارەزایەکی ئەوتۆت لە بواری نەخشەسازی و گرافیکدا نەبێ، کاتێك بێنەرێکی ریکلام یا برۆشۆرێك دەبینی، وا بیردەکەیەوە کە دەبێت بۆ دیزاینێکی وا چەندە کاتی پێویست بووبێ، بەڵام لە راستیدا گرافیست و نەخشەسازان لە شێوازی ئاسانتر سوود وەردەگرن، بۆ نموونە ماڵپەڕی www.freepik.com لەو ماڵپەڕەدا، بە هەزاران وێنەی جۆراوجۆر بە فۆرماتەکانی PSD و JPG و ڤیکتۆر هەیە، لە هەر بوارێکدا کە مەبەستت بێ، بۆ لۆگۆ، ئایکۆن، بێنەر، برۆشۆر..تاد. زۆربەی خزمەتگوزارییەکانی ماڵپەڕەکە بە خۆڕاییە. هەرچەندە بۆ سوود وەرگرتن لە بەشێکی دەبێ تێچوویەك بدەی. لە ماڵپەڕەکەدا فیلتەری تایبەتی تێدایە بۆ نموونە رەنگی لۆگۆکە چۆن بێ. قەوارەکەی چەند بێ. بێنەر و برۆشۆرەکان چ قەوارەیەك بن.



# ئەتەکێتی نووسین و ناردنی نامە بۆ خانمان

بەشێکی ژیانی ئێستا، بووەتە گرنگیدان بە نامە ناردن و گۆڕینەوە و پەیوەندی کردنی تەلەفۆنی و ئەپەکانی سۆشیاڵ میدیا، هەموو ئەوانە لە ژیانی ڕۆژانەی ئافرەتاندا هەن، بۆیە ئەتەکێت و کارپێکردن بەو جۆرە پەیوەندییە، پێویستی بە ئەتەکێت و لێزانین و مامەڵەکردنی باش هەیە، خانمان هەروەها پێویستیان بە ڕێگەی ناردنی پەیامەکانیانە بۆ کەسانی نزیك و خۆشەویستان و دەستە خوشکەکانیان، پسپۆری ئەتەکێت و شێوە (هند مۆیەد) دەڵێ: نامە گۆڕینەوە لە ئێستادا پێویستییەکی گرنگی ڕۆژانەی خانمانە، بەهۆی ئەوەی ناتوانن هەموو قسەیەك بکەن، یان نهێنییەك شتێك بۆ کەسانی دیکە بنێرن لە شوێنی گشتی و فەرمی و دەوام و زانکۆدا، هەروەها ڕێگەیەکە تاوەکو قسە و باسەکانیان بە کەسانی دیکە بگەیەنن، لێرەدا چەند شێوازێکی مامەڵەکردنی نامە گۆڕینەوە هەن، کە ئەوانەن: دواکەوتنت لە کات پێویستە نامەی لێبووردن بنێرێت، کاتێك دڵت تەنگە بە نامە قسە بکە دڵت ئارام دەبێتەوە، نامەت بۆ هاتووە زیاتر لە کاتژمێریت دوای مەخە و وەڵامی بدەوە، کاتێك کارت بە کەسێکە، بە دەنگی بەرز بانگی مەکە، دەتوانی بە نامەیەك ئاگاداری بکەیتەوە، یان هاوڕێیەکت شوێنی جەستەی دیارە یان هەڵە دەکات، بە نامە پێ بڵێی، کاتێك لەگەڵ کەسانی نزیکی خۆتیت و کەسێك قسەی هەڵە دەکات، بە نامە ئاگاداری بکەرەوە، نابێت نامە بۆ داوەتی فەرمی و بانگهێشتکردن بەکار بهێنرێت، بەڵکو پەیوەندی جوانترە، پرسەنامە بە نامە نابێت، کەسێکی نزیکت پرسەی هەیە، دەتوانی پەیوەندی پێوە بکەیت، لەگەڵ کەسانی نزیکی خۆت، بە دڵی خۆت قسەکانت لە نامەکانت بکە، تەنانەت گاڵەت و قسەی خۆشیش بکە، بەڵام بۆ کەسانی دیکە فەرمی و بە شێوەیەکی ڕێك نامەکە بنووسە و بنێرە، درەنگانی شەو نامە بۆ کەسانی گرنگ مەنێرە، بۆ بەیانی دوای بخە، نهێنییەکانت بە نامە مەنێرە، باسکردنی کەسانی دیکە و هەڕەشە بە نامە هەڵەیەکی گەورەیە.

# هەنگاوەکان بۆ بۆن خۆشکردنی ماڵەکەت بگرەبەر



بۆنخۆشیی ماڵەکەت یەکێکە لە هەنگاوەکانی جوانی و کارامەیت لە گرنگیدان بە دیکۆری ماڵ و کەرەستەکانت، بۆیە پێویستە هەمیشە ماڵێکی بۆنخۆش و قەشەنگت هەبێ، پێگەی (بۆت شۆگەر) بەم ڕێگانە چەندین هەنگاو و ڕێنمایی بۆ بۆنخۆشکردنی ماڵ دەخاتە ڕوو: پێویستە بەیانیان زۆربەی پەنجەرەکانی ماڵ بکەیتەوە، تا هەوای نێو ماڵەکەت بگۆڕێت، بە تایبەت ئەو شوێنانەی کە لێی خەوتوون یان کەرەستە و خواردنی تیادایە، ئەگەر هەستت کرد لە بەشێکی ماڵەکەت بۆنی ناخۆش دروست دەبێت، هەوڵ بدە کەرەستەی لەناوبەری بۆنی ناخۆش دابنێت. پاکوخاوێنیی ماڵەکەت بۆنی ناخۆش ناهێڵێت. ئەگەر بۆت کرا ئامێرێکی هەوا پاککەرەوە لە ماڵەکەت دابنێ.
ئامادەکردنی خواردن و ناندێن، هۆکارێکە بۆ بڵاوبوونەوەی بۆنی ئاگر و ڕۆن و کەرەستەکان، بۆیە کاتێك خواردن ئامادە دەکەیت، دەرگای ژووری چێشت با کراوە بێت، هەروەها ئامێری هەواکێش بە ئیش بخە. هەوڵ بدە گوڵ و گوڵدانی سرووشتی لە ماڵەکەتدا دابنێت، ماوە ماوە تەواوی بەرگی کەرەستەکانی ماڵ بشۆ.



# ڕەنگی قاوەیی و نمرەکانی بۆ جلی کەشی سەرما



تەنکی و پتەوی و ڕەنگی جلەکان بە پێی وەرز و کەشوهەوا پێویست دەبن، ڕەنگ و جۆری جلی هەردوو وەرزی بەهار و هاوین نزیکی یەکترن ئەگەر هەمان جلیش نەبن، زیاتر جلی تەنك و لە ڕەنگە کاڵەکان دەپۆشرێن، بەڵام بۆ کەشی سارد و سەرمای هەردوو وەرزی پاییز و زستان، زیاتر ڕەنگە تۆخەکان و جلی ئەستوور دەپۆشرێت، خانمانیش لەم وەرزەدا لە هەڵبژاردنی ڕەنگەکان نیگەران دەبن و دوودڵیشن لە دیاریکردنی ڕەنگێك بۆ جلەکانی وەرزی سەرما، پسپۆڕانی جلوبەرگ دەڵێن: ئەو ڕەنگانەی کە باون لە وەرزی سەرمادا بریتیین لە: ڕەش، قاوەیی، ڕەساسی، بەهۆی ئەوەی ئەو ڕەنگانە دژە ساردین و گەرمای جەستە دەپارێزن، هەروەها ڕەنگێکی بەهێز و سەرنجڕاکێشە، بە تایبەت بۆ جلی بەشی سەرەوە کە چاکێت و بلووز و قەمیسە، هەروەها بۆ جینز و پانتۆڵ ستریجیش دەبێت، ئەو ڕەنگانەی کە لەگەڵ ڕەنگی قاوەیی شیك و دەگونجێن و نەخشێکی کارامە دروست دەکات، بریتیین لە ڕەش، بێڕگندی یان جەرگی، لەگەڵ ڕەساسی، ئەو شێوازە جلانەی کە لە کەشی سەرمادا دەپۆشرێن، ئەوانەن کە زیاترن لە پارچەیەك، بەم چەشنە بێت، ئەگەر جلی سەرەکیت لە ڕەنگی قاوەیی بێت، با پارچەکانی دیکە لە ڕەساسی و بێڕگندی و ڕەش و سپیش دەکرێت تێکەڵی مۆدەکە بکرێت.

## دلیڤان خان مەیکئەپ ئارتێست:

# لە سەردەمێکداین زۆربەی خانمان حەز بە نەشتەرگەریی جوانکاری دەکەن



**دلیڤان خان، خانمە مەیکئەپ ئەرتێست و ئارایشتکارێکی لووتکە، کارەکانی هەمیشە بووەتە جێگەی خواست و داواکاریی خانمان لە جوانکردن و ئارایشت و ماکیاژکردندا، دلیڤان خاوەنی سالۆنی سەربەخۆی خۆیەتی و ڕۆژانە ئافرەتان بۆ کاری جوانکاری و ڕازاندنەوە سەردانی دەکەن، دەسترەنگینییەکەی بۆتە جێگەی ڕەزامەندی زۆربەی هەوادار وئەوانەی سەردانی دەکەن، چەند پرسێکمان ئاراستە کرد و وەڵامەکانی بەم جۆرە بوون:**

*** کاری ئاریشت و ماکیاژکردن پێویستی بە لێهاتوویی و زانینە یان بڕوانامە و خوێندن؟**

- کاری مەیکئەپ ئەرتێست، هەم لێهاتوویی دەوێ و هەروەها بڕوانامەشی پێویستە، کەسێك بڕوانامەی نەبێت، ناتوانێت ئەو کارە بکات، هەر کەسێك فڵچەی ماکیاژ بگرێت مانای ئەوە نییە ببێتە مەیکئەپ ئارتێست، چونکە لێزانین لەو کارەدا پێویستی بە پسپۆری هەیە کە چۆن بتوانی کاری ڕازاندنەوە بۆ دەموچاوی مرۆڤەکان بکەیت و دەبێ بزانیت چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکەیت، بۆ نموونە کەسێك دەموچاوی باریك بێت، بتوانی دەموچاوی زیاتر گەورە بکەیت، خۆم بڕوانامەم لە وڵاتی لوبنان پێش ١٤ ساڵ بەدەست هێناوە، کە دبلۆمی مەیکئەپم لە سەنتەرێکی جوانکاری هەیە.


*** چەند جۆرە کاری ماکیاژ دەکەیت؟ تەنیا ماکیاژ دەکەین یان ئارایشت و نەشتەرگەریی جوانکارییش؟**

- بۆ ماوەی ١٤ ساڵە کاری ماکیاژ و ئارایشتم لە شوێنی دیکە کردووە و پێشتر سالۆنی خۆم نەبوو، بەڵام ئێستا سالۆنی خۆم هەیە.

*** نەشتەرگەریی جوانکاری تا چەند کاریگەری لەسەر جوانیی ئافرەتان دەبێت؟**

- من تەنیا ماکیاژ دەکەم، چونکە شوێنەکەی من تەنیا سالۆنە، هەر شتێك

# چێشتخانەیەک لە بەرزاییدا



ئەو چێشتخانەیە دەکەوێتە شارۆچکەی (ئەنتۆکیا) لە شاری مادیلین لە وڵاتی کۆلۆمبیا، ئەو شوێنە بەرزە کێشی نزیکەی (١٠) ملیۆن تەن دەبێت، زیاتر لە (٢٠٠) مەتریش بەرزە، توانراوە سوود لەو شوێنە وەربگرن و بکرێت بە چێشتخانەیەك، ئەو جۆرە گردە بە ناوی (گواتاپێ) ناسراوە، بەپێی لێکۆڵینەوەی مێژوونووسان و شارازایانی بواری جیۆلۆجی، ئەو گردە بەردینە زیاتر لە ملیۆن ساڵە هەیە و وەك خۆی ماوەتەوە. لە بەشی دواوەی ئەو گردە بەردە، ڕێڕەوێك دروست کراوە تا خەڵك بتوانن سەر ئەو گردە بکەون، هەروەها لە بەشی سەرەوەی چێشتخانەیەکی گەشتیاری دروست کراوە، هەموو جۆرە خواردنێکی کۆلۆمبی و ئیسپانی لەوێدا بەدی دەکرێت. بەرزیی ئەو بەردە دەگاتە (٢١٣٥) مەتر و ئەو پایانەی بۆی دانراوە تا دەگەیتە سەرەوە (٦٥٩) هەنگاوە.

پەیوەندی هەبێت بە قژ و ماکیاژ و نینۆکەوە و، بووکیش دەڕازێنینەوە، جوانکاریی ئاهەنگی دەرچوون و ساڵڕۆژی لەدایکبوون و خەنەبەندان و زۆربەی بۆنەکان ئێمە کاری ڕازاندنەوە بۆ خانمان دەکەین.

*** داواکاریی خانمان لە ئێستادا بۆ ماکیاژەکان کامەن و کامەیان زیاتر باون؟**

- لە سەردەمێکداین زۆربەی خانمان حەز بە نەشتەرگەری دەکەن و بووەتە ترێنتد و عادەت، کچەکان هەندێك گەورە دەبن کە داوای نەشتەرگەری و برۆ و جوانکاری دەکەن، من لەگەڵ ئەوەم کە کەسێك عەیبێکی هەبێت، چاکی بکات نەوەك لاسایی بکاتەوە، لە دوای ساڵی **٢٠٢٣** زۆربەی خەڵکەکە حەز دەکەن خاوەنی جوانییەکی ئاسایی و سروشتی بن، خودای گەورە چۆن خەلقی کردووی و خۆی نەگۆڕێت.

*** ماکیاژکردنی کچان ئاسانترە یان خانمانی بە تەمەن و، کامەیان زیاتر ناڕازین لە ماکیاژەکانیان؟**

- ئافرەتانی بەتەمەن حەزیان بە ماکیاژی ناسك و سادەیە، بەڵام کۆمەڵێك هەیە حەز بە ماکیاژی تۆخ و پڕ دەکەن، من یەك بە خۆم پێم جوانە ناسك بێت، من ڕۆژانە لەسەر سناپەکانم بە خانمان دەڵێم: ماکیاژەکانتان جوان و ناسك بکەن و سرووشتی و ناسکت بن، نەك قەبەو و گەورەت بکات، هەر خۆشی زیاتریش پیاوان ئەو ئافرەتانەیان لا جوانە کە ماکیاژی ناسك دەکەن.

*** بەشداریی هیچ خول و ڕاهێنانێکی تایبەت بە ئارایشت و ماکیاژت کردووە؟**

- بەشداریم لە زۆر خول کردووە، بۆ ماکیاژ و بۆ ئارایشتگاش، بەتایبەتی لە دەرەوە خولم بینیوە، چونکە زۆربەی ئەو خولانە لە کوردستان نییە، چەند خولی ڕاهێنان بۆ کچە بچووکان و ئەو خانمانەی حەز دەکەن بە جوانی دەربکەون کردوونەتەوە.

*** کەسێکی کارا و چالاکی لە سۆشیامیدیادا، چۆن ئەو بیرۆکەیەت بۆ هات؟**

- من ئافرەتێکم (٤) منداڵم هەیە و کاتێکی تایبەتم بۆ خێزان و کار و هاوسەرم داناوە، کە کارەکەم زۆر سەرقاڵم دەکات، ئەو ناوبانگەی هەمە لە سۆشیاڵ میدیادا بەدەستم هێناوە، هەروەها کارەکانم بوونەتە شاهێدێك بۆ ناوبانگم لە نێو هەواداران و جەماوەرەکەمدا.

*** پرۆژەی داهاتووت چییە بۆ کاری جوانکاری و ماکیاژ و ئارایشت ؟**



- بەردەوام دەبم و لە داهاتوودا زیاتر هاوکاریی زیاتری خەڵك بکەم، ئەو ئافرەتانەی کە ناتوانن بگەنە خەونەکانیان، من لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیا و کاری سالۆنەوە هاوکارییان دەکەم تاوەکو فێری ماکیاژکردن ببن، خەونم ئەوەیە سەنتەرێکی گەورە بکەمەوە و حەزیش دەکەم کارەکانم بگاتە وڵاتانی دەرەوەش، زۆر یارمەتی ئەوانەش دەدەم کە باری داراییان باش نییە، من پێیان دەڵێم نرخێك دابنێ بە پێی توانای خۆت، جگە لەوەش لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیاشەوە یارمەتی ئەوانەم داوە کە ئافرەتانی ماڵن، تاوەکو بتوانن ماکیاژ بکەن کە ناتوانن بگەن بە ئێرە، لە سالۆنەکەشم هەر خزمەتێك بکەم یارمەتی خەڵك دەدەم.



# ئۆتۆمبێلی دار و بار

ئوتۆمبێلی داریش پەیدابوو، کە سەردەمێکی تازەی پێشکەوتنی دروستکردنی ئوتۆمبێلەکانە، ئوتومبێلەکان لە تەنەکە و مس و ئەلەمنیۆم و کاربۆن فایبەر دروست دەکرێن، تا بەهێزترین بەرگری و کێشێکی کەمیان هەبێت، کەچی ئەو هاووڵاتییە چینییە بڕوای بەم ماددانە نییە و بۆ دروستکردنی ئوتۆمبێل داری بەکارهێناوە، (لۆ فۆلۆنگ) دارتاشێکی وڵاتی چینە و تەمەنی (٤٩) ساڵە، پێی وایە دار هاوشێوەی ماددەکانی دیکەی کەرەستە دروستکردن، بەرگەی پاڵەپەستۆ دەگرێت و توانایەکی باشی هەیە، هەربۆیە ئەویش ئوتۆمبێلێکی لە دار دروست کردووە. ماوەی (٣) مانگ خەریك بوون لە دروستکردنی ئوتۆمبێلە دارەکەی، ئێستا کارەکەی تەواو بووە، ئوتۆمبێلە دارەکە لە شێوەی ئوتۆمبێلی (ڕۆلز ڕۆیس)ی مۆدێل (١٩٢٥)ە، درێژییەکەی (٢,٥) مەتر و پانیشی (١) مەتر و (٣٠) سەنتیمەتر درێژە.



# مۆدی سێلفی لەگەڵ چێڵەکان




سێلفیگرتن جۆرە خوویەکی وێنەگرتنە و خەڵك تەنیا وێنە دەگرێت، کەچی ئەو حاڵەتە بووەتە نەریتێکی سەیر لە وڵاتی هیندستان، بەهۆی ئەوەی دانیشتووانی شاری (کالکتا)ی هیندستان، گرنگیی زۆر بە چێڵ و مانگا دەدەن، تەنانەت هەندێکیان چێڵ و مانگا دەپەرستن، ڕێکخراوێکی ئەو شارەش بۆ زیاتر گرنگیدان بە چێڵ و مانگا، سەیرترین پێشبڕکێی وێنەگرتنیان کردووەتەوە، لە پێشبڕکێیەکەدا هاتووە، ئەوەی جوانترین وێنەی سێلفی لەگەڵ چێڵ و مانگاکان بگرێت، لەلایەن ڕێکخراوەکەوە خەڵاتێکی بەنرخی بۆ دانراوە کە (٥٠٠٠) هەزار دۆلارە. یەکێك لە ئەندامانی ڕێکخراوەکە باسی ئەو پرۆژەیەی کردووە کە مەبەست لەو پێشبڕکێیە داکۆکیکردنە لە گیانداران بە گشتی و چێڵ و مانگا بە تایبەتی، هەموو شار و وڵاتێك دەتوانن پێشبڕکێی لەم جۆرە ئەنجام بدەن، تا گیانداران لە هێرش و توندڕەوییی مرۆڤ بپارێزن و بەدووریان بخەن.

## یاسا




**ناوزڕاندن (تشهير)**

قسە و باسی ناو خەڵك زۆر جار وا دەکات ببێتە هۆی ناوزڕاندنی کەسێك، کە ئەمەش نە لە شەرع نە لە یاسا ڕێگەی پێ نەدراوە، کە باسی کەسێك بکرێت و ڕووداوێك یان حاڵەتێکی بخەنە پاڵ بە ئاشکرا، مەرج نییە ئەو ڕووداوەی باس دەکرێت ڕاستی بێت، بەڵکو دەکرێ دروستکراویش بێت، بەڵام هەر کەسێك ببێتە هۆی ناوزڕاندنی کەسێك سزا دەدرێت بە حەپسکردن، یان غەرامە کردن بە پێی مادە (٤٣٣) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ ی ساڵی ١٩٦٩، سزاکە بە پێی حاڵەتی تاوانەکە دەگۆڕێت.



## کاریکاتێر

باس لە زەماوەند و ئاهەنگ و هاوسەرگیریی ئێستا دەکات، کە ئەوانەی تازە دەچنە ناو ئەو پرۆسەیەوە، لە پشت ئەوان شەڕ و لێکدان و کێشە و گرفتەکان بە چاوی ڕوونەوە دیارن.




## کتێب

**سەردەمی (خراپەکاری) -** Age of Vice
یەکێکە لە ڕۆمانە بە جۆشەکانی خانمە نووسەری هیندستانی (دیپیتی کاپوور) کە لە ساڵی ١٩٨٣ لە شاری مۆراداباده لە هیندستان لەدایکبووە، هەروەها خاوەنی کتێبی A bad character، باس لە ڕۆڵی گرنگی پارە و دەسەڵات لە سەردەمی ئێستا دەکات، نرخی کتێبەکە (٢٠) دۆلارە لە ئەمازۆرن، لە مانگی یەکی ئەمساڵدا بڵاو دەبێتەوە، بەهۆی ئەوەی کتێبەکە دەربارەی پارە و ژیانی خەڵکە، جەماوەر و خوێنەرێکی زۆری هەبووە و داوای زۆری لەسەرە، کە نووسەر ئاماژە بە ڕەوشی ژیانی خەڵك و سامان و هێز دەکات لە شێوەی ڕۆمانێك.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

بەهۆی هەوڵ و ماندوبونتەوە لە ڕێگەی سەرخستنی کارەکانتەوە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە ستایش دەکرێیت، هەندێك گۆڕانکاری لە ڕەفتاری خۆشەویستەکەتدا دەبێتە هۆی دوورخستنەوەت، بەڵام باشتر بیربکەیتەوە و بەبێ بەرنامە هەنگاو نەنێیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

پێویستە خێراتر چارەسەری ئەو کێشانە بکەیت کە ئەم هەفتەیە ڕووبەڕووت بووەتەوە، کەسێکی زۆر بە سۆز و میهرەبانیت، بەڵام هەوڵ مەدە خۆشەویستەکەت ئەم سرووشتەت بقۆزێتەوە بۆ ئامانجەکانی خۆی، پارێزگاری لە تەندروستیت بکە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

پێویستت بەهەندێك هاوکاری گرنگ هەیە بۆ ئەوەی لەم قۆناغە تێپەڕ بیت و کارەکانت ئاسان بێت، هەوڵ بدە پرس بە کەسانی شارەزا بکەیت، سوود وەربگرە لە مەرجەکانی خۆشەویستەکەت، دەنا پەیوەندیتان باش نابێت، لە ڕێگەی کەسانی شارەزاوە سیستیمی خۆراکیت ڕێك بخە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

هەلێکی زۆر لەبەردەمتدا هەیە، بەڵام هەوڵ بدە باشترین هەڵبژێرە، ڕەنگە هەندێك بابەتی زۆر هەستیار لە نێوانی خۆت و خۆشەویستەکەتدا ڕوو بدات، کە ڕەنگە لە پێناو قوڵترکردنەوەی پەیوەندیتان بێت، پێویستت بە خەوی زیاترە تا پشوو بدەیت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

مێشك و بیرت سەرقاڵە بە کارەوە و ئارەزوو و خواستی زۆرت هەیە، بەڵام هەوڵ بدە پشوو بدە و هێمن بیر بکەرەوە، هێندە پەستان مەخەرە سەر خۆشەویستەکەت، چونکە بەقۆناغێکی هەستیار و قورسدا تێدەپەڕێت و دەبێت ئاگاداری بیت، ڕۆژانە ژەمی خواردنەکانت بەباشی بخۆ.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لە ڕووی پیشەییەوە هەنگاوی گرنگ و سەرکەوتوو دەنێیت بەهۆی تواناکانی خۆتەوە، خۆشەویستەکەت هەمیشە هاوبەشی کارەکانتە و دەیەوێت پەیوەندیتان باشتر بکات، ئەگەر تەندروستیت ناجێگیرە، ڕاوێژ بە پزیشك بکە پێش خواردنی دەرمان.


بۆ زانیاریت

# جووبای نیشانەشکێن



شەڕی فەلوجە، ئەو شەڕەی کە ئەمریکا تیایدا بە باجێکی زۆر قورس و سەختەوە تیایدا سەرکەوت و دەربازی بوو، ئەو شەڕەی کە تیایدا (١٢٢٨) سەربازی ئەمریکی کوژرا، ٧هەزار سەربازی تریشی لێ بریندار بوو، جگە لە تێکشکانی (١٥) تانك، (٢٥)زرێپۆش، (٥٠) هەمەریشیان تێك شکێندرا، کە سەربازە ئەمریکیەکان نەیاندەتوانی تەنیا (٥)دەقیقەش بە ئاشکرا بێنە دەرەوە لە حەشارگەکانیان، لەم شەڕەدا جوبای نیشانەشکێن قەناس، نزیکەی (٦٦٠)سەربازی ئەمریکیی کوشتووە، بەڵام کە ئەمریکا تیمێکی تایبەتی دروست کرد بۆ ئەم کارە، کە پێك دەهات لە (١٥٠) سەربازی مارێنز لەگەڵ دوو قەناس بەدەستی شارەزای ئەمریکی، زۆری نەبرد هەموویان بەدەستی جوبا کوژران و، تەنانەت یەکێك لە قەناس بەدەستە شارەزاییە ئەمریکییەکەی کوشت کە لەگەڵ ئەم هێزەدا بوون، ئیتر بەرێژەی (٩٠٪)هەمووی دڵنیا بووەوە کە ئەمریکا بۆ یەکەمین جار چەکی قەدەغەکراوی بەکارهێنا لە دوای جەنگی ساردەوە، هەتاوەکو ئێستاش بە شەڕی فەلوجە دەگوترێت شکستە گەورەکەی ئەمریکا.

## فیلم




### کورتەباڵا- Troll

فیلمێکی مێژووی و سەرکێشییە، باس لە زیندووبوونەوەی زیندەوەرێك دەکات لە چیای دۆڤری لە وڵاتی نەرویج، دوای ئەوەی کە هەزاران ساڵ لە بێهۆشیدا بووە، کە دەبێتە کێشە بۆ دەوروبەر و ناوچەکە، هەرچیەك بێتە بەردەمی تەفر و تونای دەکات، دواتر گرووپێك پێك دەهێنن تاوەکو وەستانێك بەو کارە تێکدەرانەی زیندەوەرە کورتەباڵاکە بکەن، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٤١ خولەکە، لە دەرهێنالنی ڕۆار ئوتاوگ، لە نووسینی جالۆ فەیبەر و لە بەرهەمهێنانی کۆمپانیای نێت فلیکسە، ئەکتەرەکان: ئان ماری ویڵمان، مادس سجاگارد، بیللی کامبڵ، دینس ستۆرهای، ئەنیکی ڤۆن دێر.



## پەند و وتە

میگنۆن ماکلۆلین، خانمە ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی لە ساڵی ١٩١٣ لە شاری بالتیمۆر لە ماریلاند لە ئەمریکا لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٨٣ لە فلۆریدا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی داهاتوو و خواستەکان دەڵێت: ئەو شتەی کە لە داهاتوودا پێی دەگەیت و بەسەریدا زاڵ دەبیت، ئەو باج و نرخەی داوتە، تاوەکو بەو ئاوات و خواستانە بگەیت کە دەتویست و بۆت نەبوون.



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا کەسێك دیارە کە کۆمەڵە وێنەیەك لە بەردەمی دەرکەوتووە و تەنیا قاچ و دەستی دیارە، هەوڵ بدە بزانیت وێنەکە چۆن گیراوە و چۆن بەم چەشنە دەرکەوتووە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

داواکردنی هاوکاری لە هاوپیشەکانت گرنگە ئەگەر دەتەوێت بگەیت بە ئامانجەکانت و پێویست بە ڕەتکردنەوە ناکات، زۆر پێویستت بە پشتیوانیی خۆشەویستەکەت هەیە، هەربۆیە هەوڵ بدە ڕاستگۆ و ئاشکرا مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، خۆت بەدوور بگرە لە خواردنی شەکر و چەوری.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

هەوڵ بدە پارێزگاری لە پەیوەندییەکانت بکەیت لەگەڵ هاوڕێ و هاوکارەکانت، بۆ ئەوەی تووشی گرفت نەبیت لە کارەکانتدا و هەمو شتێك ئاسایی بێت، زۆر ئارەزووی سوپرایزی خۆش دەکەیت، هەربۆیە ڕەنگە خۆشەویستەکەت لە شوێنێکی خۆش سوپرایزت بۆ بکات.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ڕێککەوتن و بەستنی پەیوەندی لە کارەکەتدا دەبێتە هۆی ئاسوودەکردن و ئاسانکردنی کارەکانت و گونجاندن لەگەڵ هاوپیشەکانت، سەرنجی هەمووان ڕادەکێشیت و کەسی گونجاو دەدۆزیتەوە بۆ ژیانت، هەوڵ بدە هەندێك ڕاهێنانی وەرزشی بکەیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


هەمو ئەو پلانەی بۆ کارەکەت دات ناوە باشە و خێری لە دوا دەبێت بۆ ئەوەی هەندێك ئامانجی گرنگ بەدی بهێنێت، هەنگاوی نوێ دەنێن لەگەڵ خۆشەویستەکەت و پەیوەندیتان زیاتر جێگیر دەبێت و سەرکەوتو دەبن، هەوڵ بدە پارێزگاری لە ڕێکیی لەشولارت بکە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

کێشەکانی کارەکەت زۆرە و ناتوانیت هەموی بەئاسانی چارەسەربکەیت لە یەك کاتدا، هەوڵ بدە لەو چوارچێوەیەدا کەمێك لۆژیکی بیت، خۆشەویستیی خۆت بۆ خۆشەویستەکەت دەربڕە لە ڕێگەی ئەو شتانەی پێشکەشی دەکەیت، هەوڵ بدە بچۆرە دەرەوە یان ڕاهێنان بکە لە ناو سرووشتدا.


### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

لە پاش دروستبوونی هەمو ئەو کێشانەی توشی بویت لە کارە کۆنەکەت، ئەمڕۆ گونجاوە بۆ گەڕان بەدوای کاری نوێدا و دەتوانیت هەنگاوی نوێ بنێیت، کاتێك هەست بە توڕەیی زۆر دەکەیت هەوڵ بدە بێدەنگ بیت، هێندە گفتوگۆ لەگەڵ خۆشەویستەکەت مەکە و بە ئاشکرا و ڕونیش بدوێ.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone





## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا
## بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و
## (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە
## دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Weekly Gulan
February 6, 2023 Issue,No.1352


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626